بەرەو ئیسلام

-9 -

# بانگخوازیی

ئەندازیار عوسمان

1429ك –2008ز

بانگخوازیی

* ناوی پەڕاو : بانگخوازیی

* ناوی زنجیرە : بەرەو ئیسلام - نۆیەم

* نووسەر : عوسمان محمد ڕەشید

* تایپ:

* دیزاینی بەرگ : ئومێد محمد قەرەداغی

* تیراژ : 2000 دانە

* ژمارەی سپاردن : ساڵی 2007 ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

* چاپی: یەکەم

مافی لەچاپدانەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی راگەیاندی ئارا

Ara.m@hotmail.com

532134669. - 73.1.69589. – ..77.35871.

## پێشەکی

سوپاس وستایش بۆخوای پەروەردگارو درووود و سەلامیش لەسەرگیانی سەرداری پێغەمبەران و یارو یاوەران.

ئازیزان ودۆستانیزنجیرەی بەرەو ئیسلام، وا لەم بەرگی نۆیەمەدا بە ئێوەی بەڕێز دەگەینەوە بۆ کۆمەڵێك باس و خواسی ئیمانی و ئیعجازی نوێی قورئان و سوننەت و موسڵمانبوونی بەردەوامی خەڵکی لەهەموو لایەکی دنیاوە کە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پاشەڕۆژ بۆ ئیسلامە ..

لە ڕاپۆرتێکی پێگەی( سی ان ان )دا هاتووە کە لە دوانزە ساڵدا 1200 مزگەوت لە ئەمریکادا دروست کراوە،واتە ساڵی سەد مزگەوت، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی ئەمریکیەکانەوەیە کە موسڵمان دەبن کە سالآنە زیاترە لە بیست هەزارکەس.

لێکۆڵەران دەڵێن : ئەوانەی موسڵمان دەبن دەبنە بانگخوازو باوك و دایك وژن ومناڵ و خوشك و براو هاوەڵیان بانگ دەکەن بۆ ئیسلام،ئەمە بێجگە لەوەی کەوازدەهێنن لە مەی و هەموو ئەو شتانەی کە خوویان پێوەگرتووەو هەموو هەم و غەمیان دەبێت بەوەی کە خوا لە خۆیان ڕازی بکەن .

ئیسلام ئاینی فیترەتە بۆیە ئاوا لە هەموو لایەکەوە خەڵکی دەستە دەستە دێن بەرەو لای ، قورئان دەفەرموێت : ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾الروم30 یەکێ لەوانەی موسڵمان بووە دەڵێت: من کەموسڵمانبووم وا هەست ناکەم لە ئاینێکەوە چووبم بەرەو ئاینێکی تر ، بەڵکو

بانگخوازیی

هەست دەکەم هاتووم بەرەو ئاینێکی ئاسایی کەبۆ مرڤایەتی هاتووەو گرنگی تەواو ئەدات بە جەستەوگیان .

لێکۆڵەری ئافرەتی بیانی (کارین ڤین نیوکیرك )لە پەڕاوە تازەکەیدا (ئافرەتان موسڵمان دەبن ) دەڵێت:( ئافرەتان زیاتر دێن بەرەو ئیسلام لەبەرئەوەی دادپەروەریو ڕێزوکەرامەتی تیادەبینن).

قوتابیەکی زانکۆ لە بەریتانیا دیراسەی ئیسلامی کردو ویستی موسڵمان ببێت، هاوەڵێکی زۆر هەوڵی دا پەشیمانی بکاتەوە وداوای لێکرد کە مانگێك مۆڵەتی بدات تا دیراسەی ئیسلام بکاو هەموناتەواوی و کەم وکوڕیەکانی بخاتە بەردەم کەگوایە ئاینێکی ئیرهاب وتۆقێنەرە ..ئنجابەگەرمی کەوتە خوێندنەوەو دیراسەکردن سا بەڵکو ناتەواوی بدۆزێتەوە، جا نەك هەر هیچی نەدۆزیەوە، بەڵکوموسڵمانیش بوو،هاتەوە لای هاوەڵەکەی و وتی :من ویستم لە ئیسلامت دووربخەمەوەکەچی بۆم دەرکەوت کە ئیسلام ئەوە نیە کە لەڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاوادا باسدەکرێت و بۆم دەرکەوت کە ئیسلام ئاینێکی هەقەو لە خواوە هاتووە بۆ مرۆڤایەتی و، وا پێش تۆ موسڵمان بووم.

### سکرتێری تایبەتی پاپا وریایی دەدات لە موسڵمانبوونی ڕۆژئاوا

جۆرج جاینزفاین سکرتێری تایبەتی پاپا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری (دۆیچە سایتۆنگ)ی ئەڵمانی دا وتی:

(نابێت لە هەوڵی بە ئیسلام کردنی ڕۆژئاوا بێ ئاگا بین و، ڕۆژئاوای وریا کردەوە پشتگوێ خستن و گوێ نەدان بە هێنانە ناوەوەی تەعالیم و بەها ئیسلامیەکان بۆ ڕۆژئاوا کە بە پێی گومانی ئەو دەکرێت هەڕەشەیەك لەسەر ناسنامەی ڕۆژئاوا دروست بکات).

هەروەها جاینزفاین بەرگری لە قسەکەی ساڵی ڕابردووی پاپا کرد کە باسی لەوە کردبوو گوایە ئیسلام بە توندوتیژی بڵاوبۆتەوە، ئەو قسانەی کە شەپۆلێکی توندی نارەزایی لە جیهانی ئیسلامدا خولقاند.

ساڵی ڕابردوو پاپای ڤاتیکان بەندێکتی شازدەیەم لە وتارێکدا لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەڵمانیا وتی: ئیسلام ئایینی توندوتیژی یە و بە زەبری شمشێر بڵاوبۆتەوە، ئەمەبێجگە لەوەی قسەی نەشیاو و بێجێی بەرامبەر بە پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ)کرد.

لە لایەکی تریشەوە ئەسقەفی شاری کوێڵنی ئەڵمانیا یواکیم مینسەر لە چاوپێکەوتنێکدا کە لەم دواییانەدا بڵاوکرایەوە وتبووی: (کۆچکردنی موسڵمانان کەلێنێکی لە ڕۆشنبیری ئەڵمانی و ئەوروپیماندا دروستکردووە).

ئەم قسە و ڕووداوانە میسداقیەتی ئازادی بڵاوبوونەوەی بیروڕا لە ئەوروپا لە داهاتوودا دەخەنە ژێر پرسیار.

## ئیسلام خێراترین ئایینە لە بڵاوبوونەوەدا

(کۆندا لیزا ڕایس) ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی (الحرة) وتی:( ئیسلام لە خێراترینی ئەو ئایینانە دەژمێردرێت کە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بڵاودەبێتەوە) وە وەسفی ئیسلامی کرد بەوەی: ( بەشێکە لە نەسیجی ڕۆشنبیری ئەمریکی).

لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانان دەژین و چەندین ڕێکخراوو دامەزراوەیان هەیە، کە بە پێی سەرژمێری حکومەت لە (3٪) ی ڕێژەی دانیشتووانی ئەو ولاتە پێك دێنن واتە (6) بۆ (7) ملیۆن کەس دەبن. بەڵام ڕێکخراوە ئیسلامییەکان دەڵێن ژمارەی موسڵمانان دەگاتە 10ملیۆن کەس. دوای ڕووداوی سێپتەمبەری (2001) موسڵمانانی ئەو



ولاتە تووشی زۆرێك تەنگوچەڵەمەو جیاکاری هاتوون لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس و حکومەتی ئەو ولاتە.

## موسڵمانبوونی دوو سەرباز

هاوکات لەگەڵ لێدوانەکەی ڕایسدا ڕۆژنامەیەکی ئەفغانی لە (2007/7/26) ڕایگەیاند کە دوو سەربازی ئەمریکی بوونەتە موسڵمان و ژنیان لە ئەفغانستان هێناوە.

کەسانێکی زۆر لە ڕۆژئاواییەکان کاتێك سەردانی ئەفغانستان دەکەن، موسڵمان دەبن. بەڵام ئەمە یەکەم جارە کە سەربازی ئەمریکی ئیسلامەتی خۆیان ئاشکرا بکەن.

شایەنی باسە کە ساڵی پاریش لە کوردستان (37) سەربازی کۆریای باشوور لە شاری هەولێر ئیسلامەتی خۆیان ئاشکرا کرد و بوونە موسڵمان.

لە (ئیسلام ئۆن لاین)ەوە.

## ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام

دوژمنان بۆ ئەوەی ڕێ لەم بڵاوبوونەوەیە بگرن،هەموو هەوڵێکیان خستۆتە گەڕ، بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنێکی سەرۆکی ئەمریکی لەگەڵ کەسایەتی مافناسی میسری ( هیشام قاسم ) کە جائیزەی ئەمریکای درایە لە بواری مافی مرۆڤدا لە کۆشکی سپی، سەرۆك بۆش پێی وت: (ئیخوان مسلمون ) بەتواناترین هێزی سیاسین لە میسردا لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتیەی کەدەکرێن، باری ئابووری و گەندەڵی حکومەت وادەکات کە خەڵکی لە هەڵبژاردندا دەنگیان پێبدەن، بۆیە ئەمریکا ساڵی دوو ملیار دۆلار ئەدات وەك یارمەتی بە ولاتی میسر بۆ ئەوەی ڕێ بگرێت لە هاتنە پێشەوەی ئیسلامیەکان

ونەیەڵێت دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێت (المجتمع ژ1774 لە 2007/10/27 ).

جێگری ڕابەری گشتی برایانی موسڵمان دەڵێت : حکومەتی میسری ڕێی بە بیست کاندیدکراوی ئێمە داوە لە بەرامبەر پەنجاو دوو هەزار کاندیدکراوی خۆی بۆ هەڵبژاردن(ڕۆژنامەی حیاة ی لەندەنی2008/3/21).

لەناو میسریشدا هەوڵەکان بەردەوامن بۆ هەمان مەبەست، بۆ نموونە ملیاردێری قیبتی میسری (نجيب ساويرس)کەخاوەنی (10)ملیار دۆلارەودەوڵەمەندترین کەسی میسرەو خاوەنیکەناڵی (ئۆ تی ڤی )یە، نارەحەتی خۆی دەردەبڕێت لە دیاردەی بڵاوبونەوەی باڵاپۆشی لە میسرداودەیەوێت لە ساڵی 2008 دا دوو کەناڵی فەزایی تر دابمەزرێنێت یەکێکیان بۆ هەواڵ و ئەوی تریشیان بۆ فیلم، سابەڵکو بتوانێ ڕێ لە باڵاپۆشی بگرێت .(المجتمع)

لەزۆر لاشەوە دەیانەوێت کە ئەمریکا زیاتر هان بدەن لەسەر ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام ، بۆ نموونە نووسەری ئەمریکی (مارك ستاين ) لە پەڕاوەکەیدا (نهاية العالم كما نعرفها) دەڵێت : (داهاتوو یۆ ئەوانەیە کە وەچەی زۆریان دەبێت و متمانەیان بە خۆیانە، ئەم دوو سیفەتەش لە موسڵماناندا هەیە ، لەبەرئەوەی کە ڕۆژئاوا ئەو دووسیفەتەی تیانییە سەرەنجامیان نەمانە .

هەروەها داوا لە ئەمریکا دەکات فریای خۆی بکەوێت ئەگینا لەدەنگی بانگیبڵندگۆی مزگەوتەکانی ئەمریکا خەبەریان دەبێتەوە و،ئەگەر ئەورووپاش یەکنەگرێ بۆ دژایەتی ئیسلام ئەوە بەتەنها ئەمریکا دەمێنێتەوە بۆ ئەو



ڕێگرتنە ).شایانی باسە (محافظ)ەکانی ئەمریکا داوا لە ئەندامەکانیان دەکەن کەهەموو ئەو پەڕاوە بکڕن و بیخوێننەوە .(المجتمع ژ1784 /2008/1/12).

هەواڵەکان هەموو جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کەئیسلام بە خێرایی بڵاودەبێتەوە بۆنموونە :

1-وەزارەتی دادی بولغاری بەنیازە مزگەوت لە چەند بەندیخانەیەکیدا دروست بکات بۆ ئەو بەندکراوانەی کەلە بەندیخانەدا موسڵمان دەبن و، هەڵسوکەوتیان دەگۆڕدرێت ولێیان ڕازین. (المجتمع ژ1786 ژ2008/1/26) .

2-وەزارەتی بەرگری نەمساوی بڕیاری دا کە دوو ئیمام دابمەزرێنێ لە سوپاکەیدا بۆ ئەو سەربازە موسڵمانانەی کە لە سوپاکەیدان، کەژمارەیان زیاترە لەهەزارکەس .

شایانی باسە موسڵمانان لە نەمسادا نزیکەی 400 هەزار کەس دەبن و 5٪ی کۆی دانیشتوانی نەمسان و هەموو کۆبونەتەوە لەژێر ئاڵای ڕێکخراوێکی ئیسلامیدا کە پرۆفیسۆر ئەنەس شەقفە ڕابەرایەتیان دەکات .(المجتمع ژ 1785 لە 2008/1/19).

3- مۆرۆ بیرگر دەڵێت:بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە ئاسانی و بە خێرایی لە ئەفریقادا تۆقانوینی !!(ملتقى المهندسين العرب-اعداء الاسلام فى لحظات الصدق ).( یارەبی بتۆقن )!

4- ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی وك سمیث دەڵێت:ئەگەر موسڵمانان ئازادیان بدرێتێ ونیزامی دیموکراتی حوکمیان بکات ئەوا ئیسلام سەردەکەوێت لە وڵاتەکانیاندا، تەنها بە دیکتاتۆریەت دەتوانرێت گەلانی موسڵمان لە ئاینەکەیان دووربخرێنەوە . هەمان سەرچاوە .

ئەمەشە وایکردووە گەندەڵترین و بوودەڵەترین حکومات هەبیٚ لە وڵاتە ئیسلامیەکانداوغەربیش پشتگیریان بکات، دیارە ئەمەش قۆناغێکەو تا سەر ئاوا بۆیان نالوێت، وا ئێستا کۆمەڵێك کەسىژیر داوا لە غەرب دەکەن کە ئیتر پاڵپشتی ئەو گەندەڵچیانە نەکەن و مامەڵە لەگەڵ ئیسلامیەکاندا بکەن کە جەماوەر ئەوانیان دەوێت .

5- سەرۆکی مەجمەعی (قدیس اثناسیوس ) ماکس میشیل داوای لە هەموو مەسیحیەکانی جیهان کرد کە هاوکاریان بکەن بۆ ڕاگرتنی چوونی قیبتیەکان بەرەو ئیسلام لەمیسرداو وتی : ئەگەر بەو ڕێژەیە قیبتیەکان بچن بەرەو ئیسلام مەسیحىیەك لەڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاست دا نامێنێت .(سایتی طریق الایمان ).

6-لە ساڵی 1968 دا یەکەم مزگەوت لە بەلجیکا دروستکراو ئێستا ژمارەی مزگەوتەکان گەیشتۆتە 380 مزگەوت و ژمارەی موسڵمانان 450هەزارکەس دەبیٚ لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوان هەمووی دە ملیۆن کەسە .

خەبیری بەلجیکی ئولیفی سرفی لە ڕۆژنامەی (لیبر بلجیك) لە13-3-2008دا دەڵێت:( ئەگەر کۆچکردن ئاوا بەردەوام بێت بۆ بەلجیکا ئەوا لە 2028 دا موسڵمانان دەبنە زۆرینەی برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا).

ڕێکخراوی ڕاگرتنی بلاٌوبوونەوەی ئیسلام ویستی خۆپیشاندانێك بکات دژی موسڵمانان ، عومدەی برۆکسل ڕێی پێنەدان .ئیسلام ئۆن لاین.

7-وڵاتی سعودیە هاوکاری موسڵمانانی کۆریای باشووری کرد کە یەکێتی موسڵمانانی کۆریای باشوور دابمەزرێنن و بەردی بناغەی یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی ئیسلامی دابنێن .(سایتىیەکگرتوو )



8-بان کیمۆن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ڕێگری کرد لە دژایەتی کردنی ئیسلام و وتی: زۆر لە موسڵمانانیش قوربانی دەستی تیرۆرن . هەمان سەرچاوە .

9-بەیارمەتی کۆمەڵەی بانگەوازی جیهانی لە شاری کیجالی پایتەختی ڕوەندا لە مانگی ئازاری2008 دا یەکەم ڕادیۆی ئیسلامی دامەزرا. . هەمان سەرچاوە .

## موعجیزەی قورئا ن

1-﴿وَقَالُواْ لَوْلاَ نُزِّلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ قُلْ إِنَّ اللّهَ قَادِرٌ عَلَى أَن يُنَزِّلٍ آيَةً وَلَـكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي الكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴾الأنعام38

کافرەکان داوای موعجیزەو بەڵگەو نیشانەیان دەکرد، خوای گەورەش (هەرچەند دەتوانێت هەر موعجیزەیەکی بوێت بینێرێت) سەرنجیان ڕادەکێشێت بۆ ئەوهەموو ئایەت وبەڵگەو نیشانە زۆرانەی دەوروبەریان، بەتایبەت گیانلەبەران، کەهەرچەند زانست پێش بکەوێت و دیراسات بکرێت زیاتر ڕاستێتی ئەم ئاماژە قورئانیەمان بۆ دەردەکەوێت،کە گیانەوەران وباڵندەکانیش وەك مرۆڤ ئوممەتن ونیزام و بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە ، بۆ نموونە:

أ-گراهام کوری دووساڵ دیراسەی هاتوچۆوی مێرووڵەی کردو بۆی دەرکەوت کەڕێگایەکی خێرا هەیە ئەو مێرووڵانەی پیادەڕۆن کە کاریان ڕیکخستنی هاتوچۆیەو، ڕێگایەکی تریش هەیە کە ئەو مێرووڵانەی پیادەڕۆن کەباریان پێیە، لەم لاو ئەو لاشەوە ڕێگای تر دیاری دەکەن بۆ هاتوچۆی ئەو مێرووڵانەی کەباریان پیٚ نییە .

زانایەکیش دیراسەی مێروولەی کرد بۆی دەرکەوت کە ئیش دابەش دەکەن وهەندێکیان خەریکی پاسەوانی و هەندێکیان خەریکی بەخێوکردنی بێچووەکان و هەندێکیشیان خەریکی پەیداکردنی خۆراکن و...هتد ، ئەو زانایەش هەر کۆمەڵەو ڕەنگێکی تایبەتیکردن ، پاش دوو هەفتەیەك بینی کارەکان لە نێوان خۆیاندا دەگۆڕنەوە تاهەمووان لە هەموو بوارێکدا شارەزابن .

هەروەها قورئان لەبارەی خانوو مەسکەنی مێروولەوە کەزۆر وردەکاری ئەندازیاری تیایەو حسابی هەوا گۆڕکێ و حسابی زستان و هاوینی تیا دەکات دەفەرموێت: ﴿حَتَّى إِذَا أَتَوْا عَلَى وَادِ النَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ النمل: 18 (مساكنكم ) نافەرموێت (كهوفكم)و(أوكاركم)،چونکە وشەی (مساكنكم ) پڕ بە پێستێتی و بەڕاستی مەسکەنە، زانایانیش جەخت دەکەنە سەر بلیمەتی و وەستایی مێروولە لە بواری بیناکردندا کەسەد قات زیاترە لە تواناکانی مرۆڤ بەبەراوردکردنی قەبارەی مێروولەو مرۆڤ و دەڵێن(إن المهارات التي يتمتع بها النمل من حيث بناء وهندسة البيوت تجعله يتفوق على الإنسان،قياساً لحجم النملة،فإن النملة أقوى من الإنسان بمئة مرة على الأقل).

دکتۆرBill Hughes لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش بە ئەکادیمیای نیشتمانی بۆ زانست کردکە تیایدا پاش لێکۆڵینەوەی زۆر بۆی دەرکەوت کە هەندێ مێروولەش وەك مرۆڤ فڕوفێڵ وحەسەدیان هەیەو شەڕدەکەن لەسەر رزق و ڕۆزی .



جا ئایا ئەمە تەسدیقی قورئانە یان نا ؟؟ کەسێك چواردە سەدە لەمەوبەر لە کوێ ئەم ڕاستیەی زانی کە ئەوەتا پاش هەوڵ و کۆششی زۆری دەیەها زانا و پاش خەرج کردنی پارەیەکی زۆر ئنجا ئاشکرا دەبێت کە ئەوانیش ئوممەتن وەك مرۆڤ .(پێگەی عبدالدائم كحيل – عجائب الحشرات).

ب–خوای پەروەردگار بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ هەنگ داناوە تا هەردەم ئەو هەنگوینە بەرهەم بێنێ کە شیفایە، هەروەك دەفەرموێت: ﴿وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتاً وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ، ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلاً يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾النحل69 پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت:( عليكم بالشفاءين:القرآن والعسل ) رواه ابن ماجة . زانایان تا ئێستا چی دیراسەیان لەسەر هەنگوین کردووە هەمووی ڕاستێتی ئەم ئایەتە دەسەلمێنن کە هەنگوین شیفایە .

دکتۆر گلینس راوند پسپۆڕ لەبواری شێرپەنجەدا پاش تاقیکردنەوەو دیراساتی زۆر بۆی دەرکەوت کە هەنگوین چارەسەرە بۆ شێرپەنجەی پێست.هەروەها چارەسەرە بۆ قورحەی گەدەوقوڕقوڕاگە .

لەدیراساتی تریشدا ماددەیەکی تریان تیادۆزیوەتەوەکە دژی (التأكسد)ەو سوودی هەیە بۆ کۆلیسترۆڵ ولەنامەیەکی دکتۆرای زانکۆی قناة لەم ساڵدا 2008لە میسر هاتووە کە هەنگوینی چیا سوودی هەیە بۆ دڵ و بۆریە خوێنەکان.( پێگەی مەوسوعەی ئیعجازی عیلمی قورئان و سوننەت).

دکتۆر مۆلان دەڵێت:هەنگ بە هۆی ئەنزیماتیتایبەتەوە ماددەی هایدرۆجین پیرۆکساید دروست ئەکات کە (معقم) و( مطهر) ەوهیچ ماددەیەك نیەوەك هەنگوین (معقم) بێت .

هەروەها زانایان بۆیان دەرکەوت کە جاری واهەیە هەنگ ڕێی دەکەوێت لە هەندێك خواردنی خراپ کە دەبێتە مایەی سەرخۆشکردنی هەنگەکە بۆ 48 سەعات، جا کاتێك ئەو هەنگە سەرخۆشە دەگەڕێتەوە بۆ کوورەکەی، هەنگەکانی تر یەکسەر دەزانن کە سەرخۆشەو نایەڵن داخڵ ببێ و بچێ بەلای شانەی هەنگوینەکانداو پیسیان بکات، جا ئەگەر هەنگێك ئەمەی دووبارە کردەوەو ویستی بێتە ژوورەوە قاچی دەشکێنن.

3-پێش زیاتر لە چواردە سەدە قورئان دەفەرموێت ڕۆح سرێکە لە خواوەو مرۆڤ زانستێکی زۆر کەمی پێدراوە لەو بوارەدا﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً ﴾الإسراء85

ئەمەش ئەگەر خوا فێری حەزرەتی نەکردبێت چۆن ئەتوانێ باس لە شتی وابکات،ئەوەتا پاش هەزارو چوارسەد ساڵ زیاتر هەمان پرسیار دەکرێ ،ئاخۆ لەنهێنی ڕۆح تێبگەین ؟؟ئاخۆ دەتوانرێت بە کارلێکی کیمیایی یان هەر شتێکی تر خانەیەکی زیندوو دروست بکرێت ؟؟

لە 26 فیبرایری 2008 دا گۆڤاری دەیلی مەیڵ وتارێکی بلاوکردەوە بەناونیشانی (Life's Still One Big Secret ) کە باس لەوە دەکات زانایانی زانکۆی ئەدنبەرە لە بەریتانیا بەهۆی سوپەر کۆمپیوتەرەوە کە بایی 20 ملیۆن دۆلارە هەشت ساڵ دیراسەیان کرد، سەرەنجام دەستەوسانی خۆیان ڕاگەیاند بەرامبەر بە سیری ڕۆح ودروستکردنی خانەی زیندوو .(پێگەی عبدالدائم الکحیل ).



4-دکتۆر تەها ئیبراهیم خەلیفە مامۆستای ڕووەکی پزیشکیودەرمان لە زانکۆی ئەزهەر دەڵێت: ماددەی ( میثالویثونیدز ) ماددەیەکی پڕۆتینیەوکبریتی تیایە وبە ئاسانی یەکدەگرێت لەگەڵ زینك و ئاسن وفسفۆڕداو زۆرگرنگە بۆ لەش، تیمێکی زانا یابانیەکان کەوتنە گەڕان بەدوای ئەم ماددەیەداو لە هەنجیرو زەیتون دا دۆزیانەوە و باشترین ڕێژەش ئەوەیە کە زەیتونەکە حەوت ئەوەندەی هەنجیرەکە بێت .

دکتۆر تەها سەیری کرد قورئان شەش جار ناوی زەیتوونی بردووە و جارێکیش ئاماژەی بۆکردووە کەدەفەرموێت ﴿وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَاء تَنبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ ﴾المؤمنون20.وە یەك جاریش باسی هەنجیریکردووە.

کاتێك دکتۆر تەها ئەم باسەی نارد بۆ تیمە یابانیەکە، سەرۆکی تیمەکە موسڵمان بوو،(براءة الاختراع)یشیان دا بە دکتۆر تەها(منتدیات اذکر الله).

5-خوای پەروەدگار سوێند دەخوات بە (التین ) و(الزیتون ) و (طور السنین ) و (البلد الامین) لەسەر ئەوەی کە مرۆڤی لە باشترین شێوەدا دروستکردووە :﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴾التین4.

نموونەش لەسەر ئەم ڕاستیە : زانایانی زانکۆی دیوك ی ئەمەریکی پاش دیراساتێکی زۆر ڕایانگەیاند کە ڕیخۆڵە کوێرە کە چەندەها ساڵە وادەزانرێت زیادەیەو هیچ کارێکی نیە، وانیەو کاری مەزنی هەیەو خوای پەروەردگار بەزیاد دروستی نەکردووە، کارەکەشی ئەوەیە کە بەرپرسە لە بەرهەمهێنان و هەڵگرتنی کۆمەڵێکی زۆر لە بەکتریاو جراثیم کەبەسوودن.

جالەکاتی هەندێ نەخۆشی و سکچووندا کە بەکتریاو جراثیم ی ناو ڕیخۆڵە نامێنن،ئەوا ڕیخۆڵە کوێرە فریای لەش دەکەوێو بەکتریاو جراثیم ی بەسوودی ئەداتێ .(موسوعەی ئیعجازی عیلمی قورئان و سوننەت ) .

6–قورئانی پیرۆز زۆر و کەمی مەی حەرام کردووەو دەفەرموێت:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ * إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾ المائدة 90–91.هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت﴿ما أسكر كثيره فقليله حرام﴾ (رواه الترمذي).

جاران هەندێ کەس دەیانووت مەی کەمێکی هیچ زیانێکی نیە، تا دکتۆرە سارا لویس لەزانکۆی بریستۆل وکۆمەڵێك لێکۆڵەری تر سەلماندیان خواردنەوەی کەمێکی مەی زیانبەخشەو کاریگەری بۆ دەیەها ڕۆژ دەمێنێت لەسەر لەش، ڕەنگە ئەمەش هۆیەکی ئەوە بێت کە حەزرەت (ﷺ) دەفەرموێت : ئەوەی مەی بخواتەوە تا چل ڕۆژ نوێژی لێوەرناگیرێ .

هەروەها با ئەوەشمان لە یاد بێت کە دەفەرموێت:خوا چارەسەری ئێوەی نەخستۆتە ئەو شتانەوە کە لەسەری حرم کردوون ﴿ إن الله لم يجعل شفاءكم فيما حُرم عليكم ﴾ صحيح - ابن حبان .

هەروەها دەفەرموێت: (إن الله أنزل الداء والدواء وجعل لكل داءٍ دواءً فتداووا ولا تداووا بمحرم) (رواه أبو داوود). وقد سئل الرسول الكريم صلّى الله عليه وسلم عن التداوي بالخمر فقال: (إنه ليس بدواء ولكنه داء) (رواه مسلم).

دکتۆرەکانی جەمعیەی بەریتانی دڵ جەخت دەکەنە سەرئەوەی کە هەرگیز مەی دەرمان نیە وئەمەش هەمان فەرموودەکەی حەزرەتەو لە سەدەی بیست و



یەکدا ئەوان دەیگەنێ ، ئەمەش دەقی قسەکەیانە (However، alcohol should not be used as a medicine and those who are teetotal do not need to start consuming alcohol to benefit their heart health.کە ئەمەش دیارە هەر خوا فێری کردووە ئەگینا لە کوێ دەزانێت مەی دەرمان نیەو دەردە وشیفا لەو شتە حەرام کراوانەدا نیە و پاش دیراسات ولە دوای زیاتر لە چواردە سەدە زانایان هەمان قسەدەکەن؟؟سایتی عبدالدائم الکحیل .

7–قورئان پێش چواردە سەدە باسی شەپۆلی ناو دەریای قوڵ دەکات کەئەمەش بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە و دەفەرموێت﴿ أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُّجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُوراً فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ ﴾النور40

ئەوەتا ڕۆژنامەی تیلیگراف لە12/13/ 2007 دالە وتارێکدا بڵاوی کردەوە کەزانایانی بەریتانی لە قوڵایی ئۆقیانووسدا شەپۆلیان دۆزیەوە: (Deep ocean waves discovered by scientists)

پرۆفیسۆریئافرەت Karen Heywood لە زانکۆی UEA دەڵێت : زۆر سەرسام بووین و زۆر دڵخۆش بووین کە لە قوڵایی 1500 مەتردا ئەو شەپۆلانەمان دۆزیەوە...(سایتی عبدالدائم الکحیل) .

8–قورئان وردەکارییەکی زۆری دەکات لە هێنانی هەر وشەیەیکدا،بۆ نموونە:

أ – کاتێ زەید فەزڵی پێغەمبەری (ﷺ)دا بەسەر باوك و کەس و کاریداو لای مایەوە،ئەویش وەك وەفایەك کردی بەکوڕی خۆی، دەوترا زەیدی کوڕی محمد ، کە خوای گەورە عادەتی(تبني) هەڵوەشاندەوە، فەرمووی‌ئەمەباشترەو

عەدالەت ترە لای خوا(ذلك أقسط عندالله) واتە :ئەوەی تۆش باش بوو بەلام ئەمە باشترە بۆتان ئەمەش وەك رێزێکە بۆ کارەکەی پێغەمبەر(ﷺ).
ب-کاتێك قورئان باسی حەزرەتی موسا دەکات سەلامی خوای لێبێت دەفەرموێت لەلای ڕاستی کێوی طور خوای گەورە وەحی بۆنارد﴿وَنَادَيْنَاهُ مِن جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيّاً﴾مريم52 ﴿يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ قَدْ أَنجَيْنَاكُم مِّنْ عَدُوِّكُمْ وَوَاعَدْنَاكُمْ جَانِبَ الطُّورِ الْأَيْمَنَ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى﴾طه 80 لەبەر ئەوەی(يمين)مانای (بەرەکەت)هەڵدەگرێ،کەدێتە سەر باسی ئەوەی کە ئەمانەی بۆ پێغەمبەر(ﷺ)هاتووە لە خواوەیەو خۆ پێغەمبەر (ﷺ)لەوێ نەبووەوئەو ڕووداوەی نەبینیوە، نافەرموێ لەلای ڕاستی کێوی طور نەبویت نەك بەرەکەتدارنەبوونی لێبخوێندرێتەوە ،بەڵکو دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ إِذْ قَضَيْنَا إِلَى مُوسَى الْأَمْرَ وَمَا كُنتَ مِنَ الشَّاهِدِينَ﴾القصص44﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا وَلَكِن رَّحْمَةً مِّن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْماً مَّا أَتَاهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾القصص 46،نموونەم زۆر باسکردووە لەنووسراوەکانمدا،تکایە لە شوێنی خۆیدا سەیری بکەن ،داواکارم کە وردبنەوە لە قورئان وگرنگی بدەن بەو نووسراوانەی کە لەو بوارەدا نووسراون بەتایبەت (لەخزمەت قورئان دا)و(ڕامان لە قورئان )و (ژیانەوە) و(بەهاری دڵان) و(ڕازی قورئانی ).

ج-خوای پەروەردگار دەفەرموێت﴿ يُرِيدُونَ أَن يُطْفِؤُواْ نُورَ اللّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللّهُ إِلاَّ أَن يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ، هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾ التوبة(33).هەروەها دەفەرموێت:﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ



الْكَافِرُونَ ، هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾ الصف(9).

يُرِيدُونَ أَن يُطْفِؤُواْ :ئەیانەوێ نووری خوا بکوژێننەوە ئێستاو لە داهاتووشدا.

يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا: بەدوای هۆکاردا دەگەڕێن کە نووری خوای پێ بکوژێننەوە.ئنجا (يُطْفِؤُواْ) کەمانای کوژانەوەی ئاگرە کەم بێت یان زۆر بەکاردەهێنێت لەجیاتی (يُخمدوا) کەمانای کوژانەوەی ئاگری زۆرە .
واتە: کافران بەردەوام لە هەوڵدان بۆ کوژانەوەی نووری ئیسلامەتی کەم بێت یان زۆر کە ئەمەش موعجیزەیەو خوانەبێت کێ دەزانێت دوژمنایەتیەکە بەردەوام دەبێت و هەموو هۆکارێکیش بەکار دێنن .

## موعجیزەی فەرموودە

1-هەموودەزانین کە ئاو پاکەرەوەیەو، قورئانیش ئاماژەی بۆ کردووەو دەفەرموێت:﴿وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْراً بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُوراً﴾الفرقان48 ..هەروەها داواکراوە موسڵمان بۆ نوێژکردن بە ئاو دەستنوێژ بشواو ئەگەر ئاویش نەبوو بە تۆزی گڵێکی پاك تەیەموم بکات .
هەروەها حەزرەت(ﷺ)دەفەرموێت: ئەگەر سەگ دەمی خستە قاپێکەوە جارێك بە گڵ و شەش جاریش بە ئاو بیشۆن.ئەمەش لەبەرئەوەی کە ڤایرۆس و میکرۆب هەیە لە لیکی سەگەکەدا کە بە گڵەکە پاك دەبێتەوە .
لە فەرموودەیەکی تردا حەزرەت(ﷺ) دەفەرموێت:﴿ جُعلت لی الارض مسجدا وطهورا ﴾ واتە زەویم بۆ کراوە بە مزگەوت لە کوێدا بێت نوێژ

دەکەم و هەروەها خاك و زەویشم بۆ کراوە بە پاکەرەوە .باشەحەزرەت (ﷺ)ئەگەر خوا ئاگاداری نەکردبێت چوزانێت گڵ پاکەو پاککەرەوەشە ؟؟

گۆڤاری (العالم الجديد ) لە ساڵی 2006 دا لێکۆڵینەوەی زانا ( جۆن وانگ) ی بلاّوکردەوە کە لە تاقیگەکانی شاری نیوجرسی کردبووی لە ئەمریکا لە سەرگڵ کە دەتوانرێت (ئەنتی بایوتیکی) لێدەربهێنرێت.

هەروەها دکتۆرە لیندا ولیامز جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە لە گڵدا زیاتر لە ماددەیەکی پاکەرەوە هەیە، تاقیکردنەوەکانیش سەلماندیان کە قوڕ دەتوانێت موستەعمەرەیەکیکامیلی جراثیم لە 24 کاژێردا لە ناوبەرێت، کە ئەگەر ئەو قوڕە نەبێت لەو ماوەیەدا 45 قات زیاد دەکات .

دکتۆر هایدڵ کەزانایەکی بواری (الاحياء الدقيقة)یە دەڵێ(ئێستا دەتوانین پەیوەندی نێوان زانستی زەوی و خانەی زیندوو بدۆزینەوە، تا ساڵێك لەمەوبەر من گڵم بە پیس دەزانی، بەلاّم ئێستا بە مادەیەکی پاکەرەوەی دەزانم )..

پێش چەند ساڵێکیش ژنە دکتۆری فەڕەنسی (لین برینیت)لە قوڕی سەوزی فەڕەنسی چارەسەری نەخۆشی دۆزیەوەو وەك ئەنتیبایوتیك بەکاری هێنا لە کینیاو ساحل العاج و، ڕیکخراوی تەندروستی جیهانیش سەرسامی خۆیان بەرامبەر دۆزینەوەکەی دەربڕی .

ئەمەش بەڕاستی میهرەبانی خوایەو حیکمەتی تیایە، لە هەموو دنیادا منالآن یاری بەگڵ و خۆڵ دەکەن کە ئەگەر پیس بوایە نەخۆشیەکی زۆر بلاّو دەبۆوە ..

2- وتمان حەزرەت (ﷺ)ئاگاداریکردوینەتەوە لەلیکی سەگ و فێری کردوین کە ئەگەر دەمی خستە قاپێکەوە جارێك بە گڵ و شەش جاریش بە ئاو



بیشۆین، کە ئەمەش بۆخۆی موعجیزەیە و کەس لەو سەردەمەدا هیچی لە بارەی میکرۆب و ڤایرۆسەوە نەزانیوە، وە ئەمەش بووە هۆی موسڵمانبوونی چەندەها کەس .

کەچی پشیلە کە هەروەك سەگە حەزرەت (ﷺ)بە پاکی دادەنێت، جارێکیان ئەیەوێت لە ئاوێك دەستنوێژ بشوات، پێی دەڵێن: پشیلە دەمی تێخستووەو لێی خواردۆتەوە، ئەویش دەفەرموێت: قەیناکە چونکە پیس نیەو پاکە﴿ انها ليست بنجس انها من الطوافين عليكم والطوافات ﴾ ئەحمەد.

پشیلە بەردەوام خۆی پاك دەکاتەوە بە زمانی کە زبری تیایە،دکتۆر گورگیس مقصود سەرۆکی بەشی تاقیگەکان لە خەستەخانەی بەیتەرەی دیمەشق دەڵێت:بەدەگمەن لەسەر فەرووی پسیلە جراثیم هەیە ، وەئەگەر ببێت ئەوە ئەو پشیلەیە نەخۆشە .

دکتۆرە جین جۆستافسن دەڵێت: پاش بەراوردکردنی لیکی مرۆڤ و سەگ وپشیلە لە تاقیگەدا بۆمان دەرکەوت کە لیکی مرۆڤ یەك لەسەر چواری لیکی سەگ جراثیم ی تیایەو لیکیپشیلەش یەك لەسەرهەشتی لیکیسەگ جراثیم ی تیایە .

دکتۆر سعید ڕەفاه لە بەیتەرەی دیمەشق دەڵێت: ماددەیەکی پاکەرەوە هەیە لەلیکی پشیلەدا پێی دەوترێت (لیزۆزیم) . ئەمانەش هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە حەزرەت (ﷺ)لەخۆیەوە قسە ناکات ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى ،إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى ﴾النجم.4

3- حەزرەت (ﷺ) دەفەرموێت﴿ نِعمَ الادام الخَلُ ﴾ (مسلم)واتە:سرکە پێخۆرو خواردنێکی چاکە.پاش چواردە سەدە و تاقیکردنەوەی زۆر زانایان جەخت دەکەنە سەر سوودەکانی سرکەو دەڵێن: سوودی هەیە بۆ سك چوون

و گەدەو ڕیخۆڵەش پاك دەكاتەوە،كرداری هەرس كـردنیش چـالاك دەكـات و (طفیلیات)ی ڕیخۆڵەش لەناودەبات و، سوودی زۆرە بۆ چارەسەری هەوكردنی پووك و كلۆر بوونی ددان، بۆ ئازاری جومگەش سوودی زۆری هەیە .(پێگەی مەوسوعەی ئیعجازی عیلمی قورئان و سوننەت ).

4– حەزرەت (ﷺ) دەفەرموێت ﴿الفطرة خمس: الختان، والاستحداد، وقص الشارب، وتقليم الأظفار، ونتف الآباط﴾ بخاری .

خەتەنەكردن لە فیترەتەوەیە، ڕاستت فەرمووە ئەی مامۆستای مرۆڤایـەتی، ئەوەتە پاش چواردە سەدە ڕێكخراوی تەندروستی جیهـانی وبەرنامـەی نەتـەوە یەكگرتووەكان بۆ چارەسەری ئایدز لـە مـارس ی2007 دا جـەخت دەكەنـە سەر گرنگی خەتەنە بۆ خۆپاراستن لە ئایدزوشێرپەنجە ، كە تائێستا ئایـدز زیـاتر لە 25 ملیۆن كەسی لە جیهاندا كوشتووە .

لە كۆنفرانسێكی جیهانی لەشاری سیدنی ئوسترالیا بۆ چارەسەری ئایـدز كە 5هەزار كەس بە نوێنەرایـەتی 130 دەوڵـەت بەشـداریان تیـاكرد جـەخت كرایەوە سەرگرنگی خەتەنە بۆ خۆپاراسـتن وسـنووردانان بـۆ بـڵاو بوونـەوەی ئایدز .

لە هیندستانیش مەجلیسی وەتەنی پزیشكی داوادەكات كە ئـەو منالانـەش كـە موسـڵمان نـین خەتەنـە بكـرێن، كـە ئەمـەش نارەزاییـەكی زۆری لای هیندۆسەكان دروست كردووە.(ئیسلام ئۆن لاین ).

ئاشكرایە ئایدز لەوڵاتە ئیسلامیەكاندا زۆر كەمترە لەچـاو وڵاتـانی تـردا ، كە ئەمەش گرنگی ئایین دەردەخات لەسەدەی بیست و یەكـدا، بیرمـان نەچـێ كـە ئیـسلام هـەمووی‌گونجاوە لەگـەڵ فیترەتـی مرۆڤـداو هەمووشـتێكی بـۆ



بەرژەوەندی مرۆڤە ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾الروم 30

5–قورئانی پیرۆز جەخت دەكاتە سەر گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ)ودەفـەرموێت : ﴿يَـا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا أَطِيعُـوا اللَّـهَ وَأَطِيعُـوا الرَّسُـولَ وَلَـا تُبْطِلُـوا أَعْمَالَكُمْ ﴾محمد33

﴿فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجاً مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً ﴾النساء65هەروەها هەرچـی پێغەمبـەر(ﷺ) حەرامی كات یان حەڵاڵی كات هەر لەخواوەیەوئەبێ بەگوێی بكرێت: ﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوباً عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُواْ بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُواْ النُّورَ الَّذِيَ أُنزِلَ مَعَهُ أُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾الأعراف157

هـەروەها پێغەمبـەر(ﷺ)قورئـان ڕاڤـەدەكات و ڕوونـی دەكاتـەوە بـۆ بڕواداران:﴿وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلاَّ لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾النحل64 ﴿لَقَدْ مَنَّ اللّهُ عَلَى الْمُؤمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِي ضَلالٍ مُّبِينٍ ﴾آل عمران164 ، دیارە قورئـان پەڕاوەكەیـەو حیكمەتیش سوونەت وفەرموودەكانێتی .

گوێڕایەڵی بۆ فەرمایشتەكانی حەزرەت(ﷺ) بەڵگەنەویست بوو ، ئیمان و بـڕوا بـەبێ ئـەوە دانەئەمەزرا،بـەڵام لەسـەدەی دووەمـی كۆچـیەوە بـیرو بۆچوونێك سەری هەڵدا لەلایەن هەندێ ناحاڵێو ناحـەزەوە كـە هەرچـی لـە

قورئاندا هاتبێ تەنها بەگوێی ئەوە دەکەن و،ئەگەر لەفەرموودەدا شتێك هاتبێ و لە قورئاندا نەهاتبێ وەری ناگرن، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زۆر لە عیبادەتەکان وزۆر فەرموودەی تری حەزرەت(ﷺ)لە حەلاڵ و حەرامدا پشت گوێ بخرێت .

ئێستاش هەندێ کەس وەك (محمد شحرور)و (ئەحمەد صبحی)ئەو بیرو بۆچوونە بلاودەکەنەوە وپێگەی ئەلەکترۆنیان هەیەو بلاوکراوەیان هەیە ، زانایان ڕووبەڕوویان بوونەتەوەو هەق و ڕاستی هەردەم دەخەنە ڕوو تا موسڵمانان سەرگەردان نەبن .

سەرهەڵدانی ئەو دەستەو تاقمە کە پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێداوە ، دیارە غەیبەو خوای گەورە ئاگاداری کردووە، هەروەك دەفەرموێت ﴿ يوشك أن يقعد الرجل متكئا على أريكته ، يحدث بحديث من حديثي ، فيقول : بيننا وبينكم كتاب الله، فما وجدنا فيه من حلال استحللناه ، وما وجدنا فيه من حرام حرمناه ، ألا وإن ما حرم رسول الله مثل ما حرم الله﴾

صحيح - الألباني -صحيح الجامع.

﴿لا ألفين أحدكم متكئا على أريكته يأتيه الأمر من أمري مما أمرت به أو نهيت عنه فيقول : بيننا وبينكم هذا القرآن فما وجدنا فيه من حلال استحللناه وما وجدنا فيه من حرام حرمناه . ألا وإني أوتيت الكتاب ومثله معه ، وإن ما حرم رسول الله صلى الله عليه وسلم كما حرم الله تعالى﴾

- المحدث :ابن تيمية - المصدر :القواعد النورانية - الصفحة أو الرقم24

ڕاستت فەرموو ئەی خۆشەویستی خوا، ئەوا ئێمە دوای زیاتر لە چواردەسەدە ئەو دەستەو تاقمە دەبینین،ئەگەر تەنها ئەم موعجیزەیەت هەبێ بەسە بۆ کەسێك بە عەقڵی خۆی بیرکاتەوەو تۆزقاڵێك ویژدانی هەبێت .



شایانی باسە لە ڕاپۆرتی ساڵی 2007ی ئایینەکاندا کە لە ئەمریکا دەردەچێ پشتگیری تەواوی تیایە بۆ ئەم دەستەو تاقمەو بۆ (بەهائیەکان )کە سەرگەردانن و لەڕێی ڕاست لایانداوە(المجتمع ژ 1770 لە 2007/9/22)و(پێگەی مەوسوعەی ئیعجازی عیلمی قورئان و سوننەت ).

6-خاتوو ئەسمای کچی ئەبوبەکر بە حەجاجی وت کاتێ کە عبداللە ی کوڕی شەهید کرد: أما إن رسول الله صلى الله عليه وسلم حدثنا ﴿أن في ثقيف كذابا ومُبيرا﴾ فأما الكذاب فرأيناه، وأما المبير فلا إخالك إلا إياه. مسلم .واتە :حەزرەت (ﷺ)پێی فەرموین کە لە هۆزی (ثقيف)دا درۆزنێك وخوێن ڕێژێك کەخەڵکی بە هیلاکا دەبات پەیدا دەبێت،درۆزنەکەمان بینی (مەبەستی موختاری ثقفی بوو کە ئیدیعای پێغەمبەرایەتی دەکرد) ، پیاوکوژەکەش وادەبینم کە تۆیت .

هەواڵدان بە پەیدابوونی دووکەسی لەو جۆرە لەو هۆزەدا موعجیزەیەکی تری حەزرەتە (ﷺ)کەهەواڵەکە دیارە غەیبەو تەنها خوایە کە ئاگاداری کردووە. دواکەسیش کەحەجاج شەهیدی کرد زانای پایە بەرز سەعیدی کوڕی جوبەیر بوو، سەرەنجام حەجاجیش بەوهەموو تاوانەوە سەری نایەوە .(هەمان سەرچاوە) .

7- پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت﴿ ما من عام بأكثر مطرا من عام ، و لكن الله يصرفه بين خلقه ﴿ حيث يشاء ﴾ ثم قرأ : و لقد صرفناه بينهم ليذكروا ﴾ الآية ( صحيح على شرط الشيخين:السلسلة الصحيحة - الالبانی- الصفحة أو الرقم2461 :.واتە هیچ ساڵێك لە هیچ ساڵێك زیاتر باران نابارێت و خوای گەورە خۆی بەشی دەکات لە نێوان دروستکراوەکانیدا .

هەروەها دەفەرموێت﴿ ما من ساعة من ليل ولا نهار إلا السماء تمطر فيها يصرفه الله حيث يشاء﴾(رواه الحاكم).واتە هیچ سەعاتێکی شەوو ڕۆژ نیە بارانی تیانەبارێت، خوای گەورە خۆی دابەشی دەکات .

کاتی خۆی ئیغریقیەکان دەیان وت : باران لە ئەنجامی تووڕەیی خواکانەوەیەو،هەندێ گەلی تریش بتیان بۆ خوای باران دروست کردبوو دەیانپەرست،کە ئیسلام هات ئەو بیرو بۆچوونانەی هەموو پێچایەوەو لەم دووفەرموودەیەدا هەقیقەتی زانستی وا باسدەکات کە لەم سەدەی بیستەمەدا بەهۆی مانگی دەستکردەوە دۆزراوەتەوە ،کە بڕی ئەو ئاوەی دەبێ بەهەڵم لە دەریاو ئۆقیانووسەکانەوە سالآنە نەگۆڕەو ئەو بارانەش کەدەبارێ نەگۆڕە بەهەمان شێوەو بەردەوامیش لە شەوو ڕۆژدا بارانـدەبارێت لەسەر زەوی یان لەسەردەریاو ئۆقیانووسەکان (سایتی عبدالدائم الکحیل) .

**لە بارەی پێغەمبەروە (ص) وتیان**

ولدیۆرانت:

ڕۆژهەڵات ناسی ناسراو و خاوەنی کتێبی بەناوبانگی مێژوویی (قصة الحضارة) دەڵێ: ئەگەر تەرازووی کێشانە بۆ گەورەیی هەر گەورەیەك لە ئەندازەی کاریگەری جێماوی دوای خۆی بێت لە خەڵکیدا، ئەوا محمد (ﷺ)گەورەترین مەزنی مێژوو بووە.

مایکل هارت:

مایکل هارت زانای بیرکاری و گەردووناسی لە بارەی گەورە پیاوانی مێژووەوە کتێبێکی نوسیوە بەپێی بیری خۆی سەد کەس شیاوی ئەوە بوون ئەم ناویان بنوسێ، پاش باس و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەو سەد کەسەدا کەسێکی لە محمد (ﷺ)بە شیاوتر نەزانیوە بیکاتە سەرقافڵەی کتێبەکەی.



لە بارەی پێغەمبەرەوە (ﷺ)وتویەتی: گەورەترین مرۆڤێ لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا گەورەترین شوێنەواری هەبووبێت محمد بووە، وە تەنیا کەسێکیش بووە لە مێژوودا کە سەرکەوتنی بە واتای سەرکەوتن لە هەردوو ئاستی دینی و دنیایدا بەدەست هێناوە..

تۆلستۆی:

ئەدیبی گەورە و بەناوبانگی ڕووسی (لیف تۆلستۆی 1828 –1910) وتوویەتی: محمد(ﷺ)گەورەترین و باشترین خزمەتی بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردووە، ئەوەندە بەسە کە گەل و میللەتێکی لە تاریکی یەوە دەرهێنا بۆ ڕووناکی و وای لێکردن باڵ بۆ ئارامی و ئاشتی شۆڕ بکەن، پیاوێکی وا شیاوی هەموو ڕێزێکە..

کارلیل :

نوسەری بەناوبانگی ئینگلیزی (تۆماس کارلیل) لە کتێبە ناودارەکەی خۆیدا لە بارەی قارەمانانی مێژووەوە تەنیا یانزە کەسی دیاری کردووە، لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەو یانزە کەسە نوێنەری قارەمانیەتین لە هەموو ڕوویەکەوە، پێغەمبەر (ﷺ)یشی هەڵبژاردووەکە پێشەنگی لیستەکەو قارەمانی قارەمانان بێ.

لە بارەی پێغەمبەر(ﷺ)وتوویەتی: محمد لە ماڵ و پۆشاك و هەموو کارێکی ژیانیدا زاهید بووە، خۆراکی نان و ئاو بووە، وابووە چەند مانگێك لە ماڵیدا ئاگر نەکراوەتەوە، بە دەستی خۆی کراسی خۆی دووریوەتەوە، ئایا فەخر و شانازی لەوە گەورەتر ئەبێ؟.. من ڕاستی لە ڕێباز و بەرنامەکەیدا دەبینم و، بناغەی گەورەیی و سەرکەوتنی لە ڕاستیەتیدا بووە، لە بیروهۆشی ئەو پیاوە مەزنەدا شتێك نەبووە پەیوەندی بە تەماحی دنیاوە هەبووبێ..

لامارتین:

ئەدیب و شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی لامارتین لە بەشی دووەمی کتێبی مێژوویی تورکیا باریس 1854دا وتوویەتی:

ئەوەی سەرنجێکی ژیانی محمد (ﷺ)بدات بەو بەهێزی و بەهیوا بوون و بیرکردنەوە و تێکۆشان و خەرافات لەناو بردن و خۆگری و پایەداربوونەی لە جێگیرکردنی بناغەی ئایینەکەیدا،هەرکەس ئەو سەرنجە بدات دڵنیا دەبێت کە چاووڕاوی لەژێر سەردا نەبووەو، لەسەر ناهەق نەبووە، بەڵکو عەقیدەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە لەگەڵ عەقڵ و ژیربێژیدا دەگونجێ..

دائیرەتوڵ مەعاریفی بەریتانی:

ئینسکلۆپیدیای بەریتانی، ئەم قاموسەی لەم سەردەمە نوێیەی خۆماندا کە گرنگترین سەرچاوەی زانستی متمانە پێکراوە، لە ماددەی (م،ح،م،د)دا وتوویەتی: ئەوانەی شوێنەواری قووڵ و هەمیشەییان لە مێژووی مرۆڤایەتی دا هەبووە زۆر کەمن لەچاو ئەو شوێنەوارەی محمد (ﷺ)هەیبووە، شوێنەوارێکی ئایینی قووڵی بەدیهێنا، لەو کاتەوە بانگی بۆ کردووە تا ئێستاش هەر باوەڕێکی زیندووەو، حەوت یەکێکی دانیشتوانی هەموو سەر زەوی شوێنکەوتەی شەریعەتەکەی ئەون.(لە سەردەمی نوسینەکەی ئەودا حەوت یەکێك بوون، دەنا ئێستا پێنج یەکێکی جیهانن) .

### موسڵمانبوونی لاوێکی ئەمریکی

لاوێکی ئەمریکی دەیەوێت دەست بکات بە بازرگانی تلیاك ، لەبەرئەوەی ئەزموونی نەبوو، سەردانی هیندستانی کرد بۆ شارەزابوون لەو بوارەدا .کاتێك دەگاتە هیندستان ولە فڕۆکەخانەی دلهی دادەبەزێت وسواری تاکسییەك دەبێت، بەسایەق تاکسییەکە دەڵێت: بمبە بۆ هەرزانترین ئوتێل (چونکە لەو جۆرە شوێنانە ڕەنگە تلیاك خۆروباندەکانی تلیاك ببینێت).

بانگخوازیی

سایەقەکەش نەی زانی مەبەستی لەچییەو وای زانی پارەی کەم پێیە ، وتی :ئەتبەم بۆ شوێنێك پارەش نەدەیت و هەموو خزمەتێکیشت بکەن ! لاوەکە دەڵێت: بڕوام نەدەکرد کە شوێنی واهەبێت !!زۆر سەرسام بووم و پێموت :بەڕاستە شوێنی وا هەیە یان گاڵتەم پێدەکەیت ؟؟وتی : گاڵتە ناکەم و بەڕاستمە،ئەگەر دەتەوێت بەچاوی خۆت ببینە، وتم :ئەمە وڵاتی عەجایباتە، باشە بمگەیەنە .

پاش ماوەیەك گەیاندمیە شوێنێك کۆمەڵێ لاوی ڕیشداری لێ بوو، هاتن بەرەو پیرمان و زۆر ڕێزیان لێگرتین، لەدڵی خۆمدا دەمووت خوایە ئەبێ ئەم ئوتێلە چ ئوتێلێك بێت ؟!! لە خۆمەوە دەترسام تۆ بڵێی ئەمانەخەڵکی خراپ نەبن، تەنانەت سایەقەکەش پارەی لێوەرنەگرتم، ئێوارەنانیان دامێ و پارەیان لێوەرنەگرتم، شەو لەترسا خەوم لێنەدەکەوت، لەژێر بەتانیەکەوە چاوم زیتەی دەهات، زۆر دەترسام ئەو شەوە بمکوژن، ڕۆژ بووەوەو هەستام لەخەوی بێ خەو، شکور بۆ خوا سەلامەت بووم، بەیانی نانیان بۆ هێنام ، ئنجا نووستمەوەو هەقی شەوێشم کردەوەو دەمەو عەسر لەخەو هەستام ، نانیان بۆ هێنام ئەویش بە خۆڕایی،خوایە ئەمانە ئەبێت چی بن، ئەمەخەوە یان هەقیقەتە ؟

پاش نانخواردن لاوێکی ڕیشدار هات بۆ لام و باوەشی پیاکردم و ئەم لاوئەولای ماچکردم و خۆی پێناساندم کە ئەمریکیەوموسڵمان بووە بەهۆی ئەم کۆمەڵەوە کەپێیان دەڵێن کۆمەڵەی دەعوەو تەبلیغ، ئنجا کەوتە باسی ئیسلام بۆم وئەوەندە قسەکانی بەجێ بوون قەناعەتم بۆ دروست بوو .

وتم :چۆن ئەتوانم موسڵمان بم ؟؟ئەویش ڕێنموونی کردم وهەستام خۆم شت و بردمی بۆ مەرکەزێکی ئیسلامی گەورەی شارو شایەتمانم هێنا لە بەردەم کۆمەڵێك مامۆستای بەڕێزدا و موسڵمانبووم، هەموو باوەشیان پیاکردم و

پیرۆزباییان لێکردم، پاش ئەوەی باسی خۆم بۆکردن وزانیان کە بۆچی هاتووم و خوا ڕێی خستوم لەوان دەستیان کرد بەگریان .

شەش مانگ لەو مەرکەزە مامەوە کەپێیدەوترا مەرکەزی(نظام الدین)، زانیاریەکی باشم پەیداکرد لەبارەی ئیسلامەوەوگەڕامەوە بۆئەمریکا، ئێستا ماڵەوماڵ وگەڕەکاوگەڕەك دەگەڕێم بۆگەیاندنی پەیامی خوا .

دۆستان، پەیامی من پەیامی هەمووانە،بەداخەوە خەڵکی بێئاگان لەم ئایینە پیرۆزە، تەنانەت زۆر لە موسڵمانانی ئەم وڵاتەش سەرقاڵی دنیان و نازانن بۆچی دەژین ..(پێگەی الدعوة والتبليغ)..

**موسڵمانبوونی ئافرەتێکی ئەمریکی**

ئافرەتێکی ئەمریکی کە لە خەستەخانەیەکدا کاردەکات باسی موسڵمانبوونەکەی خۆی دەکات و دەڵێت : بۆ یەکەم جار لە تەلەفزیۆنەوە گوێم لەباسی ئیسلام بوو، پێکەنینم بەباسەکە دەهات ..

دوای ساڵێك پیاوو ئافرەتێك پیرێژنێکیان هێنا بۆ چارەسەرکردن، دیقەتم دا ئافرەتەکە زۆر شپرزەبەو بەردەوام دوعا دەکات، لێم پرسی ئەو پیرێژنە دایکتە ؟؟وتی :نەخێر دایکی مێردەکەمەو لەوڵاتێکی ترەوە هاتوین بۆ ئەمریکا بۆعیلاج! منیش زۆر لام سەیر بوو چونکە یەکسەر بیرم لەدایکی خۆم کردەوە کە پێش چوارمانگ شووشەیە بۆنم لەجەژنی دایکدا بۆ ناردبوو ، من دایکمەو لێی ناپرسمەوەو ئەویش خەسوویەتیئاوا بەپەرۆشە بۆی ؟!

پرسیارم لێکردن لەو بارەیەوە ئەوانیش باسی هەقی دایك و باوکیان کرد لە ئیسلامدا،وام لێهات حەسوودیم بەو پیرێژنە ئەبرد کە ئاوا بە دەورو خولیا دێن، پاش چەند ڕۆژێك پیرێژنەکە مرد، ئەو ژن و پیاوەم بینی هەروەکو مناڵ بۆی دەگریان .



بەڕاستی ئەم دیمەنە زۆر کاری تێکردم و لە دڵەوە حەزم دەکرد منالەکانم لە داهاتوودا ئاوابن لەگەڵما، بۆیە چووم بۆ بنکەیەکی ئیسلامی و چەند پەڕاوێکم وەرگرت لەبارەی ئیسلامەوە،پاشان موسڵمانبووم و شووم کرد بەلاوێکی موسڵمان وئێستا چەند منالێکیشمان هەیە کە لەسەر ئیسلامەتی پەروەردەیان دەکەین و،لە ئێوەی بەڕێزیش داوامان دوعای خێرە. (گۆڤاری (الدعوة)ی سعودی).

**عومدەی شارۆچکەی ماکوان**

عومدەی شارۆچکەی ماکوان سەر بە ویلایەتی جۆرجیای ئەمریکی (جاك ئیلیس )ی مەسیحی موسڵمان بوو.

ناوبراو بە ڕەچەڵەك سەنغالییەو لەساڵی 1946دا لەدایك بووەو،تەمەنی 61 ساڵەو پێنج منالی هەیە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە هونەردا لەزانکۆی سانت لیو لە فلۆریدا وەرگرتووە .

دووساڵ لە ڤێیەتنام سەرباز بووە بە پلەی ڕەقیب، بە هۆی ئازایەتیەوە مەدالیای زیوین و چەند مەدالیای تری پێدراوە، ئێستاش سەرۆکی شارۆچکەی ماکوانە و چوار جار بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردراوەتەوە،دوای تەواوبوونی ماوەی ئەم پۆستە خۆی کاندید دەکات بۆ پەرلەمان لە هەڵبژاردنەکانی 2008 دا .

ناوبراو بەردەوام سەردانی مەرکەزی ئیسلامی دەکات لە (بلومفلید ڕۆد )و پێنج فەرزەش بە جەماعەت لە مزگەوت نوێژ دەکات .

شایانی باسە باوك و باپیری خەڵکی سەنغالن وموسڵمانن و کاتی خۆیکراون بەکۆیلەو هێنراون لە ئەمریکادا کاریان پێکراوە .

ئیلیس جەماوەرێکی زۆری هەیە بەهۆی ئەوەی کەخزمەتی زۆری هەمووچین و توێژەکانی ناوچەکەی کردووەو وای کردووە کە ماکوان ببێتە یەکێك لە پێشکەوتووترین شارۆچکەکانی ئەمریکا.(ئیسلام ئۆن لاین ) .

## جێگری وەزیری ئەوقافی سۆدانی

بیتەر لاوێکی مەسیحی خەڵکی خوارووی سۆدان بوو، لە دێیەکی موسڵمانان دەیخوێند، ئەمەش وای لێکرد کە لە قۆناغیناوەندیدا موسڵمان ببێت و بۆ دووساڵیش موسڵمانبوونەکەی شاردەوە، تا ڕۆژێك بەکەس و کاری وت کەموسڵمان بووە، باوکیشی زۆری پێناخۆش بوو گریاو وتی : ئیتر تۆ کوڕی من نیت و وائەزانم مردوویت !

کاتێ بیتەر گەڕایەوە قوتابخانە وحاڵەکەی بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە باسکرد، ئەویش ئامۆژگاری کرد کە وا پیشان بدات هەر مەسیحیە تا خوا دەروویەك دەکاتەوە، ئەمیش کەهاتەوە ماڵەوە هەندێ پیاوماقووڵ لەماڵیان بوو کەوتنە لۆمەکردنی و وتیان: تۆ بەموسڵمان بوونت بویتە عەرەب و دیارە بەپارە کڕیویانیت، ئەمیش هەرچی موناقەشەی لەگەڵ کردن سوودی نەبوو، سەرەنجام بەوە دەمکوتی کردن کە وتی: من هەر مەسیحیم .

پاش شەش مانگ باوکی مردو خۆی بووە بەرپرسی خێزانەکەیان ئنجا موسڵمانەتیەکەی ئاشکراکردو کەس نەیتوانی ڕێی لێبگرێت،ئنجا کەسوکاری بانگکرد بۆ ئیسلام و لە سایەی خواوە دایکیو براکەیو مامی وهەندێ لە ئامۆزاکانی موسڵمان بوون، پاشان خوێندنی تەواو کردو دکتۆرای هێنا، ئێستا جێگری وەزیری ئەوقافی سۆدانیيە .ئەم باسە خۆی بۆ دکتۆر محمد موسی الشریف یگێڕاوەتەوە(المجتمع ژ 1766 2007/8/25 ) .



## به کوێری موسڵمان بوو

فیکتۆر ئەرناڵدۆی بەڕازیلی کوێر بوو لە ئەنجامی تەقینەوەی کارگەی کیمیایی تایبەت بە دروست کردنی (تەلی عەمەلیات)کە ئیشی تیادەکرد..

سی و پێنج ساڵە ناوبراو موسوڵمان بووەو هۆگری مزگەوتەو تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵێك دەبێت، ناوی خۆی کردووە بە (محمد) و زۆر شادمانە بە ئیسلامەتییەکەی، گۆڤاری(سیدتی) لەندەنی لە ژمارەی شەممە 2007/9/29 دا ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە لە بارەیەوە:

محمد ئەرناڵدۆ ئیسلامیناسیلەڕێیهاوڕێیەکییەوە کە ئەسڵیمیسرییەو ناوی (محسن شرنوبی)ە، کە ئامۆژگاری کرد پاش کوێربوونەکەی بێ هیوا نەبێ و ئارام بگرێ و ورەی بەرز بێ وخۆی فێری زمانی عەرەبی بکات و موسڵمان بێت، چونکە ئیسلامەتی هیواو ئارامی و ئاسوودەیی بە مرۆڤ دەبەخشێت.

(محمد) دەڵێت: هاوەڵەکەم زۆر ئایەتی قورئانی بۆ ڕاڤە دەکردم و منیش زۆر دڵشاد بووم بە قسەکانی، ئایەتەکانی قورئان بەرچاویان ڕوون دەکردم و باشتر لە ژیان و فەلسەفەی بوون تێدەگەیشتم، کە قورئانیان بۆ دەخوێندم ئەتووت دنیا بە چاو دەبینم! قورئان بۆ من ئەو چاویلکەیەیە کە دنیای بە ڕوونی پێ دەبینم..

(محمد) مووچەیەکی کەمی خانەنشینی هەیە کە بەوە دەژی و بەردەوامیش سەردانی مزگەوتی شاری (سان پاولو) دەکات و، لە قوتابخانەیەکی زمانی عەرەبی بەچاکی فێری زمانی عەرەبی بووە..

## ڕاگەیاندنی حیزبێکی ئیسلامی لە فنلەندا

عبدالله تامی فنلەندیەو ڕۆژی پێنج شەممە 2007/9/6 موسڵمان بووە وڕایگەیاند کە حیزبێکی ئیسلامی پێك دەهێنێ بۆ گەیاندنی دەنگی (55)هەزار موسڵمانی ئەو ولاتە لە سەرووی ئەوروپا.

تا ئێستا دەیان کەس پەیوەندییان پێوە کردووەو، ئەم هەوڵی کۆکردنەوەی پێنج هەزار کەسێتی تا بتوانێ وەك حیزبێکی سیاسی تۆماری بکاو ئیجازەی بۆ وەرگرێ.

لە کۆنفرانسێك دا (عبدالله) کە ئاگر کوژێنەوە بووە و لە سەندیکادا کاری کردووە لە ڕیزی چەپەکاندا، ڕایگەیاند: ئەو دەیەوێ بەرگری لە بەها باڵاکانی ئیسلام و مافی موسڵمانان بکات لە ولاتێکداکە 90٪ی پرۆتستانتە.

عبدالله داوا دەکات کە مەی لە کۆگا گەورەکاندا نەفرۆشرێت و سزای ئەو کەسانەش بدرێ کە فاحیشە دەکەن و داواش دەکات کە ئاژەڵ بەپێی شەریعەتی ئیسلامی سەر ببڕدرێت.

هەروەها داواش لە حکومەت دەکات کە لە سیاسەتی دا بێ لایەن بێت و ئەو ژمارە کەمە سەربازەشی کە وەك بەشداری یەك لە ئەفغانستانە بیگێڕێتەوە بۆ ولاتەکەی..

حیزبی ئیسلامی فنلەندی بە نیازە دوو کورسی بەدەست بهێنێ لە مەجلیسی شارەوانی هلسنکی دا لە هەڵبژاردنی (2008)داو، وا پێشبینی دەکات کەلە هەڵبژاردنی تەشریعی 2011دا دوو کەس کاندید بکات، هەروەك لە تەلەفزیۆنی (وای ئێڵ ئی) بڵاوی کردەوە.. ئێستا موسڵمانان 1٪ی گەلی فنلەندی پێك دێنن کە ژمارەیان (5,3) ملیۆن کەسە و زۆربەیان (تورکی و ئەفغانی و ئێرانی و عێراقین).

بانگخوازیی

## ڤیکتۆریا رایڤی یاریزان

بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ یاریزانی تۆپی پێی (کۆلۆمبیا)و یانەی (تشایقۆری تورکی) (ڤیکتۆریا رایڤ)و خێزانەکەی موسڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە، لە دوای ئەوەی هەردووکیان بۆیان دەرکەوتووە کە ئایینی ئیسلام تەواوکەری ئایینەکانە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ.

ڤیکتۆریا زۆر بە خۆشحاڵیەوە باسی لە موسڵمانبوونی خۆی کردووە و ڕایگەیاندووە: ئایینی ئیسلام وەڵامی بۆ هەموو ئەو شتانە پێیە کە مرۆڤەکان پێویستیان پێیەتی. (سایتی یەکگرتوو).

## موسڵمانبوونی قەشەیەك

(ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ) ئەم ئایەتەی سورەتی (البقرة) بوو بە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی قەشەیەکی ئەمریکی بەناوی (سیفریدو رویس) بە جۆرێك کە واز لە نەسرانیەت بهێنێت و موسڵمانبوونی خۆی ڕابگەیەنێت و، دواتر ناوی خۆی بگۆڕێت بۆ (علی گواتیمالا).

لەوانەیە بەسەرهاتی گۆڕانکاری لە ژیانی کەسێکدا لە ئەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە خەیاڵ یان مەحاڵەوە نزیك بێت بەڵام کاریگەری وشەکانی ئەم ئایەتە لەسەر دڵ و دەروونی ئەم قەشەیە بوون بە سەرەتای گۆڕانکاری لە ژیانیدا و ئیتر ئەو خەیاڵ و مەحاڵە بوون بە واقیع و حەقیقەت. شایەنی باسە (علی) بەشداری حەجی ساڵی (2007)ی کردووە کە یەکەم حەجیەتی و، ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) لە (منی) چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووەودەڵێت:

قەشە بووم لە شاری کوین لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و خەریکی بڵاوکردنەوەی نەسرانیەت بووم لە بەندیخانەکانی ئەو شارەداو، لە

پێناوی ئەمەشدا هەوڵم دەدا و خۆم ماندوو دەکرد، چونکە قوتابی قۆناغی کۆتایی بووم لە قوتابخانەی پێگەیاندنی قەشەکاندا.

بەر لە دەرچوونم لە قۆناغی کۆتایی ئەو قوتابخانەیە، بەپێی بەرنامەی خوێندنەکەمان دەبوایە شارەزاییمان هەبێت دەربارەی پەڕاوە ئاسمانی یەکان، تاوەکو ئەو قەشانەی لەوێ دەردەچن شارەزا بن لە بارەی هەموو کتێبە ئاسمانییەکانەوە، یەکێك لەو پەڕاوانەش قورئانی پیرۆز بوو، کە بوو بە خاڵی وەرچەرخانم بەرەو ئیسلام.

کاتێك لاپەڕەی یەکەمیم کردەوە، چاوم کەوتە سەر سەرەتای سورەتی (البقرة) (ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ) ئەم ئایەتە سەرنجی ڕاکێشام،کە بە هیچ جۆرێك بواری سازش و ئەملاولای تیا نیە، چونکە باوی پێشەکی کتێبەکان وەهایە کە نوسەرەکانیان بە داوای لێبوردن لە خوێنەر دەست پێ دەکەن سەبارەت بەهەر کەم وکورتیەیەك کە لە نوسینەکانیان دا هەبێت، یان هەوڵی ئەوە دەدەن کە خوێنەر عیبارەتەکانیان قبوڵ بکات.

بەڵام ئەوەی لەم ئایەتەدا سەرنجی ڕاکێشام و بەرەو لای خۆی کێشی کردم ئەوەیە کە من لەبەردەم ڕاستیەکدام هیچ گومان و دوودڵی تێدا نیە.. کاتێك دەفەرموێت: (ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ).

پاشان دەڵێت:(دەستم کرد بە خوێندنەوەی قورئان تا گەیشتمە چەندین زانیاری کە پێچەوانەی ئەو زانیاریانەن کە لە ئایینەکەی مندا هەن و، ئەمەش وای لێکردم بگەڕێمەوە لای قەشە گەورەکانی قوتابخانەکە و پرسیاریان لێ بکەم، بەڵام ئەوان خۆیان لە پرسیارەکانی من دزیەوە و ئامۆژگاری ئەوەیان کردم کە قورئان نەخوێنمەوە چونکە ئەوە کاری شەیتان و موسڵمانەکانە.



ئەمەش وای لێکردم زیاتر سوور بم لەسەری و زیاتر ئەم پەڕتووکەم خۆش بوێت و بۆ ماوەی چەند مانگێك هەرخەریکی خوێندنەوەی بووم و، هاوکات باوەڕم وابوو کە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت لە وێنەی ئەو ڕستە و ئایەتە ڕوون و ئاشکرایانەی لە قورئاندا هەن دایڕێژێت).

(ڕۆژێکیان لە دوای گەڕان و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئایینی ئیسلام، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و لە خوا پاڕامەوە کە ڕێنماییم بکات بەرەو ڕاستی و، ڕێگای ئایینی ڕاست و دروستم نیشان بدات ... ئیتر ئەوەبوو لە ماڵ هاتمە دەرەوە و کەسێکم بینی کە بەرەو مزگەوت دەچوو، لێم پرسی ناوت چیە؟ وتی: سالم باعقیل، وتم: لەسەر چ ئاینێکیت؟ وتی: ئیسلام، هەروەها پێی وتم: کە ئەو دەچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژ کردن... منیش لەگەڵی ڕۆشتم بۆ مزگەوتەکە، لەوێ هیچ ڕێوڕەسمێکم بەدی نەکرد هاوشێوەی ئەوانە بێت کە لە ئایینەکەی مندا هەن، هیچ وێنەیەکم نەدی هەڵواسرابێت، هەروەها بۆم دەرکەوت کە ئەم ئایینە هیچ ڕەگەز پەرستیەیەکی تیا نیە بەو جۆرەی کە لە ئایینەکانی تردا هەیە.

وام لێهات بۆ ماوەی یەك هەفتە هەموو ڕۆژێك دەچووم بۆ مزگەوت بەبێ ئەوەی کەس هیچم پێ بڵێت یان بمدوێنێت، تا ئەو کاتەی ڕۆژێکیان دانیشتبووم لە مزگەوت یەکێك لە موسڵمانەکان هات بۆ لام و پێی وتم :با فێری دەستنوێژت بکەم).

علی گواتیمالا بە پێکەنینەوە دەڵێت: کە ئەو وتی (وضوء) سەرەتا وا گومانم برد کە دەیەوێت (ڤوودوو)م فێر بکات کە جۆرێکە لە جۆرەکانی جادوو، بۆیە دەست بەجێ سڵم کردەوە چونکە چۆن دەبێت موسڵمانان خەڵکی فێری جادوو بکەن، بەڵام ئەوەبوو پێی وتم کە (وضوء) لە زمانی

عەرەبی دا مانای دەست نوێژگرتنە، ئیتر منیش بە گوێم کرد و چووم دەستنوێژم شت و دواتریش موسڵمانبوونی خۆمم ڕاگەیاند و بەردەوام بووم لەسەر هات و چۆی مزگەوت بێ هیچ ترس و دوودڵی یەک.

پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە دوای موسڵمانبوونی خێزانەکەی فشاریان خستۆتە سەری بەتایبەتی لەلایەن خوشکێکی یەوە کەلەسەر ئایینی جوولەکەیەو، لەسەرەتای موسڵمانبوونی دا بەوە ترساندوویەتی کە موسڵمانان دەیکوژن و، ئەمەش وای لێکردووە بترسێت و ماوەیەک نەچێت بۆ مزگەوت.

بەڵام دواتر کە خوشکەکەی بینیویەتی ژیانی براکەی بەلای باشیدا گۆڕاوە بە ڕاشکاوی پێی وتووە کەوا (ئەوانەی بانگیان کردویت بۆ ئیسلام ڕاستیان کردووە و هەڵیان نەخەڵەتاندوی)و، کاتێکیش کە زانیویەتی دەچێت بۆ حەج داوای لێکردووە دیارییەکی لە مەککەوە بۆ بەرێتەوە. لەدوای ئەو فشارە دەروونی یە و بزربوون و دوورکەوتنەوە لە مزگەوت، لەناخەوە هەستی کردووە کە بەرەو مزگەوت کێش دەکرێت و ئەمەش وای لێکردووە بگەڕێتەوە بەرەو مزگەوت و بەرەو ئەوەی زیاتر قووڵ بێتەوە لە ئیسلامدا و دەست بکات بە بانگەواز بۆ ئیسلام لە سنووری شارەکەیدا.

سەبارەت بە گەشتی حەج و بینینی کەعبەی پیرۆزیش بۆ یەکەم جارلە ژیانیدا دەڵێت:(ئەو ڕۆژانەی حەج باشترین ڕۆژێکن کە بەسەرم بردبێت لە ژیانمدا، بەتایبەتی کاتێک کە دەزانم ئەم شوێنانەی سەردانیان دەکەم بریتین لەو جێگایانەی کە پێغەمبەر (ﷺ)لە کاتی ئەنجامدانی دروشمەکانی حەجدا پیا تێپەڕیوە.

پێشتر کەعبە و مزگەوتی حەرامم تەنها لە تەلەفزیۆندا دەبینی و لە ناخمدا ئاواتەخواز بووم کەزیارەتیان بکەم و لە نزیکەوە بیان بینم، بەڵام کاتێک بۆ



یەکەم جار چاوم بە کەعبە کەوت هەردوو قاچم وشک بوو نەمتوانی لە جێی خۆم بجوڵێم و هەستم بە خۆم نەکرد و لەگەڵ موچڕکێکی سەیردا بە کوڵ دەستم کرد بە گریان و بۆ ماوەیەک نەمتوانی بجوڵێم و ئەو دیمەنە لە مێشکمدا چەسپی.

پێنج ساڵ بەهۆی حەبی خەوەوە دەنوستم ، بەڵام کاتێک لە (منى) سەرم نایەوە ، بەبێ ئەوەی حەبەکان بخۆم خەوم لێکەوت و هەستم بە حەوانەوەیەکی وەها کرد کە دەمێکە لێی بێ بەشم و بەدوایدا دەگەڕێم.

حاجی عەلی گواتیمالا یەکێکە لە 17 هەزار موسڵمان کە پێشتر لەسەر ئایینی جوولەکە و نەسرانیەت بوون و بەتەواوی ویستی خۆیان هاتوونەتە سەر ئایینی ئیسلام و هەر هەموویان لە سایەی یەک ئایین و لە یەک خێوەتگەدا لە (منى) کۆبوونەتەوە و یەک دروشم و یەک وتە دووبارە دەکەنەوە (لبيك اللهم لبيك).

## ئافرەتێکی هۆڵەندی‌وخەوێک

دکتۆر محمد موسى الشريف موشریفی پێگەی (التاريخ) دەڵێت :دکتۆر مصطفى ئوزجان کەخەڵکی ئەستەنبوڵە و مامۆستای زمانی عەرەبیی‌یە لە زانکۆی (روتردام) لە هۆڵەندا، بۆی گێڕامەوە کە ئافرەتێکی هۆڵەندی موسڵمان دەبێ و شوو دەکات بە کوڕێکی تورک ودووگیان دەبێت وهەندێ جار ڕاڕا دەبێ کە بۆچی موسڵمان بووە، شەوێکیان لە خەویا لەبەردەمی قەبری باوکیا وەستاوە(کە بەکافری مردووە)و قەبرەکە دەکرێتەوەو باوکی بە سوتاوی وبە حاڵێکی خراپ دەبینێت، باوکی داوای لێدەکات کەئەمیش بچێت بۆ لای، ئەمیش دەڵێت: ئەگەر بێم بۆ لات کۆرپەلەکەی سکم زیانی پێدەگات، ئنجا باوکی پێی دەڵێت: زۆر جار ڕاڕایت و دەڵێیت کە بۆچی

موسڵمان بوویت،ئایا وانیە ؟؟ ئەمیش دەڵێت:بەڵێ وایە، باوکی دەڵێت : حەزدەکەیت وەکومنت لێبێت، سەیری جەستەم بکە چۆن سووتاوە، ئەمەش بەهۆی ئەو بیروباوەڕەوەیە کە هەم بوو، کچم دەست بگرە بە ئاینەکەتەوەو پاشگەز مەبەرەوە، ئیتر دوای ئەم خەوە تەواو دڵنیا بوو لە هەق وڕاستی پەیامی خوا .(المجتمع ژ1785 لە 2008/1/19).

### ئافرەتێکی نووسەری دانیمارکی

پاش بڵاوبوونەوەی وێنەکاریکاتێرییەکانیدانیمارك،کە ناهەقییەکی گەورە بوو بەرامبەر حەزرەت (ﷺ)و،کاردانەوەی موسڵمانانیش بەرامبەری وای کرد لە ئافرەتێکی نووسەری دانیمارکی کەناوی (نینا)بوو دیراسەی ئیسلام بکات و دواتریش موسڵمان ببێت و ناوی خۆی بکات بە عائیشە .

نینا دەڵێت: خۆم ئامادەکرد بۆ حەج وهەرگیز ئەو خۆشیەم بیرناچێت کە بۆ یەکەم جار پێم نایە فڕۆکەخانەی جەددەوە،خەڵکیم ئەبینی هەمووی بەیەك بەرگەوەو بەوپەڕی شەوق و خۆشیەوە دەستە دەستە کەوتبونە ڕێ بەرەو مەککەی پیرۆز،کات زۆر بەخاوی دەڕۆیشت ومنیش زۆرم پەلە بوو بۆ گەیشتن بە ماڵی خواو بینینی کەعبەی پیرۆز و، تامەزرۆی یەکەم سووجدە بووم لەو شوێنە پیرۆزەدا.

هەرئەوەندەی شۆفێرەکە وتی:وا گەیشتینە مەککە ،کەوتمە فرمێسك ڕشتن، هەرچیم کرد کەف وکولّم دانەئەمرکایەوە، تا خوشکێك کە لەگەڵمان بوو هۆشیاری دامیّ و، وتی: واگەیشتینە ناو مزگەوتی حەرام . نازانم چیباسکەم ،مەگەر یەکیّ خۆی ببینێت و بزانێت چیەو چۆنە.

هەرچەند زۆر شارەزا نەبووم بەڵام دەمزانی کە من فەریزەیەکی گەورە ئەنجام ئەدەم و پاك ئەبمەوە لە هەموو ڕابردووم . ئنجا ئەزموونی خۆمم لە



پەڕاوێکدا نووسیەوە سابەڵکو خوایگەورە بیکات بە مایەی هیدایەتی دانیمارکییەکان .(گۆڤاری الوطن ی سعودی ).

### موسڵمانبوونی نووسەرێکی جوولەکەی ئەڵمانی

نووسەرو ڕۆشنبیری جوولەکەی ئەڵمانی تەمەن 61 ساڵ هنریك م برۆدەر کەتا ساڵی 2007 دوژمنێکی سەرسەختی ئیسلام بوو،موسڵمان بوو ناوی خۆی کرد بە هنریك محمد برۆدەرو وتی : هەموو گوێتان لێبێت من موسڵمان بووم .

لە دیدارێکدا لەگەڵ ئیمامی مزگەوتی ڕەزا لە نیوکۆڵندا وتی : من شانازی دەکەم بەوەی کەئەندامی ئومەتێکم کە ملیارێك وسیّ سەد ملیۆنە .

من لە ئازارێکی دەروونیدا بووم بەزۆر سەرکوتم دەکرد ، بە موسڵمان بوونم ڕزگارم بوو.من وازم لە ئاینێك نەهێناوە بەرەو ئاینێکی تر بەڵکو گەڕاومەتەوە بۆ ئاینێکی سرووشتی کەمرۆڤ لەسەر ئەو ئاین و فیترەتە لە دایك دەبێت .(سایتی یەکگرتوو ).

### دووموسڵمانی سویدی وکۆڕێك

ڕێکخراوی گەنجانی موسڵمان ئێوارەی 27-2-2008 کۆڕێکیان بۆ دوو موسڵمانی سویدی بەناوی عەبدول وەدود فرانك وعبداللە تۆماس سازکرد لە قوتابخانەی سانت ئیسکل لەشاری ئیسکلیستونای سویدی لە ژێرناونیشانی ( محمد(ﷺ) الرجل والنبی) .

سەرەتا عەبدول وەدود کەلە دوای موسڵمانبوونیەوە حەوت ساڵ لە مەدینە زانستە ئیسلامیەکانی خوێندووە ، باسی ژیان و ڕەوشتە بەرزەکانی حەزرەتی(ﷺ) کردو، ئنجا عبداللە تۆماس کەلە دوای موسڵمان بوونیەوە دوو ساڵ لە مەدینە زانستە ئیسلامیەکانی خوێندووە ،باسی کەسایەتی

پێغەمبەری(ﷺ) کردو باسی وێنە کاریکاتێرییەکانی کردو وتی: هەرچەند جێی نارەزایی‌خەڵکانێکی زۆرە بەلاّم سەرەنجام بە خێر دەگەڕێت بۆ موسڵمانان .

## سەرۆک پۆلیسی شاری سان هۆزی موسڵمانبوو

ڕۆژنامەی سان هۆزی ئەمریکی لە ژمارەی 2004/10/12 دا بڵاوی کردەوەکە(رۆب دافیز)ی مەسیحی‌کە سەرۆك پۆلیسی‌شاری‌سان هۆزی‌یە، کە یەکێکە لە شارە گەورەکانی ئەمریکا موسڵمانبوو.

ڕۆژنامەکە دەڵێت: ناوبراو ڕەمەزان بە ڕۆژوو بووەو هەر ئێوارەیەش لە ماڵی موسڵمانێك بەربانگی کردۆتەوە.

لەوتارێکدا ڕۆژنامەی واشنتۆن تایمز لە 2004/10/15دا دەڵێت:قوتابخانەکانی پایتەخت ودەوروبەری دانیان ناوە بەجەژن و بۆنە ئیسلامیەکانداو قوتابیان بۆیان هەیە لەو کاتانەدا دەوام نەکەن، لە ویلایەتی نیویۆرکدا بەرێوەبەرایەتی پەروەردە پاش کۆکردنەوەی ئیمزا لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی برۆکلین ئێستا ڕێدەدات بە قوتابیە موسڵمانەکان کە لەڕۆژی هەینیدا دووسەعات دەوام بەجێ بهێڵن و بچن بۆ نوێژی هەینی ..(سایتی مامۆستا حەسەن پێنجوینی ) .

## گۆرانیبێژی‌میسری شاهیناز بووە بالاّپۆش

ڕۆژنامەی الجزیرة ی سعودی لە 2008/3/9 دا بڵاوی کردەوە کە کچە گۆرانیبێژی‌میسری شاهیناز کە هاوسەری ئاوازدانەر(ئادەم حوسەین )ەو کوڕێکیشی هەیە،بووە بە بالاّپۆش و وازی لە گۆرانی وتن هێناوە لە ئەنجامی دیراسەکردنی ئیسلام و هاندانی (حنان تورك) ەوەکە هاوڵێ ناوبراوە .(ئیسلام پەیك ).



## موسڵمانبوونی ئەندازیارێکی دانیمارکی

ڕۆژی یەکشەممە ئەندازیاری دانیمارکی‌نیکۆلا شایری‌تەمەن 34 ساڵ لەسەر دەستی بانگخوازی کورد ئەحمەد موفتی لە شاری یۆتۆبۆری سوید موسڵمان بوو.(یەکگرتوو ).

## مەریەم جەمیلەی بانگخواز

بەڕاستی قەدەری خوا لە بەندەکانیدا سەرسوڕهێنەرە، هیدایەتی بۆ بەندەکانی عەقڵ تیایا دەوەستێ (سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَى أَمْراً فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ)..

مەریەم جەمیلە یەکێکە لەوانەی کە خوا هیدایەتی‌دا لە سەردەمی دواکەوتوویی موسڵماناندا، لە سەردەمی گومان و شوبهاتدا، لە سەردەمی تێکشکاندنی خەلافەتی ئیسلامیدا، لەو سەردەمەی کە دوژمنان وەك گورگ دەمیان ژەنیبووە گیان و لاشەی موسڵمانان و هەر یەکەی پارچەیەکی لێ ئەپچڕی..

مەریەم جەمیلە ناوی (مارگریت مارکۆس)ەو، لەدایك و باوکێکی جولەکەی بە بنەچە ئەڵمانی لە ساڵی 1934دا هاتە دنیاوە لە نیویۆرك.

ژیانی لەو کەش و هەوای نەفامی یەدا بەڵگەیە کە خوای گەورە چاودێری کردووە و هەڵی گرتووە بۆ کارێکی مەزن و دوارۆژێکی ڕوون..

ژیاننامە و گەشتی ئەم شاژنە ئەوەندە مەزنە کە ئەگەر ئیعلامی ئیسلامی خاوەنی خۆی بوایە و دەسەڵاتی خۆی هەبووایە دەبوو فلیمێکیان لەسەر دەربکردایە، کە ژیاننامەی ئەو بە ڕاستی گرنگترە لەزۆر لەو ژیاننامانەی کە کراون بە فلیم و بە ملیۆنەها دۆلاری بۆ سەرف کراوە و ملیۆنەها کەس بینیویانە..

ئەم ئافرەتە لە کەشوهەوای نیویۆرك و ئەمریکادا خۆی دوور دەگرت لە چەوتیەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، هاوڕێیەتی کەسی نەدەکرد، هەرگیز نەدەچوو بەلای مەی دا، گوێی بە مۆدێلات و جل و بەرگ و خۆ ڕازاندنەوە نەئەدا وەك هاوتەمەنەکانی..

هەر لە منالّی یەوە ئامادەی وانەی یەك شەممان دەبوو کە حاخامێکی جوولەکە وتاری پێشکەش دەکرد.. ڕۆژێکیان گوێی لە وتاری حاخامێك بوو کە باسی ئەوەی کرد، کە ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت باوکی ئیسماعیلە کە عەرەب دەچنەوە سەر ئەو، هەروەها باوکی ئیسحاقیشە کە جوولەکە نەوەی ئەون..

ئەم کیژۆڵەیە بەم وتارە ئەوەی لا دروست بوو کە جوولەکە و عەرەب دەکرێ پێکەوە بژین مادام نەوەی یەك باوکن....

زۆر حەزی دەکرد سەربدات لە فەڵەستین تا عەرەبەکان کە ئامۆزای جوولەکەکانن لە نزیکەوە بناسێت! بەڵام ئەم خەوو خەیاڵەی لێ شێوا کاتێ بینی باوك و دایکی زۆر دڵخۆشن بە بڕیاری دابەشکردنی فەڵەستین لە ساڵی 1947دا... هەروەها زۆری لاسەیر بوو کە دایك و باوکی یارمەتیان کۆ دەکردەوە بۆ دەوڵەتی جوولەکە.. لەگەڵ دایك و باوکیدا موناقەشەی دەکرد کە چۆن دەبێت دڵخۆش بن بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر موڵك و ماڵی عەرەب..

دایك و باوکی سەریان سوڕما لەم تەرزە بیرکردنەوەیەی کچەکەیان ئەویش کە هیچ وەلامێکی دەست نەدەکەوت لێیان، ڕووی کردە خوێندنەوە، خوێندنەوەش بردی بەرەو هیدایەت..



سەرەتا قورئانێکی وەرگێڕدراوی خوێندەوە کە (محمد بیکهۆڵی) بەریتانی وەری گێڕابوو بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و ڕاڤەی کردبوو..

ئەم وەرگێڕانە زۆر کاری تێکرد و کاتێ بەراوردیشی کرد لەگەڵ وەرگێڕانەکەی (یوسف علی)دا ئەمی زۆر پێباشترو بەهێزتر بوو..

ئینجا سەردانی کتێبخانەی نیویۆرکی کرد و پەڕاوی (مشكاة المصابيح)ی دەست کەوت کە بە هەزاران فەرموودەی حەزرەتی تیایە(ﷺ)، وە چەند بەرگێکەو وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی.. دیراسەکردنی قورئان و سوننەت وای کرد کە شارەزایی باش پەیدا بکات و ڕێی لێ نەشێوێت و بەرچاوی ڕوون بێت.

لە ساڵی 1952دا دواناوەندی تەواوکرد و چووە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی نیویۆرك، بەڵام ئەوەندە ماندوو بوو لە گەڕان بە دوای ڕاستیداو، لە بەراوردکردنی ئایینەکاندا، نەخۆشکەوت و نزیکەی دوو ساڵ لە خەستەخانە مایەوە بۆ چارەسەری دەروونی، خەریك بوو تەواو بڕوای بە هیچ نەمێنێ، خوای گەورە فریای کەوت و، بە هۆی خوێندنەوەی زۆرەوە، بەهۆی هیممەتی بەرزیەوە، توانی لە ئەمریکاوە پەیوەندی بکات بە زۆر لە کەسایەتی یە ناودارەکانی ئەو زەمانە، کە هۆکاری پەیوەندی کردنیش زۆر گران و زەحمەت بوون و وەك ئەمڕۆ نەبوون..

توانی پەیوەندی بکات بە کەسایەتی ناوداری موسڵمانی جەزائیری یەوە (بشير الأبراهيمي)، هەروەها پەیوەندی کرد بە مامۆستا (سعيد رمضان)ەوە کە زاوای ئیمام بەننا بوو هەڵهاتبوو لەدەست دەوڵەتی میسری و لەجنێف دەژیا، کەئەویش هانیدا پەیوەندی بە مامۆستا(سیدقطب)ەوە بکات.

له ساڵی 1954 و 1955 دا پەیوەندی کرد بەمامۆستا(سید قطب)ەوە کە ئەو کاتە لە بەندیخانەدا بوو.. مامۆستا سەیدیش لە ڕێگەی (ئەمینە)ی خوشکی یەوە هانی داکە کتێبەکانی مامۆستا مەودودی بخوێنێتەوە و پەیوەندی پێوە بکات..

ئەم کیژە کەتەمەنی نزیکەی 25ساڵێك دەبوو، عەقڵی و ژیری زۆر لە پێش تەمەنییەوە بوو، لە گۆڤارێکی ئیسلامیدا کەلە خوارووی ئەفریقیا دەردەچوو وتارێکی مامۆستا مەودودی خوێندەوە، پەیوەندی کرد بە مەودودییەوە کەلە پاکستان بوو، دوای دوو مانگ وەڵامی یەکەم نامەی دایەوە، سێ ساڵ نامەو نامەکاری لەنێوانیاندا بەردەوام بوو، لە کاتێکدا کە مەودودیزۆرسەرقاڵی (کۆمەڵێئیسلامی) بوو،کە خۆی سەرکردایەتیدەکرد.

ئەم کیژە لە نامەکانیدا هەرچی دژی ئیسلام بڵاودەکرایەوە لە ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواو ئەمریکادا ئەیگەیاندە مامۆستا و پرسیاری لەسەر دەکرد، هەربەوەوە نەوەستا بەڵکو پرسیاری دەربارەی کەسایەتی یە ئیسلامی یەکانی ئەو سەردەمەش دەکرد، وەك (شاه وەلی الله دهلوی) کە بە نوێ کەرەوەی هەزارەی دووەمی کۆچی دادەنرێت، هەروەها پرسیاری دەربارەی (محمد اقبال) و بۆچوونەکانی دەکرد و ڕای خۆی لە بارەیەوە دەخستە ڕوو، مەودودیش لە زۆریاندا لایەنگری ڕاکانی بوو هەندێ شتیشی بۆ ڕاست دەکردەوە،کە ئەمەش بەڵگەی قووڵی ڕۆشنبیری ئەو کیژەیە..

دەنگوباسی عبدالناصر و طه حسین و ئەتاتورك دنیای پڕ کردبوو، ئەمیش هەر لەو دوورەوە هەڵسەنگاندنی خۆی هەبوو بۆیان، لە کاتێکدا کە زۆرلەجەماوەری موسڵمانیجیهانیئیسلامی بە هاشەو هوشەو پڕوپاگەندەیان



خەڵەتابوون، مەریەم گاڵتەی بەبیرو بۆچوونەکانیان دەهات و دەیزانی کە ئەوانە موسڵمان نین بەڵکو دژی ئایین کار دەکەن.

مەریەم ئاگاداری وردی جیهانی ئیسلامی بوو، دەیزانی نوورسی چ کارێکی کردووە، زۆر بە جوانی هەوڵەکانی هەڵدەسەنگێنێ و دەڵێت: زیادە ڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین ئەوەی ماوە لە ئیمان و ئیسلام لە تورکیادا فەزڵەکەیدەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ وکۆشش وخۆگری(بدیع الزمان نوورسی) ..

هەروەها پرسیاری کرد لەبارەی قادیانیەکانەوە کە سەرەتایان بوو لە بڵاوکردنەوەی گومڕاییەکانیاندا لە ئەمریکا و خەریکی دروستکردنی مزگەوتی (ضرار) بوون بۆ سەرگەردان کردنی خەڵکی بە فیتی ئینگلیز و دوژمنانی ئیسلام.. لە ساڵی 1961دا چوو بۆ لای (داود فیصل) ئیمامی مزگەوتی (بروکلین) لە نیویۆرك و موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند و ناوی خۆی گۆڕی بە (مەریەم جەمیلە)..

**تاقیکردنەوە و دامەزراوی:** کاتێك کە موسڵمان بوو، ڕابوونی ئیسلامی سەرەتای بوو، موسڵمانان زۆر لە ئیسلام دوورکەوتبوونەوە، خوا ڕەحمی کرد کە ئیسلامەتی لە موسڵمانانەوە یەکسەر وەرنەگرت و هەریەکەی بەلایەکدا بیبەن، بەڵکو خۆی دیراسەی قورئان و سوننەتی کرد بە چاکی و بەو دوو چرایەوە کەوتە ڕێ و زۆر خۆی ڕاگرت..

هەر لە سەرەتاوە سەرتاپا خۆی داپۆشی، کە ئەمەش زۆر سەیر و سەمەرە بوو بۆ ئەمریکای ئەو سەردەمە، لە وڵاتە ئیسلامی یەکاندا خۆداپۆشین سەیر بوو، جا وەرە لە ئەمەریکا.

زۆر دژایەتیان کرد و لۆمەیان کرد، ئاوڕی لە هیچ نەدایەوە..

سەردانی مزگەوتی دەکرد، هەندێ موسڵمانی تورك و عەرەبی دەبینی کە تا سەر ئێسقان لایەنگری ئەتاتورك و عبدالناصر بوون، ئەمیش باش لەو دووانە تێگەیشتبوو، دەیزانی کە لە هەوڵی نەهێشتنی ئیسلامدان و فریان بە ئیمان و ئیسلامەتی یەوە نیە!

مامۆستاکەی کە لە مزگەوتدا لە ئەمریکا فێری عەرەبی دەکرد، زۆر لایەنگری ئەتاتورك بوو، بەتایبەت کە ڕێی حەجی نەئەدا، گوایە ئابووری تورکیا باش نیە و پارە سەرف کردنیش بۆ حەج کار دەکاتە سەر ئابووری تورکیا.. ئەمیش گاڵتەی بەو قسانە دەهات و دەیوت باشە ئەتاتورك خەڵکی هان دەدات بۆ چوون بۆ ئەوروپا و بۆ خاریج بۆ ئەوە کارناکاتە سەر ئابووریەو بۆ حەج کاردەکات؟!

قوتابیەکی سعودی هات بۆ لای و وتی: (هەق وایە قوتابی یە موسڵمانەکان لەگەڵ گاورەکان ئامادەی کەنیسەی ناو زانکۆ بن و لەگەڵیاندا نوێژی گاورەکان بکەن، یان هەر هیچ نەبێ ئامادەی وانە ڕەوشتیەکانی مەسیحی یەکان بن لە زانکۆدا)!! .کە ئەمەش بە ڕاستی داڕووخانە تا دوا پلە، چۆن موسڵمان دەبێ ئاوا بیر بکاتەوە و شوێن مەسیحی یەکان بکەوێت؟!

ڕۆژێك سەردانی بنکەی بازرگانی تونسی کرد لە نیویۆرك، بینی پڕە لە مەشروبات و، ئافرەتێکی فەرەنسیشی بینی لە بنکەکەدا کە زۆر سەرسام بوو بەکارەکانی (بورقیبە)(سەرۆکیئەوسایتونس)کە دژایەتی ئیسلامی دەکرد ؟!

کاتێك مەریەم زانکۆی تەواو کرد دەگەڕا بەدوای کارێکدا ،لەبەر باڵا پۆشی یەکەی کەس کاری نەئەدایە، چوو بۆ مەرکەزی عەرەبی لە نیویۆرك تا کارێکی بۆ بدۆزنەوە، زانیان جوولەکەیە و موسڵمان بووە و حەزی بە فیکری عبدالناصر نیە، پاش چاو پێکەوتنێکی سارد و سڕ بە نائومێدی جێی هێشتن.



لە مزگەوتدا هەرجارە و قوتابیەك وتارێکی ئامادە دەکرد و لە خوتبەی هەینی دا دەخوێنرایەوە، سەرەی ئەم هات و وتارێکی نووسی و هاوەڵێکی خوێندی یەوە، کە باسی وەزعی موسڵمانان و دەرد و نەخۆشی یەکانی کردبوو، وە هەروەها چارەسەریشی بۆ دانابوون، کە ئەویش وازهێنان بوو لە دەردی نەتەوایەتی... دوای وتارەکە قوتابی یەکان هەموو لێی ڕاست بوونەوە و نارازی بوون لە قسەکانی!..بەڕاستی مەریەمی تازە موسڵمان زۆر تووشی تاقی کردنەوە و دژایەتی کردن بوو لە بیروڕاو عەقیدەیدا، هەموو ئەوانەشی دەگەیاند بە مامۆستا مەودودی!

دایك و باوکی لەسەر ئەوە بوون کە خانەنشین بکرێن و، نیازیان بوو ئەو شوققەیەیان کە چوار ژوور بوو چۆڵی بکەن و بچنە شوققەیەکی دوو ژووریەوەو، داوایان لێ کرد کە خۆی کارێك بۆ خۆی بکات و لێیان جیابێتەوە، بەمەش ئەوەندەی تر سەری ئاسمانی لێ هاتەوە یەك و دنیای لێ تاریك بوو.. زۆرجار مامۆستا مەودودی کە ئاگاداری بارو گوزەرانی بوو داوای لێدەکرد کە کۆچ بکات بۆ پاکستان کەچی ئەم هەر دوو دڵ بوو، تا دواجار بڕیاری دا بچێت بۆ پاکستان...

مامۆستا مەودودیش نامەیەکی ناسکی بۆ دایك و باوکی نارد و داوای لێ کردن کە ڕێی بدەن بچێت بۆ پاکستان و، هەموو ئاسانکاری یەکی بۆ دەکەن....ئەوانیش قایل بوون.

مامۆستا مەودودی وتی: ئێمە ڕەنگە نەتوانین دۆلارت بۆ بنێرین و هاوکاریت بکەین بۆ سەفەرەکەت، بەڵام بە کەشتی وەرەو خوا کەریمە.. ئەویش هەموو جرو جیازی کە چەند جانتایەك بوو کۆی کردەوە و سواری کەشتی بوو.. ئەوەی سەیرە لە ئەسکەندەری یە دابەزی و چوو لە مزگەوتێکدا

نوێژی کرد، ئیمامی مزگەوتەکە کە زانی لە ئەمریکاوە هاتووە و بەرەو پاکستان دەچێ، پێی وت: تۆ شێت بووی لە ئەمریکاوە ئەچی بۆ پاکستان؟!

سەیرکەن ئەم ئافرەتە چەند ئارامگر و خۆگر بوو، ئاخر ئیمامی مزگەوت ئەگەر خێر نالێی بۆ شەڕ دەڵێی!

پاش دەرد و چەرمەسەری یەکی زۆر گەیشتە لاهور، مامۆستا مەودودی زۆر ڕێزی لێگرت و بە دەمی یەوە بوو، دوو ساڵ لە ماڵی مامۆستادا ژیانی بردە سەر، دوایی دای بە شوو بە یەکێك لە شوێنکەوتوانی کە ناوی (محمد یوسف خان)بوو، مەریەم خان حەزی دەکرد کە مەودودی خۆی بیهێنێ، بەڵام مامۆستا داوای لێبوردنی لێ کرد و پێی باش بوو کە شوو بە (محمد یوسف) بکات، هەرچەند (محمد یوسف) هاوسەرێکی تری هەبوو خاوەنی پێنج منالێش بوو، مەریەم زۆر لای ئاسایی بوو، وە هەر لە ئەمریکاوە (فرەژنی) بە چارەسەر دەزانی و بە حیکمەتی خوای دادەنا کە لە شەرعەکەیدا ڕێی پێدراوە..

(مەریەم جەمیلە) دوو کوڕ و دوو کچی لێی بوو کە تا ئێستاش بەیەکەوە ژیان بەسەر دەبەن و هەموویان ژنیان هێناوە و شویان کردووە و دوانزە منالێشیان هەیە!

ئێستا (واتە 2008)تەمەنی نزیکەی 72 ساڵە و مایەی هیدایەتی کەسانێکی زۆرە و چواردە پەڕاوی نوسیوە کە دوانیان کراون بە عەرەبی، کە یەکێکیان پەڕاوی :(رحلتي من الكفر الى الأيمان) ە.

بەردەوام دەرس و دەوری هەیە بۆ ئافرەتان و هەردەم خەریکی بانگەوازە، چەندجار لە هەشتاکاندا نامەی بۆ دایك و باوکی نووسی و بانگی کردن بۆ ئیسلام و باسی شارستانیەتی ڕۆژئاوای بۆ کردن کە هەروەك ڕۆما خۆری ڕوو



لە ئاوابوونە بەهۆی بەدڕەوشتی و بەڕەڵایی و ستەم کردنەوە،بەداخەوە موسڵمان نەبوون و لە ساڵی 1985دا بە کافریمردن.

مەریەم جەمیلە دەڵێ: چواردە ساڵ بووم سەرم دا لە (یونسکۆ) و زۆر سەرسام بووم پێیان (کە زانست و ڕۆشنبیری جیهانی بەرەو پێش ببەن) بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کە یونسکۆ هۆکارێکە بەکاردەهێنرێت بۆ نەهێشتن و ناشرین کردنی ژیاری ئیسلامی و ڕۆشنبیری ئیسلامی.

دکتۆر (محمد الشريف) کە ئەم باسەی لە بارەی ئەم شاژنەوە بڵاو کردەوە دەڵێت: ژمارەی تەلەفۆنەکەیم پەیدا کرد و پەیوەندیم پێوە کرد، لەبەر ئەوەی کە تا ئێستا حەجی نەکردووە خۆی و مێردەکەیم دەعوەت کرد بۆ حەج لە ساڵی داهاتوودا(هەرچەند پیر بووە)، کە هیوادارم بۆ ڕەمەزان بێنە مەککە و مەدینە و تا کاتی حەج بمێننەوە و موسڵمانان سوود لە ئەزموونی ببینن و لە زۆر شوێن وتارەکانی پێشکەش بکات.

دکتۆرمحمد دەڵێت: لە تەلەفۆنەکەدا داوای لێکردم کە بە موسڵمانان ڕابگەیەنم! کە بەچاکی دیراسەی قورئان و فەرموودە بکەن و دوای شارستانیەتی خۆرئاوا نەکەون و دیراسەی (ثقافة)ی ئیسلامی بەچاکی بکەن.
(سایتی التأريخ).

### بانگخوازێکی گەشتیار

دکتۆر محمد حرب دەڵێت: عبدالرشيد ابراهيم لە (طارا) (ئومسك) لە سیبریا لە خێزانێکی موسڵمان لە ساڵی (1857) ز لەدایك بووە، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی بوخاران، تا تەمەنی بیست ساڵی لە (قوچقار) خوێندی کە قوتابخانەیەکی بەناوبانگ بووە لەو ڕۆژەدا..

عبدالرشید لە تەمەنی لاوێتی یەوە کەوتە بانگەوازکردن لە بیابانەکانی (قیرغین)، ئینجا لە ساڵی 1871دا سەفەری کرد بۆ حیجاز لە ڕێی ئەستەنبوڵەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، هەشت ساڵ لە مەککە و مەدینە مایەوە.. لە مەدینە ئیمام شامیلی ناسی کە زۆر گوڕو تینی دایە بۆ کاری ئیسلامی،ئنجا چوو بۆ ئەستەنبوڵ ولەوێش جمال الدینی ئەفغانی ناسی.

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا چوو بۆ ئەوروپا تا دژی ڕووسیا کار بکات، لە (بەرلین) ڕۆژنامەی (جیهادی ئیسلامی) دەرکرد لە ساڵی 1916دا بە زمانی تورکی بۆ ئەو دیلە موسڵمانە ڕووسیانەی کە لە جەنگدا گیرابوون.

هەر لە ساڵی( 1916ز )دابوو شێخ عبدالرشید بووە نوێنەری موسڵمانانی ڕووسیا لە (جەمعیەی گەلانی بیانی لە ڕووسیا) کە لە ستۆکهۆڵم دامەزرا. ئەمەش بۆ ئەوەی کە ستەمی ڕووسیا دژی موسڵمانان بگەیەنن بە خەڵکانی خۆرئاوا..

شێخ عبدالرشید گەشتی کرد بە جیهانی ئیسلامی دا و پاشان لە ساڵی 1934دا چووە یابان و تیایا مایەوە تا ساڵی 1944، ئەو دە ساڵە خەریکی بڵاوکردنەوەی ئیسلام بوو لە یابان و وڵاتانی دراوسێیدا..

ئاواتە خواز بوو کە پێش مردنی مزگەوتێك ببینێ لە یاباندا، خوا کردی دوو مزگەوتی بینی دروست کران..

لە ساڵی 1939دا وەزیری مەعاریفی یابانی لە پەرلەمان دا داوای کرد کە ئایینی مەسیحی و بوذیەت ئیعترافیان پێ بکرێت، لایەنگرانی شێخ عبدالرشیدیش لە پەرلەماندا داوای ئەوەیان کرد کە ئیعتراف بە ئیسلامیش بکرێ، سێ ڕۆژ دیراسەی ئەمە کراو سەرەنجام ئیسلامیش ئیعترافی پێ کرا لە یاباندا کە ئەمەش مایەی هەوڵ و ڕەنجی شێخ عبدالرشید بوو.



لە ساڵی 1944دا دنیای فانی بەجێ هێشت لەتەمەنی 87 ساڵیداو، هەموو کەناڵەکانی یابان هەواڵی مردنیان بڵاوکردەوە و دۆستان و خۆشەویستانی لە یابان و وڵاتانی دراوسێشەوە ئامادەی مەراسیمی ناشتنەکەی بوون.

شێخ عبدالرشید بانگخوازێکی لێبڕاو بوو بۆ خوا، بە زۆر وڵاتی ڕۆژئاوا یاباندا گەڕا بۆ گەیاندنی بانگی خوا بە نەبوونی و گیرفان بەتاڵی یەوە، بە جۆرێك کە زۆرجار پارەی بیتاقەی سەفەرەکەشی پێ نەبووە..

شێخ عبدالرشید کاریگەری زۆری هەبوو بەهۆی لێبڕان و ئیخلاسی یەوە بۆ دینی خوا، تەنانەت جارێك سەفیرێکی وڵاتی چین، داوا لە وڵاتەکەی دەکات کە ئاگاداری شێخ عبدالرشید بن، لەبەر ئەوەی مەترسیدارە، پرسیاریان کرد ئەو چی دەتوانێ بکات تا لێی بترسن لە وڵاتێکدا کە دانیشتوانی نزیکەی ملیارێك کەسە، وتی: ئەو ڕاستە تەنها پیاوێکە بەڵام قسەوکرداری یەکە!

شێخ عبدالرشید چەند پەڕاوێکی نوسیوە بە زمانی تورکی وەك:

1-جیهانی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئیسلامی لە یابان.

2 -ژیاننامەم.

3-دادگایی کردنی ویژدان و تەرازووی ئینساف.

4-ئەستێرەی زوهرە.

5-ئاسیا لە مەترسیدایە (لە یابانی یەوە کراوە بە تورکی) ساڵی 1908ی زایینی، 1328ی کۆچی.

ژیاننامەکەی دوو موجەلّەدە،کە یەکەمیان (620) لاپەڕەی گەورەیە و گەشتەکانی تیایە بۆ تورکستان و سیبریا و مەنغۆلیا و مەنشوریا و یابان و کۆریاو چین و سەنغافورە، بەشی زۆری ئەم موجەلّدە باسی یابانە..

موجەلّەدی دووەمی (242)لاپەڕەی گەورەیە و لە سالّی 1909ز دا (1329)ی کۆچی لە ئەستەنبولّ چاپ کراوە، کە ئەمەش باسی گەشتەکانی شێخ عبدالرشید دەکات بۆ سەنغافورە و دوورگەکانی ئۆقیانوسی هیندی و نیوە دوورگەی عەرەب و ئەستانبولّ و تیایدا باسی حالّی موسلّمانان دەکات لەو ناوچانەدا، بە تایبەت ئەو ستەمەی کە دەکرا لە موسلّمانان لە دوورگەی (جاوە) و (ملقە)دا.

هەروەها باسی ستەمی ئینگلیز و هۆلّەندی یەکان دەکات بەرامبەر موسلّمانان.. هەرلەم موجەلّەدەدا باسی سەفەری حەجی دەکات و تیایدا وەسفی ئەو کاتەی حیجاز دەکات کە لە لایەنی مێژوویی یەوە مەسەلەیەکی گرنگە. ( پێگەی المدینە دۆت ئۆرگ ).

د.محمد موسی الشریف لە بارەی شێخ عبدالرشیدەوە لە بەرنامەیەکیدا لە کەنالّی (اقرأ) دەلّێت:

شێخ عبدالرشید لە تەمەنی لاویدا هات بۆ مەککەو مەدینە بۆ فێربوون، چەند سالّێك مایەوە تا تەواو بووە زانا لە بواری ئیسلامەتی دا، کە گەڕایەوە ولآتەکەی خۆی کرا بەقازی وجێگری موفتی، کەوتە بانگەوازکردن و نامەناردن بەم لاولادا، حکومەتی قەیسەری لە چالاکی و جموجوولّی زۆری ترسان، کە هەستی کرد پیلانی بۆ دادەڕێژن، چوو بۆ ئەستەنبولّ و داوای لە خەلیفەی عوسمانی کرد فریای موسلّمانانی ڕووسیا بکەوێ، بەلآم بە داخەوە



کاتەکە درەنگ و ناوەخت بوو، حالّی موسلّمانەکانیش زۆر خراپ بوو بۆیە خەلیفە هیچی بۆ نەکرا..

لە جەنگی جیهانیدا ڕووسیاو قەیسەر سەرقالّی خۆی بوو،بۆیە شێخ عبدالرشید گەڕایەوە ڕووسیاو کەوتەوە بانگەواز کردن..

لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا، بەیانیان پێش نوێژ چەندی بتوانیایە شەو نوێژی دەکرد، پاشان ئیمامەتی نوێژی بەیانی بۆ موسلّمانان دەکرد، پاشان ئامۆژگاری دەکردن و دەرسی پێ دەوتن، ئینجا دوای خۆرهەلآتن لە حوجرەکەی خۆیدا دائەنیشت منالآنی یابانی فێری قورئان خوێندن دەکرد.

شێخ عبدالرشید لە لیبیا جەنگا لە سوپای عوسمانی دا دژی ئیتالّیا، هەروەها لەسوپایعوسمانیدا دژیدوژمنان جەنگا لە جەنگیجیهانی یەکەمدا.

لەگەلّ ئەو هەموو بارو زروفە ناهەموارەی ئەو ڕۆژە، ئەم زاتە پایە بەرزە بانگخوازە ورەی نەڕووخاو کۆلّی نەدا، دەیان سالّ خزمەتی ئیمان و ئیسلامەتی کرد لە چوارقورنەی دنیادا.. هەزاران ڕەحمەت لە شێخی بانگخواز، کە انشاءالله هەروەك ڕووسوری دنیا بوو، ڕووسوری قیامەت و بارەگای خوایی دەبێت لەو ڕۆژەدا کە هیچ نیە فریای مرۆۋ بکەوێ مەگەر ڕەحمەتی خواو کردەوەی چاك وبانگخوازی.

### کارێکی مەزن بۆ ئیسلام

بەردەوام بزوتنەوەکانی چاکسازی وگەڕانەوە بۆسەر ئایین لێرەو لەوێ دەرکەوتوون و ڕۆلّی خۆیان بینیوە، یەکێ لەوانە ئەو هەولّەیە کە درا بۆ گەڕانەوە بۆ ئیسلام لەسەرووی نەیجیریا کە ئێستا (تشاد)ی پێ دەلّێن، بە ڕەنج و هەولّ و ماندووبوون کەسانێکی لێ بڕاو بۆ خوا توانیان کە دەولّەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن لەو ناوچەیەدا کە نزیکەی سەد سالّ درێژەی کێشا،

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیست بەمەش بانگەوازی ئیسلامی بە ئەفەریقادا بڵاوبۆوە.

**عثمان دان فۆدیۆ**

ناوبراو لە ساڵی 1754ی زایینی لە وڵاتی (هوسا) لە دایك بووە لە ئەفەریقیا.. باوك و دایكی خواناس بوون و كاریگەری زۆریان هەبوو لەسەری، هەر لە سەرەتای لاوێتی یەوە هەستی بە نەفامی و جاهیلیەتی گەلەكەی كرد و كەوتە هەوڵ دان بۆ چارەسەركردنی.

زۆرجار بە شانازی یەوە باسی ئەوەی دەكرد كە (حەوا)ی دایكی و (ڕۆقیە)ی نەنكی فێری خوێندنیان كردووە لە منالێیدا، كە ئەمەش ڕۆشنبیری خانەوادەكەی پیشان دەدات لەو ڕۆژگارەدا.

شێخ (جبریل) مامۆستای بوو، دوو فەزڵی گەورەی هەبوولەسەری:

**یەكەم/** بە جوانی پەروەردەی كرد و كەسایەتی بۆ دروست كرد.

**دووەم/** یەكەم كەس بوو كە بەیعەتی لەگەڵ كرد لەسەر جیهاد كردن لەو ناوچەیەدا... عثمان دان فۆدیۆش هەمیشە فەزڵی مامۆستاكەی لەبەرچاو بوو زۆرجار ئەم دێڕە هۆنراوەی دەوتەوە:

ان قيل في بحسن الظن ماقيل ... فموجة أنا من أمواج جبريلا

واتە/ ئەگەر بە (حسن الظن) خەڵكی بە گەورەیی بۆ من بڕوانن و باسم بكەن، ئەوا من شەپۆلێكم لە شەپۆلەكانی شێخ جبریل.

بانگەوازكردن لەو ناوچەیەدا كە بیروبۆچوونی نەفامی مێشكی خەڵكی پڕ كردبوو كارێكی ئاسان نەبوو، ئەمە بێجگە لەوەی كە كێشمەكێشی گەورە هەبوو لەسەر دەسەڵات و ڕزق و ڕۆزی و چەوسانەوەی خەڵك، لەو



ناوچەیەدا لە زۆر شوێنی ئەفریقادا هۆزایەتی زاڵ بوو، دوژمنایەتی و ئاژاوەی نێوانیان نەئەبڕایەوە، ڕاستە سەدان ساڵ بوو ئیسلام گەیشتبووە ئەو ناوچەیە بەڵام بەداخەوە بەباشی پەیڕەو نەدەكرا و كەسانێك بەناوی ڕێبازی سۆفیەتەوە یان لە ڕێی سیحر و جادووەوە خەڵكیان ئیستغلال دەكرد.

لەم كەشوهەوایەدا شێخ عثمان كەوتە بانگەواز كردن و ڕزگار كردنی گەلەكەی لە جاهیلیەت و دەسەڵاتی كاربەدەستە ستەمكارەكان، سەرەنجام توانی دەوڵەتێكی ئیسلامی دابمەزرێنێت كە زیاتر لە سەد ساڵ بەردەوام بوو.

شێخ عثمان لە بانگەوازەكەیدا ڕۆڵی گرنگی ئافرەتی خستەڕوو لە هێنانەكایەی ڕاپەڕین و هۆشیاربوونەوەیەكی كۆمەڵایەتی دا، ئافرەتانی بۆ خوا سوڵحاویش هاتنەمەیدان و ڕۆڵی بەرچاوی چاكیان بینی.

هەروەها شێخ عثمان سوودی وەرگرت لە هۆنراوە و موەشەحات كەلەو سەردەمەدا باوبوو بۆ گەرمكردنەوەو بەرزكردنەوەی ورەی شوێنكەوتووانی،هەر لەڕێی هۆنراوە و موەشەحاتەوە ڕەوشتی بەرز و كاری چاكە دەماودەم دەڕۆیشت و خەڵكی هان ئەدا بەو ئاقارەدا...

لە ساڵی 1774 ز تا 1803 ز واتە سی ساڵ بانگەوازی كرد بەبێ ئەوەی بیەڵێ ڕووبەڕووبونەوە ڕوودات لەگەڵ كاربەدەستاندا.

لەم قۆناغەدا چەندەها پەڕاوی نووسی و بڵاوی كردەوە كە دەگاتە زیاتر لە (150) دانە، هەر لەم قۆناغەدا بوو كە بە شارو لادێكاندا دەگەڕا و توانی كۆمەڵێكی زۆر لایەنگر و قوتابی پەیدا بكات، كە وێنەی جوانی ڕاستەقینەی ئیسلام بخەنە بەرچاوی خەڵكی.

ڕەنج و خەباتی شێخ عثمان هاتەبەر و هاوڵاتیان وایان لێهات شتێك بێ ئەمری خوای تیابوایە نەیاندەكرد، ئەمەش وای لە پاشای ناوچەكە كرد كە داوا

لە شێخ بکات ناوچەکە بەجێ بهێڵێ.. شێخیش بڕیاری دابوو کۆچ بکات، کۆچی کرد و شوێنکەوتووانیش لە هەموو لایەکەوە کۆچیان کرد لەگەڵیا، ئەم قۆناغەش تا ساڵی( 1808ز )ی خایاند.

شێخ عثمان توانی دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێ و سەد ساڵیش بەردەوام بێت تا ئینگلیز هاتنە ناوچەکەوە، ئەوکاتە پاشای ناوچەکە سوپایەکی ئامادە کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بڕواداران، لەم جەنگەدا موسڵمانان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا، بەم جۆرە جیهادی چەکداری هاتە کایەوە و بەیعەت کرا لەگەڵ شێخدا وەك سەرکردە و پێشەوا لەسەر قورئان و سوننەت.

شێخ عثمان وتاربێژێکی بەتواناو شاعیرێکی لێهاتوو بوو، ڕەوشت بەرز و متواضیع بوو، پابەند بوو بە شەرعی خواوە، خۆشەویست بوو لەلای خەڵکی.. بەم جۆرە بە هەوڵ و کۆششی کەسێکی بۆخوا سوڵحاوی بانگخواز ئیسلامەتی لەناو ئەفریقیادا ڕەگی زیاتر داکوتا و نموونەیەکی جوانی باڵای پێشکەش کرد..

لە ساڵی 1817دا شێخ عثمان کۆچی دوایی کرد و نەوەیەکی خواناس و چاك وبەرهەمێکی فیکریبەپێزی لەدوای خۆیبەجێهێشت (التأريخ . كوم).

## سۆفیا ماسترنیالی

پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵ بوون بووم، ناوم (سۆفیا ماسترنیالی) بوو، لە وەفدێکی نێردراودا بووم بۆ بەنگلادش بە مەبەستی گۆڕینی بیروباوەڕی خەڵکەکەی، بەڵام بە ڕواڵەت وا نیشانم دا کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ژنە هەژارانە چووین، مەبەستمان بوو کە ئیسلام بشێوێنین و،وا بیخەینە بەردیدەیان کەئیسلام هۆکاری سەرەکی و ڕاستەوخۆی نەهامەتییەکانی ئەو خەڵکەیە بە



گشتی و هی ئافرەتانیشە بە تایبەتی لە هەژاری و دواکەوتووی و نەخۆشی ، بەدەمەوە چونێکی دیارم لەو ژنە نەخۆشە هەژارانەوە نەدی، بەڵکو یەکێ لە نەخۆشەکان لە مەبەستی شاراوەم تێگەیشت بۆیە هەوڵی دا بۆم ڕوونی بکاتەوە کە ئیسلام پەیامێکی لەبن نەهاتووی نەبڕاوەیە، پێغەمبەر (د.خ)کاتێك کەبێباوەڕان ویستیان لە باوەڕەکەی ساردی بکەنەوە پێیفەرموون:(واللّٰه گەر خۆر بخەنە لای ڕاست ومانگ بخەنە لای چەپم بەرامبەر بەوەی واز لەم ئاینە بهێنم، وازی لێ ناهێنم تاکو خوای گەورە دەری ئەخات و سەر ئەکەوێت، یان سەرم لە پێناویدا دائەنێم).

ئەو ژنە نەخۆشە بەردەوام بوو لەسەر ڕوونکردنەوەکانی و وتی هەرچەند هەژار و نەخۆشم واز لەدینەکەم ناهێنم ،ئەم ئاینە مەزنەی ئێمە نکۆڵی لەئاینە پێشینەکان ناکات بەڵکو بۆ ئەوەی موسڵمان ئیمانی تەواو بێ، پێویستە بڕوای بە هەموو پێغەمبەران و بەرنامەکانیان هەبێت.

ئەم لێدوانە بووە هۆی ئەوەی کە هانم بدات بە گیانێکی بێ لایەن و دوور لە ڕق و کینە هەوڵی ناسینی ئیسلام بدەم، بۆیە کارەکەم بەجێ هێشت لە (دکا)ی پایتەختی بەنگلادیش، ڕۆشتم بۆ مەڵبەندی ئیسلامی لەندەن، هەر لەوێ خوای پەروەردگار دڵ و ڕۆحمی والا کرد بۆ لێکۆڵینەوەی ئیسلام و ، (سۆفیا ماسترنیالی) بووبە موسڵمانێکی یەکتاپەرست بەناوی (خالدة رحمة الله).

موسڵمان بوونم وەك بێداربوونەوە بوو پاش بێ ئاگایی و لەهۆش خۆچوون، لە هەمان کاتدا زەبرێکی سەخت بوو بۆ لێپرسراوانم کە هیوای زۆریان بەمن بوو کارەکەمان لە بەنگلادش سەرکەوتوو بکەم، من نەخۆش بووم ، بەڵێ.. نەخۆش بووم، ژنە هەژار و نەخۆشەکانی بەنگلادش بەهێزی

ئیمانیان چارەسەریان کردم، پاش ئەوە گەڕامەوە بۆ (دکا)، بۆخزمەتی خەڵك وهەوڵدان بۆئەوەیئەم ئایینە مەزنە هەموودنیا بگرێتەوە.(خوشکان دۆت کەم).

## پیێ فۆگڵ ئیسلامی دۆزییەوە

پیێ فۆگڵ (pierre vogl) کە ئێستا نازناوی (أبوحمزە)ی لە خۆی ناوە، گەنجێکی ئەڵمانی یەو لە ساڵی 1978 لەدایك بووەو لە ساڵی 2002 موسڵمان بووە.

پیێ لە خێزانێکی مەسیحی دا گەورە دەبێت و سەرەتایی و ئامادەیی لە قوتابخانەیەکی سەر بە کڵێسە تەواو دەکات و تا ئەو قۆناغەی تەمەنیشی هەر لەسەر مەسیحییەت پەروەردە دەبێت، پاشان لەگەڵ گەورە بوونیدا زۆر پرسیاری لا دروست دەبێت کە لە ئایینەکەی خۆی دا وەڵامێکی تەواو و دروستی ناگاتە دەست...

ئەمەش وای لێ دەکات کە لە دنیای مەسیحییەت دوور بکەوێتەوە و خۆی بە دوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت،بە تایبەت لە کاتێکدا کە ڕۆژێك قەشەیەك کە وانەی لا دەخوێند پێی ڕادەگەیەنێت کە ئینجیل گۆڕانکاری تێدا کراوە.

( پیێ )هەڵدەستێت بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئایینەکانی تر وەکو جوولەکە و بوذی، بەڵام دڵی هەر ئارامی پێدا نایەت و بەردەوام دەبێت لە گەڕان بە دوای ڕاستیدا، دواجار لە چاو پێکەوتنێکی لەگەڵ ئەندامێکی پارتی مەسیحی توندڕەوی ئەڵمانی (پارتی مەسیحییانی ئەڵمانیای ناوەڕاست) پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەرکی سەرەکی پارتەکەی ئەوەیە کە ئیسلام لە ئەڵمانیا تەشویه بکات و ڕێ لە کردنەوەی مزگەوت بگرێت، ئەمە وا لە پیێ دەکات کە لە ئیسلام بکۆڵێتەوەو بزانێ ئەم ئایینەش چی پێیە بۆ مرۆڤایەتی، بڕیاری



خوای گەورە وابوو کاتێك دەگەڕێتەوەماڵەوە خوشکێکی قورئانێکی تەرجەمەی ئەڵمانی لەلا دەبێت، ئەمیش چەند جارێك قورئانەکە دەخوێنێتەوە و لە وشەکانی قورئان دەکۆڵێتەوە و بیری لێ دەکاتەوە و هەست دەکات کەئەم وشانە هی مرۆڤ نیە وهیچ کتێبێك بەم شێوەیە بەپێزو بەهێز نیە.

دوو ساڵ تێدەپەڕێت و ئەو هەر لە لێکۆڵینەوەدایەو ، وای لێ دێت هەستێت بە نوێژ کردن و باس کردنی ئیسلام بۆ کەسانی تر بێ ئەوەی شەهادەت بێنێت و بە ئاشکرا موسڵمانێتی خۆی ڕاگەیەنێت، تا ئەو کاتەش سەردانی هیچ مزگەوتێکی نەکردبووە.

ڕۆژێك بەبۆنەی هاوڕێیەکییەوە ناچار دەبێت کە بچێتە مزگەوتەوە، دوای نوێژ کردن پیاوێکی پیر لەناو مزگەوتەکە دەپرسێت: تۆ تاکە موسڵمانی لەناو خێزانەکەتدا؟

پیێ خورپەیەك بە دڵیدا دێت چونکە تاکو ئێستا شایەتمانی نەهێناوە و موسڵمانێتی خۆی ڕانەگەیاندووە، پاش کەمێك وەڵامی پیاوەکە دەداتەوە و دەڵێت:بەڵێ هەر من موسڵمانم (أشهد أن لااله الاالله وأن محمداً رسول الله).

بەم شێوەیە أبوحمزە ڕێی ڕاستی ئیسلام دەدۆزێتەوە و دەڵێت: تەنها لە ئیسلامدا وەڵام وەردەگریت کە بۆچی دێیتە دنیاوە و هۆی دروست بوونی ئەم بوونەوەر و گەردوونە چییە.. ئەوەی بە دوای ڕاستیدا بگەڕێت ڕێی ئیسلام دەدۆزێتەوە، پاشان أبو حمزە دەچێت بۆ سعودیە و (3) ساڵ لەسەر ئیسلام دەخوێنێت و فێری زمانی عەرەبی دەبێت و هەر لەو کاتەوە خۆی تەرخان دەکات بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە پیرۆزە و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان.

چەندین وانە و موحازەراتی هەیە لەسەر بابەتی هەمەجۆر بە ڕوونکردنەوەیەکی ئیسلامیانە لە زانکۆکانی ئەڵمانیا، هەر لەو کاتەوە چەندین

کەس لەسەر دەستیدا موسڵمان بوون، زیاتریش خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەو گەنجانەی کە بەناو موسڵمانن بەڵام ڕێی ئیسلامیان ون کردووە و هەوڵیان لەگەڵ دەدات تاکو بگەڕێنەوە بۆ سەر ڕێگا ڕاستەکەی. وانەکانیشی دەتوانرێت بە زمانی ئەڵمانی لە سایتی (www.diewahrereligion.de) ببینرێت و گوێ بیست بێت.

(خوشکان دۆت کەم).

## دکتۆر کای لوهر چۆن موسڵمان دەبێت!

دکتۆر کای لوهری ئەڵمانی کە پزیشکێکی گشتییە، لە کاتێکدا لەگەڵ هاوسەرەکەیدا گەشتێك بەرەو دوبەی دەکەن، دەچن بۆ لای ئیبراهیم ناجی کە موراجعێکی عەرەب بوو بۆ چارەسەر کاتی خۆی هاتبووە لای ، ئیبراهیمیش بانگهێشتی خۆی و هاوسەرەکەی دەکات بۆ ماڵەوە بۆ ئێوارەخوانێك.

دکتۆر لوهر و خێزانەکەی (کاترین) زۆر بە خۆشحاڵییەوە بەرەو ماڵی ئیبراهیم دەکەونە ڕێ، لەدوای بەخێر هاتنیان پێیان دەڵێن ئەم ئێوارەیە تەنها باس لە ئیسلام دەکەین، (کای) لەو کاتەدا تۆزێك دڵگران دەبێت و دەڵێت لە دڵی خۆیدا من خۆم بۆ ئێوارەیەکی خۆش ئامادە کردبوو بەڵام وا دیارە بە پێچەوانەوەیە، چونکە وەك زۆربەی ئەو کەسانە کە لە ئیسلام نازانن دڵی پڕ لە گومان و شك دەبێت لە بەرامبەر ئیسلام.

دەست دەکەن بە پرسیار کردن دەربارەی ئیسلام و ئەو پرسیارانەی کە لە ئایینی مەسیحییەت دا وەڵامی نییە، شایەنی باسە دکتۆر کای مەسیحییەکی باوەڕدار دەبێت تا ئەو کاتە، لە کۆتایی ئێوارەکەدا کای لوهر هەست دەکات کە ئەم ئێوارەیە خۆشترین ئێوارەی ژیانی بووە، چونکە هیچ کاتێك وا ئازادانە نەیتوانیوە پرسیار و وەڵامی گونجاو وەرگرێت.



بۆ ڕۆژی دوایی دکتۆر کای و خاتو کاترین بە یەکتر دەڵێن کە دوێنێ شەو دەرگایەکی نوێ لە ژیانیاندا کرایەوە کە بێ ئاگا بوون لێی، لەبەرئەوە بەردەوام دەبن لەسەر لێکۆڵینەوە لەسەر ئیسلام و دوای ماوەیەکی کەم لەساڵی (2005ز) داهەردووکیان موسڵمان دەبن و، زۆر سەرسام دەبن بەو ئیعجازە زانستییانەی لە قورئان دا هەن.

شایەنی باسە دکتۆر کای لە ڕەمەزاندا هەموو قورئانی پیرۆزی بە دەنگی خۆی بە تەرجەمەی ئەڵمانییەوە تۆمار کردووە و بەوشێوەیە دەتوانرێت بگات بە دەستی هەموو کەسێك، هەروەها کتێبێکی لەگەڵ هاوسەرەکەی کاترین بەناوی ئیسلام چییە دەرکردووە بە زمانی ئەڵمانی بۆ ئەو کەسانەی کە موسڵمان نین.

دکتۆر کای دەڵێت (43) ساڵ مەسیحی بووم نەم دەزانی خوای گەورە چی لە ئێمە دەوێت و چی حەڵاڵە و چی حەرامە، دوای مردن چی چاوەڕێمانە، بەهەشت چۆنە و دۆزەخ چۆنە... بەڵام سوپاس بۆ خوا لە ئیسلام دا وەڵامی ئەم پرسیارانەم هەمووی وەرگرت، هەروەها دەڵێت: گەورەیی ئیسلام و خۆشیەکەی لەوەدایە کە وەك مەسیحییەك واز لە دینەکەت ناهێنی بەڵکو بە ئیسلام بوونت دینەکەت تەواو دەکەیت ئەو کەلێنە پڕ دەکەیتەوە کە هەتە.

دکتۆر کای لەگەڵ أبو حمزە سایتی (www.diewahrereligion.de) دەبەن بەڕێوە کە سایتێکە زۆر کاری دەعەوی لەخۆ گرتووە. هەمان سەرچاوە.

### ئەنالیندا و گەشتێك بەرەو نوور

ئەنالیندا دەڵێت: من لە دایك و باوکێکی ئایسلەندی ـ دانیمارکیم و لە ساڵی 1966 لە ریکجافیك لەدایك بووم، من منداڵ بووم کە خێزانەکەمان

کۆچی بۆ کەنەدا و پاشتریش بۆ شاری نیویۆرك کرد.. لە تەمەنی 16 ساڵی دا خوێندنی دواناوەندیم تەواو کرد، و لە ساڵی 1988دا بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسم لە زانکۆی مەکگیڵ ی مۆنکریالی کەنەدا بەدەست هێنا..

لەوکاتەوە من گەشت بە دەوری دنیادا دەکەم، بۆ لێکۆڵینەوە و بۆ کارکردن و، لە ساڵی 1990یشەوە دانیمارك بووەتە بنکەی نیشتەجێ بوونم، لە ساڵی 1997دا کاتێ کە زمانی عەرەبیم لە زانکۆی قاهیرەدا دەخوێند ـ کچە ئینگلیزێکی مەسیحی هاوەڵم ئینجیلێکی بە هەردوو سەردەمی کۆن و نوێوە بۆ کڕیم و پێشکەشی کردم، وزۆر پێی دڵخۆش بووم، چونکە من بڕیارم دابوو کە پێویستم بەوە هەیە ناوەرۆکی ئینجیل و بابەتەکانی بزانم، بۆیە هەستم بەوە دەکرد کە زۆر زەحمەتە من بە خۆم بڵێم: مەسیحی بێ ئەوەی بە وردی ئینجیل بخوێنمەوە.

لە ساڵی 1988و کاتێ لە زانکۆی دیمەشق دەمخوێند، هەموو ئینجیلم خوێندەوە، لە بەرگەوە بۆ بەرگ، لەکاتی خوێندنەوەیدا تێبینییەکانی خۆمم تۆمار کرد، و کاتێ لە خوێندنەوەی بوومەوە دەرکەم کرد کە نەسازییەکی زۆری تێدایەو ، وەك وەسفی خوا و باس کردنی ئافرەت .. ئەمە بێ ئەوەی باسی هەموو ئەوانە بکەم کە پۆڵس لە سەردەمی نوێ (ئینجیل) دا نووسیبووی.

کاتێ لە بارەی پیاوە پیرۆزەکانەوە (پێغەمبەران سڵاویان لێ بێت) وەك نوح و لوط و داود.... تاد. بابەتەکانم دەخوێندەوە هەستم دەکرد کە من بێ ڕێزم بەرامبەریان، لە سەردەمی دێرین (العهد القدیم ـ تەورات)دا زۆر موسام خۆش دەویست و موعجەب بووم پێی و، لەسەردەمی نوێیش (العهد الجدید ـ ئینجیل)دا موعجەب بووم بە عیسا سڵاوی خودایان لێ بێت ...



زۆر بە پتەوی باوەڕم بە خودا هەبوو: کاتێ لە خوێندنەوەی تەورات بوومەوە، ویستم تەلموودێکی تەواوی جووەکان بە دەست بێنم، بەڵام بێ سوود بوو نەمتوانی، هەمیشە دەمبیست جوو دان نانێن بە جوولەکە بوونی هەرکەسێك ببێت بە جوولەکە، چونکە یەکێك دایکی جوو نەبێت بە جوولەکە حساب نیە .

من ئایینێکم دەویست باوەشی بۆ خەڵکی کراوە بێت، ماوەیەکیش لە بارەی بوودایییەوە خەریکی خوێندنەوە بووم، بۆم دەرکەوت کە ئەویش بۆ من ناشێ، چونکە بوودییەکان باوەڕیان بە خودا نییە، منیش زۆر باوەڕم بەخوا هەبووە و هەیە، من و دایکم عادەتمان بەوەوە گرتبوو لەبارەی هندۆسییەوە موناقەشە بکەین.. لەبەرئەوە زۆر بایەخم پێ دەدا، بەڵام هندۆسییەکانیش خوای زۆریان هەبوو، لەبەرئەوە بڕیارم دا ئیتر لەو بارەوە باس و خواسێکم نەبێ، لە واقیعیشدا تۆ ناتوانیت بچیتە ناو هندۆسییەوە..

کاتێ ئەندرێ عومەری کوڕم لە ئۆکتۆبەری 2001دا لەدایك بوو، لە خۆمم پرسی: ئایا لە ئاوی هەڵژەنم، یان نەء؟ لەویادا ڕەفزم کرد و هەستم دەکرد: منداڵانی بێ تاوان حەتمەن دەچنە بەهەشتەوە، لە ئاو هەڵبژەنرێن یان نەء؟! بەهەر حاڵ بیرم لەوە دەکردەوە کە لەگەڵ ئەوەدا من لە خێزانێکی پرۆتستانتیدا پێگەشتووم و گەورە بووم، باوەڕم بەو مەسیحییەتە نییە کە هەیە، ئیتر چۆن منداڵەکەی خۆم پێشکەش بەو ئایینە بکەم؟! هەرگیز باوەڕم بە سێبوون نەبوو، باوەڕم بەوە نەبوو کە مەریەم دایکی خواو، عیسا کوڕی خوا بێت، باوەڕیشم بەوە نەبوو کە هەڵواسینی عیسا و لە خاچدانی لەبەر پاکردنەوەی ئێمە بووبێت و، هەرگیز باوەڕم بەو هاوارەی عیسا نەبوو کە لەسەر خاچەکەوە گوایا گوتبێتی: ئەی خوایە! ئەی خوایە! بۆ بەجێم دێڵیت و وازم لێ دێنیت؟ لە

کاتێکا ئەگەر بۆ پاکردنەوەی ئێمە بوایە دەبوایە بیزانیایە کە ئەو پێغەمبەرێکە و ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە..

وا پەروەردە کرابووم کە زۆر ڕقم لە ئیسلام و موسڵمانان بێت، ئەمە ڕاستییەکە و دەبێ پێی لێ بنێم.. لە هەمان کاتیشدا دوژمنی عەرەب بووم، پێش ئەوەی بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی بڕۆمە قاهیرە (تەنها حەزم لە خەتی جوانی عەرەبی بوو)، ناهەقم مەگرن، چونکە من لە ئەمریکا گەورە بووم، هەمیشە فیلمە ئەمریکییەکان وا وێنەی عەرەب نیشان دەدەن کە خەڵکێکی خراپن و، ئافرەت دەچەوسێننەوەو، دیندارێکی دەمارگیر و تۆقێنەرن و، ئینسانێکی سروشتی نین و، خەڵکێکن زیرەکییان سنووردارە..

**هاوسەرگیری**: لە ساڵی 1999دا بۆ کارکردن لە یەکێ لە سەفارەتخانەکاندا گەڕامەوە بۆ دیمەشق و، هەر لەوێ لە ساڵی 2000دا چاوم بە ئەندازیارێکی موسڵمان کەوت بە ناوی موهەننەد و، لەگەڵ یەکتر ئاشنا بووین و، پاش ماوەیەکی کەم بە ڕەسمی بووینە هاوسەر... لە دانیمارك و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، خەڵکێکی زۆرم لە موسڵمانان بینی بوو، وەك حەقیقەتێك لە ژیانی خۆمدا زۆر کەسی تریشم لە چاك و خراپ و لە یەهوودی و مەسیحی و موسڵمانان و بوودی و هیندۆسی بینی بوو.. بەڵام سەیر ئەوە بوو پێم وابوو هەموو ئەو موسڵمانانەی من بینیومن نوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن، وە لە هەر کاتێکدا پرسیارێکم لە بارەی ئیسلامەوە ئاڕاستەی موسڵمانێك کردبێت، شتێك بووەتە سیخورمەیەك بۆم، لەوانەیە بڵێم لەهەر کەسێکم پرسی بێت، ئیدیعای ئەوەی کردووە کە ئاگادارییەکی باشی لە بارەی ئیسلامەوە هەیە، تەنانەت ئەوانەش کە زانیاری هەڵەیان پێدەدام هەروەك لە دواییدا بۆم دەرکەوت، باشتر وابوو تەنها بیان وتایە: (نازانم)!، یان (لێی دڵنیا نیم)!.



من هەرگیز حوکمم بەسەر مەسیحییەت یا هەر ئایینێکی تر نەداوە لە ڕواڵەتی شوێن کەوتووانییەوە، سەیر ئەوە بوو هەر عەرەبێکم ببینیایە، لە هەڵس و کەوتی ئەوەوە حوکمم بەسەر ئیسلامدا ئەدا.. لەگەڵ ئەوەشدا کە عەرەبەکان هەموویان موسڵمان نین، بەڵکو پرۆستانت و کاسۆلیکی و جوولەکە و قیبتییان تێدایە، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە بەشی زۆری موسڵمانان عەرەب نین، وەك موسڵمانانی ئەندەنوسیاو، مالیزیاو، چین و، هیند و، ڕووسیا و ، ئەمریکاو، سوید و، ئەفریقا و،....هتد.

وا پێگەیەنرا بووم، کە تەنها بەسەر لایەکدا خۆم دانەبڕم، کەچی لە بەرامبەر ئیسلامەوە وانەبووم، کاتێکی زۆری ویست، تا دەرکم پێ کرد.. تەنها لە پاش سەعاتێکی دیاریکراو لە وتوێژ و ئاخاوتن (هەندێ کاتیش دەگەیشتە هەرا و جیدال)، لەگەڵ مێردەکەمدا، بە ئەندازەیەکی پێویست هۆشم کرایەوە و گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە من وێنەیەکی تەواو و هەمەلایەنەی ئیسلامم لانەبووە..

**لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی قورئان**، ڕەمەزانی ساڵی 2002 لە مانگی تشرینی دووەمدا بوو داوام لە موهەننەد کرد، ئەگەر بۆی بلوێ یارمەتیم بدات ـ چونکە کاتی کەم بوو ـ بۆ ئەوەی قورئان بە عەرەبی و بە یارمەتی تەرجومەیەکی باش بخوێنمەوە، کاتێ قورئانم خوێندەوە، بیرم لێ دەکردەوە کە چەند جوانە، زانستیە و بەسۆزە و ڕێزی لە ئافرەت گرتووە، من لەوەو پێش هەر کتێبێکم لەبارەی ئیسلامەوە دەخوێندەوە لەلایەن نا موسڵمانانەوە نوسرابوون، وە ئیسلامیان بە شێوەیەکی سەلبی پیشان دەدا.. ئەوانەی کە لە دژی ئیسلامیان دەنوسی هەندێ کات بە پچڕ پچڕی نموونەکانی قورئانیان پێشکەش دەکرد، بەشێکیان لە ئایەتەکە دەخستە پێش چاو وە بەشەکەی تریان

دەشاردەوە، یان بە شێوەیەکی هەڵـە تەرجومـەیان دەکـرد، لەبـەر مەبەسـتێکی خۆیان یان بێ مەبەست، مـن بـە ئەندازەیـەکی پێویـست لـە زمـانی عەرەبیـدا شارەزاییم پەیدا کردبوو، تا ئەوەی بزانم کە ئەو قورئانەی دەیخوێنمەوە لە هـیچ کتێبێك ناچێت تـا ئێـستا مـن لـە ژیانمـدا خوێندبێتمـەوە، زانیارییـەکی زۆرو، ئامـاژەی زانـستی تیایـە، وەك باسـی زەوی ناسـی و، زانیـاری دەریاکـان و زەریاکان، و کۆرپەلە ناسی، و بنەچەی ژیانی کردووە...

ئەی خوایە! من هەمیشە دەمبیست کە قورئان نوسخەیەکی کۆپی کـراوی ئینجیلە، بەڵام هیچ یەکێك لەمانە لە ئینجیلدا نییە، زۆر بـە سەرسـامییەوە لـە خۆمم دەپرسی: چۆن مرۆڤێك پێش هەزار و چوار سەد ساڵ ئەمانـە بزانێـت و بیان نوسێت؟! لـە کاتێکـدا زۆر لـەم شـتانە لـە سـەردەمی خۆمانـدا نـەبێت نەزانراوە!

ئالەویادا بیرم کـردەوە، تـۆ بڵێیـت ئەمـە بـەهۆی زانایـانی گـەردوونی و بیرکاری و جوگرافیازانی عەرەبەکانەوە نـەبووبێت، بـەڵام کـە بـە قـووڵی بـۆ مەسەلەکە ڕۆچووم، دیتم هیچ زانایەك لەوانە لـەناو عـەرەبی پـێش ئیـسلامدا نەبوون، و ئەو شۆڕشە زانیارییە لە دوای هاتنی ئیسلامەوە دروست بووە، پاش ئەوە خوێندمەوە کە موسـڵمانان باوەڕیـان وایـە جـوبرەئیلی فریـشتە لەلایـەن خواوە قورئانی بە وەحی بـۆ پێغەمبـەر محمـد (د.خ) هێنـاوە، و ئـەم قورئانـەش بەردەوام بوونە بۆ ﴿کلمة الله العلیا﴾.(مامۆستا حەسەنی پێنجوێنی).

## لە فاتیکانەوە بۆ ئەزهەر

ئیدریس تۆفیق کەهەنوتی لەڕۆما خوێندووەوئێستا تەمەنی لە چل سـاڵێ زیاترە وپاش ئەوەی گومانی لە بیروڕاکەی دا بـۆ درووسـت دەبێت،دێـت بـۆ



شاری غەردەقە کە دەکەوێتە سەر دەریای سوور لە میسر بۆ پشوودان، پاشـان دەچێ بۆ قـاهیرە لـەوێ هەڵـسوکەوتی موسـڵمانان کـاری تێـدەکات و کـە دەگەڕێتەوە بەریتانیا ئەبێتە مامۆستای دواناوەندی و وانەی ئایین دەڵێتەوە .

پـاش کارەسـاتی 11ی سـێبتەمبەر زیـاتر دیراسـەی ئیـسلام دەکـات و،چاویـشی دەکـەوێت بـە یوسـف ئیـسلام و پێـی دەڵێـت : کەسـێك چـۆن موسڵمان دەبێت ؟؟ ئەویش دەڵێت :بەشـایەتمان کـەخواتاك و تەنهایـەو محمـد پێغەمبەری خوایە ،وە پێنج نوێژی ڕۆژانەو ڕۆژووی ڕەمەزان .

ئەمیش دەڵێت : جامن کێشەم نیە لە تاك و تەنهایی خـواداو ڕەمـەزانیش لەگەڵ قوتابیە موسڵمانەکانمدا بەڕۆژوو بووم .

یوسف ئیسلام وتی :دەی کەوایە بۆ موسڵمان نابیت ؟؟

ئەویش وتی : جارێ بڕیارم نەداوە .

ئیتر ئەوەندەی نەبرد بانگی دا و موسڵمانان ڕیز بـوون بـۆ نوێـژکردن و، ئەویش کە لەدوای ڕیزەکانەوە دانیشتبوو زۆرگریا و بـە خـۆی وت ئـەم خـۆ خەڵەتانە تاکەی ؟

بەڕاستی موسڵمانبوون بریتیە لـە گەڕانـەوە ، گەڕانـەوە بـۆ فـیترەت ، ئەمیش فیترەت هەڵدەبژێرێو لە ئەزهەر موسڵمانبوونی خۆی ڕادەگەیـەنێت و ناوی خۆی دەکات بە ئیـدریس تۆفیـق وئەکەوێتـە بانگـەواز کـردن وئەمـەش سایتەکەیەتی www.idristawfiq.com.

ناوبراو دەڵێت :دەتوانرێت زۆر بە ڕێگەیەکی ئاسان ئیسلام پێشکەش بـە خەڵك بکرێت و بەڕاستی کێشمەکێش نیە لە نێوان شارسـتانیەکاندا و ئیـسلام بە خێرایی بڵاودەبێتەوەو ساڵانە سەد هەزار ئەمریکی موسڵمان دەبن و ئیـسلام

دینێك نیه هەر یەکشەممان بۆی بچیتە کەنیسە بەڵکو دینێکە هەموو بوارێکی ژیان دەگرێتەوە .

## واقیعی جیهانی ئیسلامی

جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆ لە سەرەتای تەوبە و پەشیمانی و گەڕانەوەیدایە بۆلای خوای گەورە، ئەویش لە چەند ڕوویەکەوە:

لە ناو جیهانی ئیسلامی دا بزوتنەوە و بانگەشەیەك هەیە کە ویژدانی موسڵمانان ئەورووژێنێت و بانگەشەیان ئەکات بۆ گەڕانەوە بۆ ئەم ئایینە بە شێوەیەکی پاك و بێگەرد و ڕوون. ئەو هەست و ویژدانە زیندووەی لەم ئوممەتەدایە، ئەو کۆمەڵە تەعبیری لێ دەکەن و لێکی ئەدەنەوە کە بە هەق هەڵگری ئەم ئایینەن و کۆمەڵی سەرکەوتوون،و بەهیچ شێوەیەك ئیمان و باوەڕیان لەق نابێت و لانادات هەرچەندە ئەوانی تریش لابدەن. ئەگەرچی زۆرێك لەم ئوممەتە لە ڕێگەی ڕاستی خۆی لابدات و لەگەڵ تەوژمی نەفامیدا بڕوات، ئەوان هەر بەردەوامن و جێگرن لەسەر بیروباوەڕی ڕاستەقینەی ئیسلام و لە لۆمەی لۆمەکەران ناترسن و بە هیچ شێوەیەك پاشگەز نابنەوە، ئەوانە ئەو کۆمەڵەن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ)هەواڵی پێ داوین لە بارەیانەوە و دەفەرموێت: ﴿لاتزال طائفة من امتي على الحق منصورة لايضرهم مَن خالفهم حتى يأتي أمر الله﴾

ئەم ئوممەتە بە هیچ شێوەیەك نامرێت و لەناو ناچێت، چونکە هۆکارەکانی ژیانەوەی تێدایە، هەر کاتێك تەوبەی کرد و گەڕایەوە بۆ لای خوا، بەڵگە نەویستە کە خوای گەورە سەربەرزی پێ ئەبەخشێت.



خالێکی تر ئەوەیە کە چەندە ڕۆژئاوا ڕۆ بچێ لە ملهوڕی دا و هەنگاو بەرەو ڕووخان و داڕمان بنێت بە تایبەت لە بواری ئەخلاق و ڕەوشت و بەها بەرزەکانی مرۆڤ، بە ئەندازەی ئەوە موسڵمانان عیزەت و سەربەرزی یان زیاتر دەبێت بە ئایینەکەیان و زیاتر خۆیانی پێوە پابەند دەکەن و دەیکەنە قەڵغانێك بۆ پاراستنیان لەو داڕمان و تیا چوونەی ئەورروپای گرتۆتەوە، وە ئەمە بەبەراورد لەگەڵ گشت گەلانی تری دنیاشەوە هەر ڕاستە چەندە ناتەواوی و کەلێن لەم ژیار و شارستانێتیەی ئەمڕۆدا دەرکەون، ئەوەندە موسڵمانان زیاتر هەست بە سەربەرزی دەکەن و پابەند بوونیان بە ئایینەکەیانەوە پتەوتر و بەهێزتر دەبێت، ڕەفزی شوێن کەوتوویی و گوێ لەمشتی و پابەند بوون بەو شارستانێتی یە ئیفلاس بووەوە دەکەن کە خاوەنەکانی بانگەشەی ئیفلاسیان لێداوە، سەر سوڕمان و وون بوون و شەقاوەت و نەگبەتی خۆیان دەربڕیوە.

ئەوەش کە زیاتر و زیاتر مژدەدەرە بە خێر و چاکە ئەوەیە کە سەرچاوەکانی ئەم ڕابوون و تەوبە کردنە لە چاوگەکەیەوە هەڵقوڵاون و سوپاس بۆ خوا هیچ لێڵی‌یەکیان تێدا نیە، گەڕانەوەیەك بۆ سەرچاوە بنەڕەتی یەکان وەك کتاب و سوننەت و ژیانی پێشینە چاکەکانمان.

لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان و بە زمانە جیاجیاکان، ئوممەتی ئیسلام دەستی کردووە بەوەی کە بزانێت پێگە و مەوقعی لە کوێدایە و ئەو سەرچاوە ڕاستەقینە چییە کە پێویستە لەوێوە خاڵی دەست پێکردنی پیادە بکات و هەنگاوی بۆ بنێت؟ وە بە یارمەتی خوای گەورە نەتیجە و دەرەنجام هەر بە دەست دێنێت.

## ژیاری ڕۆژئاوا

کێ جڵەوی داهاتووی بە دەستە لەم جیهانەدا کە شەپۆل ئەدات و شێواوە بە ڕووداو و گۆڕانکاری و مەسەلە گرنگەکان؟

ئەم هەسارەی ئێمە وای لێهاتووە بۆتە شانۆ و مەڵبەندی باس کردن و ڕا گۆڕینەوە! بۆتە گۆڕەپانێك بۆ چەندەها بیروڕای جۆراوجۆرو شەڕ و پێکادانێکی بەردەوام. دەی کێ لە کۆتاییدا سەرفراز دەبێت و سەرکەوتن بە دەست دێنێت؟

پێش ئەوەی قسە لەسەر داهاتوو بکرێت، پێویستە ئاوڕێك لە ئێستەمان بدەینەوە و بیخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، چونکە ئێستە ڕێگەیەکە بۆ شارەزا بوون لە داهاتوو، بەڵکو لە ڕاستیدا بەشێکە لە داهاتوو، چونکە سەرەتاکەیەتی کە لێیەوە دەست پێ دەکات، کەواتە پێویستمان بە تێڕوانین و ڕامانێکە بۆ ئێستەمان کە تێیدا دەژین.

کێ جڵەوی مرۆڤایەتی بە دەستەوەیە ئەمرۆ؟

کێ فەرمان دەکات بەسەر مرۆڤایەتی دا ئەمرۆ؟

کێ زاڵ و سەرکەوتووە ـ ئەگەر بە ڕووکەشیش بێت ـ بەسەر ئەم هەسارەدا؟

با لێرەوە هەنگاو هەڵگرین بەرەو داهاتوو، بۆ کێ ئەبێت، غەیب و پەنهان هەر لای خوای گەورەیە، بەڵام خوا هەندێ ڕێ و شوێنی داناوە لەم بونەوەرەدا کە ئەگەر هەر کەس لێیان ورد بێتەوە و سەرنجیان بدات و چاو ڕۆشنیەیەکی هەبێت بۆ داهاتوو، تێدەگات کە داهاتوو بۆ کێ ئەبێت.

ئاشکرایە کە ئەو ژیار و شارستانێتی یەی ئەمڕۆ بەرقەرارە و لە ئارادایە و زاڵ و سەرکەوتووە ژیاری ڕۆژئاوایە، جا ئێمە کاتێك قسە لە ژیار و شارستانێتی ڕۆژئاوا دەکەین، مەبەستیشمان پێی ئەو درێژبوونەوە سروشتی و



هزرییەی شارستانێتی ڕۆژئاوایە واتە: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و هەموو ئەو وڵاتانەش کە لەژێر ئاڵای ئەم شارستانێتیەوەن و لە بازنەی ئەودا دەخولێنەوە.

## نیشانەکانی ڕمانی ژیاری ڕۆژئاوا

ئێمە لە ڕووی عاتیفە و سۆزەوە قسە ناکەین یان تەنها گەشبینی یەك بێت و بەس، بەڵکو لەڕووی تێڕوانین و وردبوونەوە لە دەقە شەرعییەکانەوە ئەدوێین، کە بێگومان بەسن بۆ ئەوەی باوەڕمان دابمەزرێت و متمانەی تەواومان لادروست ببێت پێویستمان بە سەرچاوەی تر نەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی بیرۆکەکە ڕوونتر و ئاشکراتر بخەینە ڕوو، با تێڕوانینێکی بێ لایەنانە ڕوو بە مەنهەج و پەیڕەوی ژیری ڕووت بکەین لە کاتێکدا ئێمە باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەین.

برتراند رسل دەڵێت: (بەڕاستی ڕۆڵی پیاوە سپی یەکە تەواو بووە )، پێش ئەویش کۆمەڵە کتێب و بابەتێك نوسراون کە کەسانی خاوەن ژیری و تێگەشتن و بیرمەند لە کۆمەڵگەی ئەورووپیدا نوسیویانە، کەسانێکی ڕەشبین و بێئاگا نەبوون بەڵکو فەیلەسوف و عەبقەرییەکانی ڕۆژئاوا خۆیان لەسەر شارستانێتی خۆیان نوسیویانە و قسەیان لەسەر کردووە و چارەنووسی ئەم شارستانێتیەیان خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە ڕۆشنترینی ئەو کتێبانەی لەم بوارەدا نوسراون، کتێبێکە کە لە بیستەکانی پێشوودا نوسراوە، ئەویش بە ناوی (تدهور الحضارة الغربية ـ دارمانی ژیاری ڕۆژئاوا) ئەم کتێبە کتێبێکی گەورەیە و خۆی لە سێ بەرگدا دەبینێتەوە و فەیلەسوف و بیریاری ئەڵمانی (أوزوالد اشبنجلر) نوسیویەتی و ئەحمەد ئەلشەیبانی کردوویەتی بە عەرەبی، کورتەی ئەوەی لەو کتێبەدا هاتووە ئەوەیە: کۆمەڵێك دیاردە و ئاماژەو نیشانە هەن کە ئەگەر لە هەر ژیار و

شارستانێتیەکدا دەرکەوتن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەو شارستانێتیە بەرەوخوار ئەبێتەوە و ئەڕوخێت و چارەنووسی ڕوو لە هەڵدێرە.

ئەم فەیلەسوف و بیرمەندە لێکۆڵینەوە و دیراسەی گشت شارستانێتییەکانی کردووە وەك شارستانێتی مەجووسیو یۆنانیو ڕۆمانی و تا ڕادەیەك ژیار و شارستانێتی ئیسلامی کە بە شارستانێتی عەرەبی ناوی بردووە، ئینجا بەوردی ژیاری ڕۆژئاوای دیراسە کردووە، بینیویەتی کە هیچ هۆکارێك لە هۆکارەکانی ڕووخان و داڕمان و ڕووخانی هیچ شارستانێتییەك نەبووە لە مێژوودا کە لەم شارستانێتی ڕۆژئاوایەدا بەدی نەکردبێت.

هەروەها زۆرێك لە ئەدیبەکانی ئەورووپاش دیراسەی ئەم دیاردەیەیان کردووە، بۆ نموونە (جۆرج نۆروێل)، نەك هەر ئەوبەڵکو چینێك لە ئەدیبەکانی ڕۆژئاوا پەیدا بوون کە کۆڵن ویڵسن بە چینی بێ ئینتیماکان (اللامنتمی) ناویان ئەبات، ئەمانە کۆمەڵێك ئەدیب و ڕۆشنبیرن لە سوێد و نەرویج و بەریتانیا و فەڕەنسا و وڵاتانی تریش، ڕەش بینن بە داهاتووی شارستانێتی ڕۆژئاوا و هەموویان وریاییان داوە کە ئەم شارستانێتییە بە شێوەیەکی ترسناك بەرەو ڕووخان دەچێت.

لەگەڵ ئەوەدا کە زۆرێك بابەت و مەسەلە هەن ئاماژەن بۆ ڕووخان و بەدواوە هاتنی ژیاری ڕۆژئاوا، بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بۆ کێشەیەك دەکەین کە لەوانەیە جێگەی سەرسوڕمانتان بێت، کە بەڕاستی جێی ئەوەیە لەسەری بوەستین.

شبنجلر دەڵێت: کاتێك سەیری گشت شارستانێتییەکانم کردو ورد سەرنجم دان، بینیم کە هۆکارێکی هاوبەش هەیە لە گشتیاندا کە بۆتە هۆی داڕمان و ڕووخان و پووکانەوەیان.



ئەڵێت:( ئەگەر ژن چووە دەرەوەو ماڵی بەجێ هێشت- وازی لە ڕۆڵی خۆی هێنا وەك دایك- بۆ ئەوەی کاربکات و تێکەڵاوی پیاو ببێت و کەوتە مونافەسە و پێشبڕکێ لە کارێکدا کە پیاوانی بۆ دروست کراوە و کاری ئەوانە، ئەمە بێگومان هۆکاری داڕمان و ڕووخانی شارسانێتییەکانە).

هەروەها ئەڵێت:( ئەم هۆکارە لە شارستانێتی یۆناندا بووەو لە شارستانێتیڕۆمانیدا بووەو لە شارستانێتی مەجوسیدا بووەو ئێستاش بە تەواوی لە شارستانێتی ڕۆژئاوادا هەیە و بەرجەستەیە). شبنجلر ئەم دێڕانەی لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا نووسیوە، پێش ئەوەی کە حاڵی ژنانی ڕۆژئاوا وەك ئێستای لێ بێت.

شارستانێتیی ڕۆمانی کاتێك ڕووخاو نەما کە شانۆکانی ڕۆمان لە چڵەپۆپەی هێزو توانایاندا بوون و تێکەڵاوی پیاوو ژن گەیشتبووە چڵەپۆپەی چالاکییەکانی، ئەمە بووە هۆیەك لە هۆیەکانی پووکانەوە و نەمانی، هەروەها شارستانێتیی ئەمڕۆی ڕۆژئاواش بەو شێوەیەیە ،چونکە ئەو نەتەوەیەی کە ژن تیایدا دایکەو وەزیفەی دایکایەتی خۆی ئەبینێت، نەتەوەیەکە کە بەردەوام گەنجێتی و لاوێتی لە تازە بوونەوەدایە .

مێژوونووسی جیهانی بەناوبانگ ئارنۆڵد توینبی کاتێك باسی ئەم کێشەیە دەکات دەڵێت: ( ڕێژەی لەدایك بوون لای موسڵمانەکان دووچەندان یان زیاترە وەك لای ئەوروپاییەکان، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پاش چەند نەوەیەك جیهانی ڕۆژئاوا ئەبنە کەمایەتی بەبەراورد لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا ).

هەروەها توینبی خاڵێکی تریش زیاد دەکات و ئەڵێت: ( مەی و مادده بێهۆشکەرەکان جیهانی ڕۆژئاوا لەناو ئەبەن و تەفرو تونای ئەکەن، لە

کاتێکدا کە جیهانی ئیسلامی وانیە )، جا ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی ڕمان و لەناوچوون.

لەلایەکی ترەوە پێشکەوتنی پیشەسازی و زانستی و تەکنەلۆجی موعجیزە و دەستەوسانکەرییەك نیە کە تەنها نەتەوەیەك بتوانێت بەدی بهێنێت و نەتەوەکانی دیکە لێی بێبەش بن، وەك هەندێ لەڕۆژئاواییەکان گومانیان وایە، زۆرێك لە گەلانی ڕۆژهەڵات توانیویانە کە شارستانێتی ڕۆژئاوا و زانست و تەکنەلۆجیای ڕۆژئاوا لەخۆ بگرن و بتوانن ململانێی تەواوی ڕۆژئاوای پێ بکەن و نەتەوەکانی خۆیانی پێ بەرەو پێش بەرن، بۆ نموونە: (یابان) ئێستا بەتەواوی ململانێی ڕۆژئاوا دەکات و تەنانەت لەناو ماڵی خۆشیاندا غەزویان ئەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وازی لە ئایین و خوو نەریت و ڕەوشتی نەتەوەیی خۆی نەهێناوەو ئایینی بودایی پاراستووە .

هەروەها هەریەك لە هیند و پاکستان بوونە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی و زیاتریش لەوە بەردەوامن لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجی کە ئەمە نهێنی هێز و توانای ڕۆژئاوایە، هەروەها چین وا خەریکە بە ڕووسیا دەگاتەوە و کۆریاش بەرێوەیە، تایوانیش (چینی بچوك) وا ململانێی ئەو نەتەوانە دەکات و بەرەو پێش دەڕوات.

ئەمانە هەمووی دەیسەلمێنن کە پێشکەوتن و زاڵ بوونی زانستی و تەکنەلۆجی ئەو موعجیزە گەورەیە نیە کە گەلانی تر نەتوانن بەدەستی بهێنن و تەنها لەبەر دەستی ڕۆژئاوادا بێت، بەڵکو گەلان و نەتەوەکانی تر بۆیان هەیە کە بەشداری بکەن، سەرەتا فێری ئەبیت و ئەوکات بەشداری ئەکەیت ،ئنجا ململانێ ئەکەیت و،لە کۆتاییدا سەردەکەویت و لەسەر قاچی خۆت دەوەستیت، ئەمە ئێستا بۆتە جێگەی مەترسی جیهانی ڕۆژئاوا و زۆر ترسیان لێ



نیشتووە، بەڵام سونەنەکانی خوای گەورە هیچ کەسێك ناتوانێت پاڵی بنێت وخۆی لێ بەدەر بکا (دەنگی ئیسلام دۆت کوم).

## قەشە ئەمریکیەکان و تاوانی جنسی!

قەشە ئەمریکاییەکان سەر بە تایەفەی کاسۆلیکی لە ساڵی 1950وە تا ئەمرۆ زیاتر لە 11 هەزار تاوانی جنسییان ئەنجام داوە.

ئەبریشەی ئەمریکایی دووپاتی کردەوە کە 4440 قەشە تۆمەتبار کراون بەکاری جنسی ناشەرعی ،واتە 4٪ی ئەو قەشانەی کە سەر بەم ئەبریشەن.

لەلایەکی ترەوە ئەو کۆمەڵانەی کە نوێنەرایەتی ئەوانە دەکەن کە بوونەتە قوربانی جنسی دەڵێن کە ژمارەکە زۆر لەو ڕێژەیە زیاترە کە باس کراوە.

شایەنی باسە کە لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا کەنیسەی کاسۆلیکی لە ئەمریکا تووشی ڕەخنەی زۆر توند بۆتەوە بەهۆی نەگرتنەبەری ڕێ و شوێنی توند دژی ئەو قەشانەی سەر بەم کەنیسەیەن و کاری جنسی نامەحرەم ئەنجام دەدەن، کە زۆربەی هەرە زۆری قوربانی یەکانی دەستی ئەم قەشانە منداڵن.

کاریدینال (بیرناردلۆ) لە بۆستن ناچار بوو دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە بەهۆی ئەو زانیاری یەی کە دزەی کردووە و دەڵێ کە ئەو قەشانەی تۆمەتبار دەکرێن و تۆمەتەکە جێگیر دەبێت لەسەریان لەبری ئەوەی قەدەغەی تەواویان لێ بکرێ مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا نەکەن، هەرچی ئەوەی دژیان دەکرێ ئەوەیە لە کەنیسەیەکەوە بۆ کەنیسەیەکی تر دەگوێزرێنەوە و پاش ماوەیەکیش لە هەمان کەنیسە هەمان شت ڕوو دەداتەوە.

زۆربەی قوربانیەکانی دەستی کەنیسە لەبەر شەرمی خۆیان تا تەمەنیان دەگاتە 40ساڵ قسە ناکەن، ئەوجا باس لەو ئابڕوو چوونانە دەکەن کە قەشەکان بەرامبەریان ئەنجامی داوە.کە ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ ناشرینبوونی

ژیاری ڕۆژئاواو ڕووخانی، چونکە فەسادەکە ئەوەندە تەشەنەی کردووە گەیشتۆتە قەشەکانیشیان .

## دادپەروەریی ئیسلامی

نووسەرێکی بەناوبانگی ڕۆژئاوایی ناوی (ئارسەر فوستلەر)٥، ئەم نووسەرە هەریەك لە شیوعییەت و سەرمایەداری تاقیکردۆتەوەو لە دواییدا کتێبێکی نووسیوەو تێیدا دەڵێت: "زۆرێك لە خەڵکی باسی خراپەکانی شیوعییەت دەکەن و خراپەکانی سەرمایەدارییان لە بیر ئەچێتەوە. وە زۆرێکی دیکەش باس لە خراپییەکانی سەرمایەداری ئەکەن و خراپییەکانی شیوعییەتیان لە یاد ئەچێتەوە. بەڵام من دەڵێم: نەفرەتی خودا لە هەردووکیان بێت." وە دەڵێت: "هەردووك لەو دووانە کەوتوونەتە لێواری ئیفلاس و هەرەسهێنان." ئەمە نوسەرێکی گەورەیە لەسەر ئاستی جیهانی، وا ئەزانم پاداشتی (نۆبڵ)یشی پێ بەخشرا بێت، دەڵێت: هەردووکیان نەفرەت لێکراون و هەردووکیان یەکسانن و هیچ دادپەروەرییەکیان تێدا نییە. کەواتە: کێ خاوەنی دادپەروەرییە؟

دادپەروەریتەنها لای ئەو ئوممەتە ڕەببانیە خواپەرستەیە کە خاوەن شەریعەت و بەرنامەی خواییە و موجامەلە و بگرەو بێنە لەگەڵ هیچ کەسێکدا ناکات، ئەوئوممەتەی کە خەڵکی فێری دادپەروەری کرد.

تەنها دوونموونە دێنینەوە، کە نموونە ئێجگار زۆرن لەسەر دادپەروەری و بەرجەستەبوونی لە ژیانی ئەم ئوممەتەدا.



یەکەم : میسر لە ڕابردوودا لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕۆمانیدا بوو، ڕۆمانەکانیش لەناو خۆیاندا لە دوو چین پێکهاتبوون واتە گەلی ڕۆم خۆیان دوو چین بوون ـ چینی گەورەکان لەگەڵ چینی بەندەو کۆیلەکان. ئنجا چینی کۆیلەکان فەرمانڕەوایی ئەو گەلانەیان دەکرد کە ژێردەستی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ڕۆم بوون وەك میسر و شام.

بەم شێوەیە مرۆڤی میسری کۆیلەی چینی ڕۆمە کۆیلەکان بوو، واتە کۆیلەی کۆیلە بوو، جا چی ڕوویدا کاتێك کە ئەمانە هاتنە ئایینی خواوە و موسڵمان بوون؟

دوای ئەوەی موسڵمانەکان چوونە میسرەوە و ڕزگارییان کرد، کاتێك کوڕی ئەو کەسەی کە میسری ڕزگار کرد، واتە کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەمر هات و زللەیەکی لە کوڕی یەکێك لە قیبتییەکان دا، چی بەدوادا هات و چی ڕووی دا؟

ئەم قیبتییە کە دووجار بەندە بوو لە سەردەمی ڕۆمانییەکاندا، بار دەپێچێتەوە و لە میسرەوە و بەرەو مەدینە بەڕێ ئەکەوێت و دەگاتە لای عومەری کوڕی خطاب و پێی دەڵێت: کوڕی فلان کەس زللەی لێداوم، بالێرەدا واز بێنین لە عەدل و دادپەروەریی عومەر، واز بێنین لەوەی کە ئیسلام بە هیچ شێوەیەك زوڵم و ستەم بە ڕەوا نابینێت و ڕێ نادات کە هیچ کەسێك ستەم لە هیچ کەسێکی تر بکات، هەرچەندە ئەو ستەمکارە گەورە و بە دەسەڵاتیش بێت، چونکە ئەوە تاوانێکی یەکجار گەورەیە و ئیسلام ڕەتی دەکاتەوە، بێینە سەر ئەوەی کە چی وای لەم قیبتییە کرد ڕێگایەکی دوور و درێژ ببڕێت و بێتە لای عومەر و داوای تۆڵەی خۆی بکات، کە چۆن بەبێ تاوان کوڕی دەسەڵاتداری میسر زللەی لێ داوە، لە کاتێکدا کە چەند ساڵێك

لەوەو پێش خۆی و گەورەترین کەسایەتی و ولاتەکەشی بەندەی بەندەکانی ئیمبراتۆرییەتی ڕۆمانی بوون، ئەمەیە ئەو شۆڕش و گۆڕانکارییە گەورەیەی کە ئیسلام کردی و، ئەو دادپەروەرییەی ئیسلام هێنایە بوون و دروستی کرد.

دووەم :سوپای قوتەیبەی کوڕی موسلیمی باهلی کە یەکێك بوو لە گەورە سەرکردەکانی سوپای ئیسلام، زۆر ماندوو دەبن بەدەست خەڵکی سەمەرقەندەوە تا فەتحی دەکەن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە خەڵکەکەی ڕێکەوتن لەگەڵ سوپای ئیسلامدا کە چواردەوری شارەکەیان گرتووە گرێ دەدەن و پاشان دەیشکێنن و غەدر دەکەن، تا وای لێ دێت کە موسڵمانەکان زۆر ماندوو دەبن و کۆمەڵێ کەڵە پیاویان لەدەست دەدەن.

ئینجا قوتەیبە هات هەمان کاری لەگەڵدا کردن، ئەمجارەیان هات ڕێکەوت لەگەڵیاندا، پاش ئەوەی ڕێکەوتنەکە بەسترا و تەواوبوو، قوتەیبە سوور دەیزانی کە ئەمجارەش وەك جارەکانی پێشوو ڕێکەوتنەکە دەشکێنن و دەستپێشکەری دەکەن ، لەبەر ئەوە ئەمجارە ماوەکەی تەواو نەبوو ئەمان دەست پێشکەرییان کرد و هێرشیان کردە سەریان و شارەکەیان گرت و زاڵ بوون بەسەریاندا.

ئالێرەدا دادپەروەری ئیسلام هاتە مەیدان، ئەو دادپەروەرییەی کە بە هیچ شێوەیەك هیچ گەلێك لە گەلانی دنیا نەبینیویەتی و نە پیادەی کردووە و نە باوەڕیشی پێی بووە، زۆر سەیرە چی وادەکات کە موسڵمانان دادپەروەر بن لەکاتێکدا سەرکەوتوون و جڵەوی شەڕ لە دەست ئەوانایە، خۆ دوژمنەکەیان چەندەها جار غەدری لێ کردن و پەیمانەکەیان شکاند، ئەمانیش بە هەمان شێوەی ئەوانیان کرد تاکو ئەمجارە ئەوانە دەست پێشخەری نەکەن، بەڵام نەخێر دادپەروەری‌ئیسلام هیچ جیاوازی‌ناکات لە نێوان موسڵمانان وکەسانی تردا.



وتیان: ئێمە هەر دەبێت بچین بۆ لای خەلیفەی موسڵمانان، تاشکاتیتان لێ بکەین، ئیتر بەرەو خەلیفەی‌موسڵمانان کەوتنە ڕێ،کە ئەوکاتە عومەری‌کوڕی‌عەبدولعەزیز بوو.

وتیان: ئەی عومەر ئێمە پەیمانمان مۆر کرد لەگەڵ سوپاکەی تۆدا و ڕێکەوتنمان لەگەڵ کردن، کەچی غەدریان لێ کردین و پەیمانەکەیان شکاند، وە ئێمە هاتووین شکاتیان لێ بکەین، عومەر ڕووی کردە موسڵمانەکان و وتی: بەو شێوەیە بوون کە ئەوان دەیڵێن؟

موسڵمانەکان وتیان: بەڵێ، وتی: بۆ ئەو کارەتان کردووە؟

وتیان چونکە ئەوان چەند جارێك غەدریان لە ئێمە کردووە و پەیمانەکەیان شکاندووە، ئێمەش وتمان: چاکترین شت بۆ ئەوەی زاڵ بین بەسەریاندا ئەوەیە کە پەیمانیان لەگەڵ مۆر بکەین و پاشان بیشکێنین و ئیتر زاڵ دەبین بەسەریاندا.

وتی: نەخێر، نابێ وا بێت، فەرمانی دا کە سوپاکە بێتە دەرەوە لە شارەکە و پەیمانەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، با دوژمنەکانمان بە ئارەزووی خۆیان درۆ بکەن، با چەندیان پێ دەکرێ غەدر و خیانەت بکەن، ئێمە درۆ ناکەین چونکە ئێمە ئوممەتی عەدل و دادپەروەرین ،ئەگەر ویستمان شەڕیان لەگەڵ بکەین، ئەوا ئاگاداریان دەکەینەوە و پێیان دەڵێین:کە ئاگاداربن و خۆتان ئامادە بکەن، چونکە ئەو پەیمانەی لە نێوان ئێمە و ئێوەدا هەیە تا ماوەی ئەوەندە ئەخوات و ئیتر کاری پێ ناکەین، بە هیچ شێوەیەك نابێت لە کاتی پەیمانەکەدا هەڵکوتینە سەریان، بێ ئەوەی ئاگاداریان بکەینەوە، جا خەڵکەکە سەریان سوڕما لە قسەکانی عومەر و سەرەتا وایانزانی ڕاست ناکات و هەروا بۆ دڵنەواییە، بەڵام کە هاتنەوە بۆ ولاتی خۆیان سەیریان کرد شتەکە تەواوە و

سوپاکە خۆیان دەپێچنەوە بڕۆنە دەرەوە، ئیتر کاتێك ئەمەیان بینی هەموویان بە کۆمەڵ هاتنە ناو ئایینی خوای گەورەوە و حەقیان قەبوڵ کرد، ئیتر ئەو وڵاتە و خەڵکەکەشی بوونە قەڵایەکی پۆڵایین لە قەڵاکانی ئیسلام و هەر بەو شێوەیە مانەوە.( سایتیدەنگی ئیسلام).

**کەناڵی (العربیة) و ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)**

ڕۆژئاوا دەیەوێت بەزۆر هۆکار وێنەی ناشرینی خۆی جوان بکات ،
یەکێ لەم هۆکارانەش کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە بەکرێ گیراوەکانە ..

کارمەندێکی بەڕەچەڵەك لاتینی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، یەکێك لە هەرە گرنگترین ڕاپۆرتە نهێنییەکان سەبارەت بە کەناڵی (العربیة) و ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) دزە پێ دەکات.

ڕاپۆرتەکە چەندین زانیاری گرنگی لەخۆ گرتووە کە تا ساڵی 2005 لە پلەی بەرزی نهێنیدا پۆلێن کراون ولە بنەڕەتدا ئەم ڕاپۆرتە لە سەردەمی کۆلن پاوڵی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکادا ئامادە کراوە و لە 2800 لاپەڕەدا پێشکەش بەو کراوە، بەڵام دواتر کورت کراوەتەوە و پوختەکەی لە 1900 لاپەڕەدا پێشکەش بە کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئێستا کراوە.

لێرەدا ئاماژە بە هەڵبژاردەیەکی ئەو هێندە دەکەین کە ئاشکرا کراوە.

بینەری عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی وا گومان دەبات کە ئامانجی (العربیة) بریتیە لە مونافەسەکردنی (الجزیرة) و پڕوپاگەندە کردن بۆ سیاسەتی سعودیە.

سەرەڕای ئەوەی ڕووبەڕوو بوونەوە و مونافەسەکردنی (الجزیرة) سیاسەتێکی ستراتیژی یە لای کەناڵی (العربیة) بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی بنەڕەتی کەناڵی ناوبراو بە پەیوەندی ئەو دوو کەناڵە و ئەو دوو دەوڵەتەوە ناوەستێت



کە لە خۆیان گرتوون، بەڵکو دوو ئامانجی سەرەکی تر هەیە لە پشت (العربیة)ەوە:

یەکەم: جوانکردنی وێنەی ئەمەریکا لە جیهانی عەرەبیدا (هەرچەندە هەندێ هەواڵ و ڕاپۆرتی تیا پەخش دەکرێت بە پێچەوانەی ئەم ئامانجەوە، بەڵام تەنها بۆ پۆشینی ئامانجە ڕاستەقینەکەیە).

گرنگترین هۆکاری ناڕاستەوخۆش بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە بریتیە لە بەرز ڕاگرتنی بنەما و نموونە و بەهاکانی ئەمەریکا و خۆرئاوا.

دووەم: شێواندنی وێنەی ئیسلام (هەرچەندە هەندێ هەواڵ و ڕاپۆرت پێچەوانەی ئەم ئامانجەن بەڵام ئەمەش دیسان تەنها بۆ چەواشە کردنە).

گرنگترین هۆکاری ناڕاستەوخۆش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بریتیە لە هێرش کردن بۆ سەر بنەما چەسپاوەکان و تەوژم و ڕەوت و هێما و بیرە ئیسلامیە مامناوەندەکان و هەوڵدان بۆ شێواندن و تێکەڵکردنی هەموو بۆچوون و ئەحکامە ئیسلامیەکان، بەجۆرێك هەموو بنەڕەتێکی ئیسلامی بخرێتە ژێر پرسیار و قسە لێکردنەوە و وردە وردە وای لێبکرێت قابیل بە وتووێژ و گۆڕان بێت.

ئەمەش شان بە شانی برێکی زۆر لەو بەرنامانەی بەرەبەرە کاری خۆیان دەکەن کە لەناو دەستەی (العربیة و الشرق الأوسط) بە شێوەیەکی گشتی بوونیان هەیە.

سەبارەت بە ڕۆڵی (العربیة) لە کۆکردنەوە و وروژاندنی جەماوەردا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕاپۆرتەکە دەڵێت:

عەرەبیە پێشەنگ بووە لە گواستنەوەی ڕووداوەکانی توندوتیژی ناو عێراق بەڵام لە دیدو تێڕوانینێکی ئەمریکی یەوە وەك لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

- کەمکردنەوەی ئەو دیمەن و هەواڵانەی باس لە کوشتن و پێکانی عێراقیە مەدەنییەکان دەکات کە لە ئەنجامی هێرشی ئەمریکیەکاندا بەرکەوتوون.
- کەمکردنەوەی ئەو دیمەن و هەواڵانەی باس لە چالاکیەکان و هێرشەکانی گروپەکانی بەرگری دەکات بۆ سەر هێزەکانی هاوپەیمانان، تاوەکو گیانی مەعنەوی و ورەی داگیرکەر بەرز بێت.
- گەورەکردنی ئەو هەواڵانەی باس لە پێکانی عێراقیە مەدەنیەکان دەکات کە لە ئەنجامی چالاکیەکانی بەرگریەوە بەرکەوتوون، بۆ ئەوەی ڕق و کینە لە دڵی خەڵکیدا بەرامبەر بە بەرگری دروست بێت.

گەورەکردنی کردە سەربازیەکانی ئەمریکاو شوێنەواری بۆ سەر بەرگری، بەمەبەستی ڕووخاندنی لایەنی مەعنەوی بەرگری.

نموونەیەك لەم بارەیەوە:

عەرەبیە سەبارەت بەکارە ئابڕوو بەرەکانی ئەمریکا لە ئەبوغرێب، ڕۆژی یەکەمی هەواڵەکە ئەم هەواڵەی وەکو هەواڵێکی بنەڕەتی باس نەکردووە بەڵکو لە 12 کاتژمێری هەواڵەکانی دا هەمیشە لە هەواڵی دووەم یان سێهەمدا باسی کردووە، ئیتر کاتێك بەرپرسانی کەناڵەکە زانیان ئەمان بە عەکسی هەموو کەناڵە هەواڵیەکانی جیهانەوەن کە دەرکەوتنی ئەشکەنجەدان و ئیهانەکانی ئەبوغرێبیان کردبوو بە هەواڵی یەکەم ئەو کات ناچار بوون ئەمانیش بیکەن بە هەواڵی یەکەم.



بەڵام هاوکات هەوڵی دا تا بۆی بکرێت لە بایەخی ئەم کارە قێزەونەی ئەمریکا کەم بکاتەوە، چونکە نەدەکرا بەتەواوی پشت گوێی بخات، ناچار لە ڕۆژانی ئاییندەدا چەندین بەرنامەی لەسەر ئەو توندو تیژیانە بڵاوکردەوە کە ڕژێمی سەدام ئەنجامیان داوە، تاوەکو شەرمەزارییەکەی ئەمریکای پێ داپۆشێت.

هەرچەندە کە بەدواداچوون و ئامارەکان بە ژمارە سەبارەت بە بڕ و جۆری هەواڵەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) تا بەرواری هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی کەنداو بە شان و باڵی سەدام و ڕژێمەکەیدا هەڵی داوەو بەرگری و داکۆکی لە تاوانەکانی کردووە.

هەروەها ڕاپۆرتەکە زۆر وەسفی (العربیة) دەکات کە چۆن توانیویەتی ڕۆڵی گرنگی خۆی ببینێت لە شێوازی مامەڵە کردنیدا لەگەڵ نەیارانی بیری ئەمریکیدا ئەویش بەوەی دەستەی (العربیة و الشرق الأوسط) ئەو جۆرە کەسایەتیانەیان فەرامۆش کردووە و چ کەسایەتیە ئیسلامیەکان بن یان نیشتمانیەکان، بە جۆرێك هیچ ڕووبەرێکیان بۆ تەرخان ناکەن، بەڵکو لیستێکی ڕەشیان هەیە بە تایبەتی بۆ ئەو مامۆستا ئاینیانەی بە شێخەکانی ڕابوون (شیوخ الصحوة) ناسراون، کە بە هیچ جۆرێك بایەخیان پێ نەدرێت هەرچەند هەندێ جار لە تەلەفیزیۆنی ڕەسمی سعودی و کەناڵی (المجد) دا دەردەکەون.

هەروەها لیستی تریان هەیە بۆ چەندین کەسایەتی تر لە غەیری کەنداویش کە بە یەکجاری ڕەتکراونەتەوە، گرنگترینیان بەلای (الراشد) وە – نوسەر لە الشرق الأوسط – بریتیە لە (عبدالباری عطوان) کە بە ڕای (الراشد) میوانداری کردنی ئەو خۆکوشتنە لە پیشەی ڕۆژنامەگەریدا.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە (العربیة و الشرق الأوسط) سەرکەوتووبوون لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ شیعەدا بە نەرمی وەك دەڵێت:

کۆمەڵەکە سەرکەوتوو بوون لە مامەڵەکردنیان بە نەرمی لەگەڵ شیعەدا، سەرەڕای ئەوەی (الراشد) پێشتر بە هۆو بەبێ هۆ هەمیشە هێرشی دەکردە سەریان، بەڵام ئێستا بەلای ئەوەوە بریتین لە سەرکردە شەرعی و میانڕەوو دیموکراتییەکانی عێراق، چونکە پایەیەکی بەهێز بوون لە پشتیوانی کردنی پلانەکانی ئەمریکادا.

بەڵام تا ئێستاش ڕەخنەی ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ڕەوتی سەدر لە عێراق و حزب الله لە لوبنان دەکەن و باسکردنی هەڵەکانیان هەر بەردەوامە، چونکە ئەمریکا لای ئەوان جارێ هەر شەیتانی گەورەیە.

(العربیة و الشرق الأوسط) توانیویانە وەرگری پەیامەکانیان ئاڕاستە بکەن بۆ قسە کردن لەسەر چەندین بابەت کە ئیدارەی ئەمریکی دەیەوێت بیانگۆڕێت لە ناوچەکەدا، ئەمەش لەڕێی بەرنامەی جۆراو جۆرەوە و لە ژێر ناونیشانی ئازادی ڕادەربڕیندا و توانیویانە ئەو بابەتانە بخەنە ژێر گومان و قسە لێکردنەوە کەتا ماوەیەکیش لەمەوبەر لای خەڵکی کەنداو باسکردنیان لە چوارچێوەی هێڵە سوورەکاندا بووە.

بگرە هەندێ جار لە بەرنامەیەکدا کە لە (العربیة) تەرخان کراوە بۆ دەنگدان و ڕاپرسی بینەران چەندەها بابەتی تریش تاووتوێ کراون کە بەشێ نەبووە لە بەرنامەکانی ئەمریکاو بە جۆرێك بە بەرژەوەندی ئەو بشکێتەوە، لەوانە باسی بەکارهێنانی ئەو جۆرە مۆبایلانەی کامێرای ڤیدیۆی تیایەو، ئەمانەو چەندین بابەتی تر.



لەو شتانەش کە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێداوە ئەوەیە ڕایسپاردووە کە بڕی پێنج سەد ملیۆن دۆلار کۆمەك ببەخشرێت بە (العربیة) لە ماوەی 5 ساڵدا کە10٪ بە شێوەی نەقدی بێت و 90٪ بە شێوەی یارمەتی لۆجستی و هونەری و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و ڕیکلام تیایدا.

هۆکاری ئەوەش کە ڕاپۆرتەکە تەنها 5 ساڵی دەست نیشان کردووە بۆ پێدانی ئەوکۆمەکە،دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕاپۆرتەکە پێی وایە تەمەنی خەملێنراوی (العربیة) لە داهاتوودا بریتیە لەو 5 ساڵە، چونکە لە دوای( 2010ز )ەوە میسداقیەتی بە تەواوی لە دەست دەدات و بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێت لای بینەری.

بەڵام سەبارەت بە (الشرق الأوسط) بەبێ ئەوەی ڕاپۆرتەکە ئاماژە بکات بۆ هیچ هۆکارێك پێی وایە کە ئەمیان دەتوانێت بۆ تەمەنێکی درێژتر لەوەی العربیة زیاتر بەردەوام بێت و ڕۆڵی خۆی ببینێت.

**وانەیەك لە کۆچەوە**

پاشەڕۆژ بۆ ئیسلامە ، ئەمەش لە ڕاستیدا هەقیقەتێکی بەڵگەنەویستە ، چونکە ئەگەربەرنامەیەك خوا شایەتی بۆ بدات ،کە گەورەترین و مەزنترین شایەتیە ، دیارە هەموو شتێکیش لەم بوونەوەرەدا شایەتی بۆ ئەدات و سەرەنجامیش هەر بۆ ئەودەبێت ( **قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادةً؟؟؟ قُلِ : اللّهِ شَهِيدٌ بِيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ ، أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللّهِ آلِهَةً أُخْرَى؟؟؟ قُل : لاَّ أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ** )(19) **الانعام** ..

بەرنامەیەکیش خوا پەیمانی پاراستنی دابێت (**إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ** )**الحجر**9،دیارە پارێزراودەبێت ،کەئەمەش مێژوو شایەتەو

رووداوی کۆچیش یەکێکە لە بەڵگەکانی ئەم ڕاستییە هەروەك شاعیرێکی کورد زمان دەڵێت :

خورپە و سۆزی کۆچ

وا زەبرو زەنگ گیف بۆتەوە
وا شەوەزەنگ کۆبۆتەوە
دار الندوة بۆ بڕیارێ
ئاگر لە چاوی دەبارێ
پیرە شەیتان بۆتە کوێخا
لەسەر تاوان ڕێکیان دەخا..

*

ئازیزەکەم، ئەی ڕابەرم
سەروەرەکەم، پێغەمبەرم
وا سۆزی خوێن .. مروەتی خێڵ
زمان، نەریت، لێت بوونە فێڵ

*

شەوی ڕقە، شەوی دەرفەت..
شەوی کۆچە، شەوی غوربەت..
وا شیر تیژە بەهێزەکان
وا میر غەزەبی هۆزەکان
ڕق لە شمشێریان دەچۆڕێ
دڵنیان ... دونیا دەگۆڕێ..
دوا پیلانە .. ئابلۆقەیە..
قوتاربوونت موجیزەیە..

*

ئەمشەو نەڕۆی، ئیدی کەعبە
هەر بتخانەی ستەم ئەبێ



ئەمشەو نەڕۆی، سپاردەکان
هەر چاویان لە دووی تۆ ئەبێ
ئەمشەو نەڕۆی، تاریکستان
چنگ لە بینی شەفەق دەنێ
چرای ئومێدی زەلیلان
بۆ هەمیشە خامۆشەبێ

*

ئەمشەو نەڕۆی، ئیدی یەسریب
نابێتە شاری چراخان
ئەمشەو نەڕۆی، ئەوس و خەزرەج
مەئیوس دەبن لە ڕێگەوبان
بە فیتی جوو نارەی بوعاث
هەردووکیان دەکا ورو کاس
ئەمشەو نەڕۆی، ئیدی یاران
مەحزون.. مەحزون، دەبنە باران
ئەمشەو نەڕۆی، خێڵی مەرحەب
دونیا دەکەنە خوێن و ژان
هەمیشە هەر پەنهان دەبێ
پیلانی ژێر دەمامکیان

*

وا ئەشکەوت و وا ڕێگەوبان
وا ڕەشماڵەکەی ئوم مەعبەد چاوەڕوانن
وا ئازاد و وا کۆیلەکان
وا کچۆڵە تۆقیوەکان چاوەڕوانن
وا گڤەی تیر، شراخەی شیر
وا تەکبیر و خوێنی شەهید چاوەڕوانن
وا ئوحود و بەدر و حونەین

وا تەبوك و وا خەندەق و
سەبر و ئیمان چاوەڕوانن
وا نارەتەی پاڵەوان و
(اللە أعلی و أجل) چاوەڕوانن
وا بەقیع و بیری قەلیب
وا ڕەوی خێڵی سامری چاوەڕوانن
وا هەزاران ئاخی دێرین
ملیارەها ئاواتی ژین
هەزاران ساڵی چاو لە دوو
ملیاران کلۆڵی ونبوو چاوەڕوانن
وا ڕۆما و وا قوستەنتینە
وا کۆشکی سوور
کۆشکی سپی چاوەڕوانن...

*

لە پێشوازی کۆچی خێرا
دونیا هەمووی ئامادەیە
حاڵی ناکاوی جاڕ درا
گەیشتنت سپاردەیە

*

سەفەرت خێر.. بەخێرهاتی
کۆتایی هات قڕ و قاتی
لە خێڵی خۆت کە بێنازی
طَيْبَة دەتکاتە شای ڕازی
بەیعەت بە پیرتەوە دێنێ
لەسەر چاوانی داتدەنێ
سەفەرت خێر.. بەخێرهاتی
خەم ڕۆی، کە تۆی

بانگخوازیی

گوڵ و نوور و ئارام هاتی

**دواوتە**

﴿فَإِذا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنّاً بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاء حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ﴾محمد4

خوای گەورە ئاینەکەی خۆی سەردەخات و سەرکەوتن تەنها لە خواوەیە و،دەشیەوێت ئێمە تاقی بکاتەوە، بۆیە داوای هەوڵ و کۆششمان لێدەکات بۆ ئایینەکەی بە هەموو شێوازێك،تەنانەت ئەگەر پێویستی بە قوربانی دانیش بێت ئەبێ بیدەین وخواش پاداشتمان زایە ناکات ،ئەبێ هەم و غەم بۆ دینی خوا لە پێش هەموو شتێکەوە بێت،بۆ نموونە:

1- مامۆستا موستەفا مەشهور دەرچووی کۆلێژی زانستیەولە ساڵی 1940 دا لەتەمەنی 19 ساڵیدا چووە ڕیزی برایانەوە ولە ساڵی 1945 دا کاتێك داخوازی زوبەیدە خانی ئامۆزای کرد پێی وت : تۆ ئەبێ بزانیت سەربە هەوێ شوودەکەیت، ئامادەبووان هەموو ئەم قسەیەیان لاسەیر بوو ، چۆن تۆ بلێی هاوسەری تری هەبێت ؟ئنجا وتی : من بانگەوازەکەم لە پێش هەموو شتێکەوەیە وئەبێ ڕازی بیت بەوە ، ئەویش وتی :منیش لە خزمەتیادەبم ..

ئەم ئافرەتە پەیمانی خۆی بردەسەرو پشتی گرت و خۆگربوو لە بەردەم نزیکەی 19 ساڵ بەندکردنی بە ناهەقی مێردەکەیدا و،منداڵەکانیشی گەورەکردو،ناوبراویش بەفەزڵی خواو یارمەتی شاژنەکەی گەیشتە ئەوەی لە

1996 دا هەڵبژێردرا بۆ ڕابەرایەتی برایان تا کۆچی دوایی کرد لە2002/11/15دا لەو پۆستەدا بوو .پێگەی القدوة.

2–محمد الفاتح لە لاوێتیدا مامۆستایەکی کوردی هەبوو، هەموو ڕۆژێك شووراکانی قوستەنتینیەی لە دوورەوە پیشان ئەداو ئەوەی تیا چاند کە ڕۆژێك لە ڕۆژان فەتحی بکات،خوا ئاواتەکەی هێنایە دی و فەتحی کرد .

3–دایکی سەلاحەدینیش بە شیری نەبەردی کوڕەکەی گۆش کردوهەر لەمناڵیەوە بە هیوا بوو قودسی بۆ ڕزگار بکات ، نەجمەدینی باوکیشی کە پیاوێکی عەسکەری بوو هەمان هیوای پێی بوو ، بۆیە کە سەلاحەدینی تەمەن پێنج ساڵی بینی لە گەڵ کچە مناڵەکانی گەڕەکدا یاری دەکات،بەرزی کردەوەو دای بەزەویداو وتی: من تۆم بۆ ئەوە نەبووە یاری بکەیت لەگەڵ کچاندا،من تۆم بووە بۆ ئەوەی بەرگری لە قودس بکەیت.ئنجا کەدای بەزەویدا لێی پرسی : ئازارت گەیشت ؟؟ وتی : بەڵێ ! وتی:ئەی بۆ نەگریایت ؟وتی:باوکە گیان ئەو سوارچاکەی قودس ڕزگاربکات نابێ بە کەوتنە خوارەوەیەك بگری!(پێگەی‌اخوان دۆت نێت).

4–هەولێبدە بۆ دینی خواو دڵنیابە کە ﴿فَاللّهُ خَيْرٌ حَافِظاً وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴾یوسف64 هەر خوایە پارێزەروپارێزگار،قورئانخوێنی میسری محمد محمود الطبلاوی باسی ئەزموونی خۆی دەکات لەم بوارەداو دەڵێت:باوکم زۆر دەپاڕایەوە کە خوا کوڕێکی بداتێ کە هەڵگری ئالای قورئان بێت ، خوای گەورەش یەك کوڕی دایە کەمن بووم و قورئانم لەبەرکردو بوومە قورئانخوێن،سەردانی ولاتانم کردووەو لەزۆر بۆنەدا قورئانم خوێندووەو هاوشان لەگەڵ مامۆستا عبدالباسط دا موسڵمانان لەدەنگم ڕازین .



دیارە هەموو کەسێك دۆست ودوژمنی هەیە ، لە پرسەیەکدا قورئانم دەخوێند، قاوەیەکیان بۆ هێنام ولە بەردەمما دایان نا سەرقاڵ بووم و نەم خواردەوە، یەکێکم لەلاوە بوو وتی : مامۆستا قاوەکەت ساردبۆوە، خەریك بوو دەستی بۆ ببەم برادەرێك هات و سەلامی لێکردم و تەوقەی لەگەڵ کردم و قاوەکەم نەخواردەوە، جارێکی تر ویستم دەستی بۆ بەرم هەستم کرد دەستم قورسەودەستم گێڕایەوە، دەستم کردەوە بە قورئان خوێندن، ئەوەی تەنیشتم کەزانی نایخۆمەوە ئەو خواردیەوە، ئەوەندەی نەبرد حاڵی تێکچوو بە پەلە بردیان بۆ خەستەخانە وباشبوو فریای کەوتن ، دوایی بۆمان دەرکەوت کە ناحەزان ژەهریان بۆ تێکردبووم وخوا پاراستمی .(الرواق دۆت نیت).

5–لەهەر بوارێکداو هەرچیت بۆ دەکرێت بیکە بۆ دینی خوا ، یاریزانێکی وەك ئەبوتریکە لە گۆڕەپانی یاریدا توانی دینی خوا سەربخات ، ئەویش بەوەی لەساڵی 2006 دا لەیاری هەڵبژاردەی میسردا لە(کأس امم الافریقیە)دا پاش ئەوەی کە بە(ضربات ی ترجیحی ) یاریەکەیان بردەوە فانیلەکەی داکەند تافانیلەکەی ژێرەوەی دەربکەوێت کە لەسەری نووسرابوو (فداك یارسول الله ).ئەمەش وەلامێك بوو بۆ ئەوانەی کە دژایەتی حەزرەتیان(ﷺ) دە کرد ، بەتایبەت ئەو کاتەی کە وێنە کاریکاتێریەکان بلاوکرایەوە.

6– دڵنیابە ئیسلام تەبایە لەگەڵ زانستداو لەسەدەی 7 تا سەدەی 17ی زایینی دنیا لە موسڵمانانەوە زانست فێردەبوون ، فؤاد سزکین لە( 25 ) موجەلەدا لە ئەڵمانیا ڕۆڵی موسڵمانانی تۆمارکردووە لە بەرەو پێش بردنی زانستدا،جائەگەر بە دەسیسەی دوژمنان ماوەیەك موسڵمانان لە گۆڕەپانەکە دوورکەوتونەتەوە زۆر ئاساییە کە بێنەوە مەیدان ، بەرەتای ئەمەش

دەرکەوتووەو کۆمەڵێکی زۆر لە زانا موسڵمانەکان ئێستا سەرگەرمی دیراساتن و ژمارەیەکی بەرچاو (براءة الاختراع )یان بەدەستهێناوە ،کە ئەمەش مژدەیە بە داهاتوویەکی گەش بۆ ئیسلام لە هەموو بوارێکدا .

7–لە بانگەوازدا پەلەپەل زیاندەگەیەنێت،چونکە کاری بانگخواز ئیشکردنە لەسەر نەفسی بەشەرکە ئەوەش کارێکی ئاسان نیە ، ئەبێت بیروباوەڕ ڕەگ داکوتێت، ئنجا بەرگە دەگرێت و بەروبووم ئەدات ، هەروەك درەختی بامبۆ لە ولاتی چین کەکاتێك تۆوەکەی دەچێنرێت تا چوار ساڵ تەنها چەکەرەیەکی بچووك دەکات وهەر خەریکی ڕەگ داکوتان دەبێت، لەساڵی پێنجەمیشدا ئەکەوێتە بالاّ بەجۆرێك کەلەو ساڵەدا حەوت مەتر بالاّ دەکات.

ئەمەش مانایوانیە بەبیانووی ڕەگ داکوتانەوە خۆ لە بانگەواز بدزرێتەوە،ئەگەر وەك درەختی بامبۆش دەبی باشە چوارساڵ ڕەگ داکوتە بەلاّم بە ساڵێکیش حەوت مەتر بالاّ بکەو هەقیهەر چوار ساڵەکە بکەرەوە.

بائەوەشمان بیرنەچێت کەهیواهەیە بەفەزڵیخوا زووبەرهەم ئەدات،وەك ئەو ئیمانەیکە جادووگەرەکانیفیرعەون هێنایان لەماوەیەکی زۆرکورتدا، کاتیٚ هەق و ڕاستیان بۆ دەرکەوت یەکسەر تەحەددای فیرعەونیان کرد و ئامادەبوون بۆ قوربانی دان .

فیرعەون هەڕەشەی لێکردن و وتی ڕاست و چەپ هەڵتان دەواسم ، ڕەگ و ڕیشەتان دەردێنم ، تەفروتوناتان دەکەم،وتیان چیت لەدەست دێت بیکە، ئێمە تازە بڕوامان بە خوای پەروەردگار هێناوە ﴿ قَالَ آمَنتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ النَّخْلِ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَا أَشَدُّ عَذَاباً وَأَبْقَى ، قَالُوا لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَى مَا جَاءنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالَّذِي فَطَرَنَا فَاقْضِ مَا أَنتَ قَاضٍ إِنَّمَا تَقْضِي



هَذِهِ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ،إِنَّا آمَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَايَانَا وَمَا أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ السِّحْرِ وَاللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَى ﴾طه 71–73 . www.yanabeea.net

8–دڵنیابە دوژمنانی حەزرەت (ﷺ) دوابڕاون، ئەمەش وەعدی خوایە (ان شانئك هو الابتر ). لە بەشەکانی پێشوودا باسی مەریوان هەڵەبجەییمان کرد کە ڕۆژنامەی پێگە لاپەڕەیەکی تەرخان کرد بەناوی (مەریوانی هەڵەبجەیی یان مەریوانی تەزویر چی ) ؟؟ ئنجا باسی تەزویرکردنی ماوەی خزمەتی دائیرەو باسی تەزویرکردنی بڕوانامە دەکات کە خۆی بڕوانامەی ناوەندی هەیەو کردویەتی بە بڕوانامەی شەشی ئامادەیی .

هەروەها بەرنامەیەکی کەناڵی فارسی ئەمریکی (کانال جدید) لە 2008/1/14 دا وتی :کە ئەو پەڕاوەی مەریوان کە بەناوی (سێکس وشەرع وژن)بلاّوی کردۆتەوە لەم ساڵانەی دواییداخۆی نەی نووسیوەو کابرایەکی فارس بەناوی (سیامەك ستودە) لەئەمەریکا لە 2002 دا نووسیویەتی و بلاّوی کردۆتەوەو تەنها ناوی کتێبەکەی گۆڕیوە کە (سیکس ، زن ، در تأریخ)ەو ناوی نووسەرەکەشی کردووە بەناوی خۆی .

شایانی باسە کەچەند نووسەرێك وەلاّمیان دایەوەو پەردەیان لەسەر درۆکانی هەڵماڵیوەك (عمر کمال دەروێش) لەکتێبی(نەزانی و بێشەرمی بەشێك لە چەواشەکاریەکانی مەریوان هەڵەبجەیی )دا،هەروەها (سەرابەکان نابنە کانی) (دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی ).

مەریوان درۆی لەگەڵ ئەورووپیەکانیش کرد تا مافی پەنابەرێتی بدەنیٚ و وتی:گوایە ئەگەر بچێتەوە کوردستان لە سێدارەی ئەدەن و،چەند وێنەی دەروێشیشی بردبوو گوایە ئەوانەش ویستوویانە سەری ببڕن ؟؟ (سایتی یەکگرتوو ).

9-- ئامانجی خۆت دیاری بکەو بەبەرنامە کاربکە،وەگەرنا دوو تیپ بێنە بەرچاوت کە سەرقاڵی دووگۆڵێن و لە پڕ چەند کەسێك شیشی گۆڵەکان لابەرێت، (هدف) نەما،چی دەقەومێت؟؟کەس نازانێ ئامانجی چییە و یارییەکەش مانای نامێنێت.

ئازیزان، زنجیرەی بەرەو ئیسلام بەو هیوایەی سوودتان وەرگرتبێت وبنە بانگخوازی نەسرەوتی بۆ خوا سوڵحاو،بەو خوایەتان دەسپێرێ کە سپاردە زایە ناکاو هەرئەو باشترین پارێزەرمانە ﴿فَاللّهُ خَيْرٌ حَافِظاً وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴾یوسف64 ..